حەیدەر عەبدولڕەحمان

# شکسپیر لەسینەمادا

2021

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوكردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی هەولێر
ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوكردنەوەی

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

| | |
|---|---|
| ناوی كتێب | : شكسپیر لەسینەمادا |
| نووسەر | : حەیدەر عەبدولڕەحمان |
| بابەت | : سینەما |
| نەخشەسازی ناوەرۆك و بەرگ | : شاخەوان جەعفەر |
| تیراژ | : ٥٠٠ دانە |
| چاپ | : چاپی یەكەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠٢١ |
| نرخ | : ٣٠٠٠ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان/ هەرێمی كوردستان
ژمارەی سپاردن، (٣٩٧)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە

مافی چاپكردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوكردنەوەی هەولێر

هەولێر - گەڕەكی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٥٨٥٤٢٧

شکسپیر گەورەترین نووسەری جەماوەریی جیهانە، گرنگ نیە بەچ زمانێک دەخوێنێتەوەو قسە دەکا، ئەو لە ئیتاڵیا بلیمەتە، وەک چۆن لە ئەڵمانیاو فەرەنساو چین بەهەمان شێوەیە، بۆیە من بڕوام بەوە هەیە، کە شتێکی تر لەزمانی ئاخافتنی ئەودا هەیە، هەر ئەو شتەیە دەیکات بەو مرۆڤە مەزنە.
ئەو بەڕاستی کەسێکی بلیمەتەو هەرگیز کەسێکی ئاسایی نیە، لەگوزارشت کردن لەمرۆڤ و هەڵوێستەکانی.

**فرانکۆ زیڤرللی**

## دەستپێك:

جـاران شکسـپیری مەزنـم تەنهـا وەک شـانۆکارێک دەناسـی و دەمزانـی ئـەو کەڵـە بلیمەتـە، کاتـێ هاتۆتـە دنیـا بـۆ ئـەوە هاتـووە، تـا ئـەو هەسـارەیە لەبوونـدا مابێـت، تـا ئەبـەد هەگبـەی خـۆی لـەو دنیایـەدا هەڵبـدەدات و ئەگـەر هەمـوو مرۆڤایەتـی لێـی دەرچـن، ئـەو هەرگیـزاو هەرگیـز لێـی دەرناچێـت. چونکـە شکسـپیر نەبێـت هیـچ بنیادەمێکـی دیکـەی خـودا نەبـووە، ئـەو هەمـوو زەمەنـە دوورو درێـژە لەسـەر شـانۆکانی جیهـان لەرۆژهـەڵات و رۆژ ئـاواو ئەمریـکاو هەمـوو پارچەیەکـی سـەر ئـەو گـۆی ی زەمینـە بەردەوامـی هەبێـت، داهێنەرێـک بێـت بـۆ هەمـوو هونـەرەکان و کەسـایەتیەک بێـت بـۆ هەمـوو گەلانـی دنیـاو پاڵەوانێـک بێـت بـۆ هەمـوو زەمەنـەکان.

بـەڵام دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە نەخێـر جگـە لەناوداریەتـی ئـەو لەبـواری شـانۆدا، ئەوەنـدەی شـانۆ، شکسـپیر ناوداریەتـی و هـەواداری خـۆی هەیـە لەبـواری سـینەمادا، ئـەم سـینەمایە درێـژەی بەمانـەوەی شکسـپیر

داوەو ڕۆحێکی تری بەشکسپیر بەخشیووە بۆ زیندوو بوونەوەو بەردەوام بوون.

ئەوە نزیکەی سەدەیەک دەبێت، هەر لەگەڵ پەیدا بوونی سینەما، تێکستە شانۆییەکانی شکسپیر، بوونەتە ڕەهەندێکی بەپێزی کاری سینەمایی و ئەمڕۆکە بەسەدان کۆمپانیاو بەرهەم هێنەرو دەرهێنەرو ئەکتەری جیهانیی، کار لەشاکارە مەزنەکانی شکسپیر دەکەن بۆ سینەما.

ئەوەتا لەدەستپێکی ئەو سەدەیەدا، ژمارەیەکی ئێجگار زۆری فیلمی بێدەنگ دەربارەی شاکارەکانی شکسپیر کراون بەفیلم، ئەو ئاوێزان بوونەی نێوان شانۆو سینەما بەوە دەستی پێکرد، کاتێ هەندێ دیمەنی شانۆیی، بۆ تۆمار کردنی نواندنی ئەکتەرەکان وەک دیکۆمێنت تۆمار دەکران، دواتر تەواوی شانۆگەریەکان دەکران بەفیلم وەک خۆیان، ئینجا دەرهێنەرکان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیکی سینەمایی، هەوڵیاندا سوود لەتراژیدیاکانی شکسپیر وەربگرن و سەرلەنوێ و هەر دەرهێنەرێک و بەدیدو تێڕوانین و تەکنیک و فانتازیای خۆی، ئەو تێکستانەی شکسپیریان وەک سینەما بەرهەم هێنا.

ئەم ئەزموونە دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورەی لەلایەن دەرهێنەرو کۆمپانیاکانەوە بەدەست هێناو جەماوەرێکی زۆری ڕاکێشایە بەر پەنجەرەکانی پلیت

بڕین، هانی بەرهەم هێنەرەکانی تریشی دا، ئەوانیش کار لەشاکارەکانی شکسپیر بکەن، بەمە قەوارەی بەرهەمە سینەماییەکانی شکسپیر خۆی زیاتر لەدوو هەزار فیلم دا، لەفیلمی بێدەنگ و فیلمی دیکۆمێنتی و فیلمی ئەنیمێشن و فیلمی داستانی .

زۆر لەبینەرانی ئەو فیلمانە ئاشنایەتیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ شکسپیردا نەبوو، وەک نەوەی نوێ، بەڵام ئەوان بوون بەنەوەیەکی نوێ ی شکسپیرو لەرێگەی ئەو فیلمانەوە بەشکسپیر سەرسام بوون، ئەمە وای کرد، هەوادارانی شکسپیر لەهەردوو بواری شانۆو سینەمادا ببنە هەوادارێکی بێ وێنە لەمێژوودا، لەرووی ژمارەوە.

من ئەو دنیایەی سینەمای شکسپیرم لەهونەری کوردی دا بەدنیاییێکی نامۆ زانی، دەمزانی هێشتا کەسانێکی ئێجگار زۆر هەن لەکۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا ئەوەندەی شکسپیریان وەک شانۆکار ناسیووە، ئەوەندە ئاگایان لەدیوەکەی تری بەرهەمەکانی شکسپیر نەبووە وەک سینەما.

ئەمە وای لێکردم، بۆماوەیەکی دوورو درێژ دەربارەی هونەرو بەرهەمە سینەماییەکانی شکسپیر بگەڕێم، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی کتێبخانەی کوردی لەبواری شکسپیرو سینەمادا پڕ کەینەوە.

ئەو هەوڵـە بچووکـەی منیش بەهـۆی کەمـی سـەرچاوەوە هەوڵێکــی ئاســان نەبــوو، بــەڵام ســوورٍ بوونــم لەســەر ئەنجامدانی پرۆژەکـە و پەرۆشـی زۆرم بۆ بابەتەکە، کۆڵـی پـێ نـەدام بـۆ ئـەوەی بـە نەفەسـێکی درێـژو هەنـگاو بـە هەنـگاو بەردەوامـی بـەو پرۆژەیـە بـدەم ..

هیـوادارم توانیبێـتم تیشـکم خسـتبێتە سـەر لایەنێکی گرنگ لەبەهـرە و بلیمەتیەکانـی شکسـپیری مـەزن و خزمەتێکیشـم پێشـکەش بەکتێبخانـەی کـوردی کردبێـت لـەم بارەیـەوە.

**حەیدەر عەبدولڕەحمان**

**٢٠٢١**

## پەیوەندی نێوان شانۆو سینەما

دوو فاکتەری هەرە گرنگ هەن بۆ مکۆم بوونی پەیوەندی نێوان سینەماو شانۆ بریتین لە:

یەکەم: پەیوەندی جوان بینی لەنێوان هەردوو هونەردا.

دووهەمییان: پەیوەست بوونی تێکستە شانۆیی و سیناریۆ سینەماییەکان بەیەکترەوە.

دەستپێکی ئەو پەیوەندییەی نێوان سینەما بەشانۆوە دەگەڕێتەوە بۆسالانی سەرهەڵدانی سینەما، لەوێوە ئەو دوو هونەرە پێکەوە نەشوو نوومایان کردووە، لەدەستپێکیشدا بەفیلمی بێدەنگو تۆمار کردنی دیمەنە شانۆییەکان بەکامێرا بۆ بەرهەم هێنانی فیلمی دیکۆمێنتکاری لەنمایشە شانۆییەکانەوە.

ئەکتەری ناسراوی فەرەنسی(سارە برنار) لەم بارەیەوە دەڵێ:

تۆمارکردنی هەندێ لەم فیلمانە بەئامانجی بەدیکۆمێنت کردن و تۆمارکردنی نواندنی گەورەی هەندێ لەئەکتەرە بلیمەتەکان بووە، بۆئەوەی وەک دیکۆمێنت هەڵی بگرن و

لەژیانـی هونـەری خۆیانـدا وەک شـانازییەک بیپارێـزن، بـەڵام لەگـەڵ بەدەنگـەوە هاتنـی فیلـم، مـەودای ئـەو پەیوەندییـەو ئامانجەکانـی زۆر لەوەنـدە زێتـر تەشـەنەیان سـەندو هێڵێکـی هاوبـەش لەنێـوان سـینەماو شـانۆدا دروسـت بـوو بەنـاوی (وشـەی بینـراو)

هەمیشـە لەگـەڵ بـەردەوام بـوون و بـەرەو پێشـەوەچوونی ئــەو دوو هونــەرە زەبەلاحــەی دنیــا، پرســیارێک لەنێــو هەوادارانـی سـینەماو شـانۆدا سـەرهەڵدەدا ئەویـش ئەوەیـە، ئاخــۆ لەئاکامــدا ســینەما یــان شــانۆ کامییــان لەبەرامبــەر ئــەوی تریانـدا چـۆک دەدەن؟

هــەر خۆیــان دوای شــیکردنەوەو تێڕامانێکـی کـەم دەگەنـە ئەنجــام و دەڵێــن: هەردوکییــان بەیەکــەوە هەنــو بەیەکــەوە چێــژ بەژیــان دەبەخشــن، هیچیــان ناتوانــن چــۆک بــەوی تریانــدا بــدەن، چونکــە هەردوکیــان بوونەتــە پارچەیــەک لەژیانــی ســەرجەم مرۆڤایەتــی و ناتوانیــن بەهیــچ کلۆجــێ دەســت بــەرداری هیــچ کام لــەوان بیــن.

پرسـیارێکی دیکـە ئەوەیـە، ئایـا هونەرمەنـدە داهێنـەرەکان چـۆن دەتوانـن ئـەو دوو هونـەرە ئاوێزانـی یەکتـر بکـەن و هــەردوو هونــەر لــەرووی داهێنانــەوە ســوود لەیەکتــر ببینــن.

ئەمـڕۆ نیـە سـینەما سـوودی لەشـانۆ وەرگرتـووە، دێـر زەمانێکــە گــەورە ســینەماکارەکان شــانۆگەرییە بەپێــزە جیهانییەکانیــان خســتۆتە تــوێی ســینەما، لــەو نێوەندەشــدا پشــکی شــێر بــەر شکســپیر و شــانۆگەرییەکانی کەوتــووە.

بۆیــە ولیــەم شکســپیر وەک چــۆن پادشــای شــانۆی جیهانیی بووە و تـا ئەبـەد لەسـەر عەرشـی ئـەو پاشـایەتیەدا دەمێنێتــەوە، بەهەمــان شــێوەش ئەســتێرەیەکی هــەرە درەوشــاوەی بــواری سینەماشــە و خــاوەن هەوادارێکــی ئێجگار زۆرە لەهەمـوو جیهانـدا، ئەگەرچـی ڕەنگـە زۆرینـەی ئـەو هەوادارانـە شـانۆگەرییەکانی شکسـپرییان هـەر نەدیبێ، زۆر لــەوان بــێ ئاگابــن لەمێــژووی ئەدەبــی جیهانیــی و بلیمەتەکانــی، یــا لەوکەســە ســادانە بــن کەشــتێکی ئەوتــۆ دەربــارەی رابــووردووی مرۆڤایەتــی نەزانــن، تەنهــا بــۆکات بەســەربردن روو لەســینەما بکــەن، بــەڵام بــەو ســادەییەی خۆشیانەوە باسی هاملیت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ (جرتۆلد) ی دایکــی و کلۆدیوســی مامــی و ئۆڤیلیــای خۆشەویســتی و چۆنیەتــی تۆڵــە ســەندنەوەی هاملێتــت بــۆ دەکــەن.

خــۆ ئەگــەر پرســی ئەڤینــداری و ســۆزداریش لەگــۆڕێ بێت، ئـەوە هەمیشـە سـەربوردەی رۆمیۆو جولێتیـان لەسـەر زارە، وەک خۆشەویسـتیەکی رۆمانسـی نەمـر بـۆ سـەرجەم مرۆڤایەتــی.

هــەر لەتــەوەری شکســپیرو ســینەمادا پرســیاری ئــەوەش دێتــە ئــاراوە، ئاخــۆ هــۆی چیــە گــەورە بەرهــەم هێنــەرو دەرهێنــەرەکان، زێتــر لەنووســەرە بلیمەتەکانــی دیکــەی دنیــا بـەو پەرۆشـیە روویـان لەشـانۆگەرییەکانی شکسـپیر کردووە بــۆ ســینەما؟

ئایــا فاکتەرەکانــی راکێشــانی ئــەو دەرهێنەرانــە ئایدیــاو

فەلسەفە تراژیدیاکانی شکسپیرن کە لەسەردەمی خۆیاندا و تا بەمرۆ دەگات لەناو هەموو کۆمەڵگاکاندا ئامادەییان هەبووەو خواستی خەڵکین؟

یاخود تێکستەکان خۆیان زەمینەیەکی لەباربوونە بۆ دروست کردنی فیلم؟

خۆراستە شکسپیر لەبەرهەمەکانیدا گەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی وروژاندووە، لەکێشەکانی کۆمەڵگەی ئەو ساتەی مرۆڤ کە تائەمرۆ و تا بنیادەم لەسەر گویێ ی ئەم هەسارەیەدا مابێت هەر دەمێنن، بەتایبەت کێشەکانی وەک رق، خۆشەویستی، دەسەڵات، غیرە، تەماعکاری، خیانەت، چاوچنۆکی، لەخۆ بایی بوون، بەخیلی، تۆڵە سەندنەوەو دەیان پرسی تر.

شکسپیر لەوەدا زاناو دانا بووە کە دەست نیشانی یەکە یەکەی ئەو کێشە مرۆییانەی کردووە، هەموویانی خستۆتە قالبێکی درامی سەرنج راکێش، کەسایەتیەکانی کردووە بەنموونەی ئەو کەسانەی دروست کەری ئەو کێشانەن، هەمان ئەو کێشانەو ئەو کەسایەتیانە، هەمان ئەو نەخۆشییانەی وەک ئاوێنە بەتراژیدیاو کۆمێدیاکانیەوە، نیشانی کۆمەڵگاکە خۆی داوەتەوە.

ئەمە هۆکاری هۆگر بوونی بینەرو خوێنەر بووە بەبەرهەمە بەچێژەکانی.

شکسپیر بۆ دارشتنی هەموو ئەو رووداوو بەسەرهاتانە، سودێکی زۆری لەکولتوورو مێژوو ئەفسانەو چیرۆکی زۆر

لەگەلانــی دنیــا وەرگرتــووە، بــەو شــێوە درامیــە کاریگــەرە هاوچاخــە جیهانیــە دایڕشــتوونەتەوە، کەهەمــوو جیهــان بگرێتــەوەو وابەســتەی پارچــە جوگرافیاییێکــی دیــاری کــراوی ئەم جیهانـە نەبێت، یـا تایبـەت نەبێت بەگەلێکـی دیـاری کراوی ئــەو دنیایــە، ئەمەیــە نهێنــی بەجیهــان بوونیــی شکســپیر و مانـەوەی ئەبـەدی لەسـەر ئـەو عەرشـە بەتوانسـت و دەسـەڵات و بلیمەتــی خــۆی داگیــری کــردووەو بــۆ هیــچ بنیادەمێکــی تــر لەجیهانـدا بەجێـی ناهێڵـێ تـا ئـەو دنیایـە مابێـت.

جگــە لــەوەش هەمیشــە شکســپیر بــەدوای ئــەو توخمانــەدا وێـڵ بـووە کەبینـەر دەکەنـە هاوبەشـی کێشـەکان و لەرێگـەی یەکــێ لــەو پرســە مرۆییانــەی بــژاری کــردوون، بینــەری گەڕاندۆتــەوە بــۆ ســەر کێشــە مرۆییــە رەســەنەکانی خــۆی و لەگــەڵ وروژاندنیــان هەســتی کــردووە کــە ئــەو یەکــێ لــە کارەکتەرەکانیەتــی.

بەمــەش مــەودای ئاوێــزان بوونــی بینــەرو تێکســتی لێکتــر نزیــک کردۆتــەوە، کــە تێیــدا بینــەر تەنهــا تەماشــاکەرێک نەبێـت لـەکارە شـانۆییەکاندا بەڵکـو بینـەر رەگەزێـک بێـت لەرەگەزەکانـی بونیاتـی شـانۆیی و گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی.

هەمـان ئـەو فاکتـەرە وروژێنەرانـەی لەشـانۆدا هـەن، هەمـان ئــەو فاکتەرانــە بوونەتــە هــۆکار بــۆ لێــک نزیــک بوونــەوەی بینــەر بەبەرهەمــە ســینەماییەکانی شکســپیر لەســینەمادا.

لەدەســتپێکدا ئــەو فیلمــە بێدەنگــەی دەرهێنەر(دیفیــد وارک) (راهێنانــی پلنــگ) کەســاڵی ١٩٠٨ لــە نواندنی(فلۆرانــس

لۆرانــس) بەرهــەم هاتــووە، ســەرکەوتووترین فیلــم بــووە لەســەردەمی ســینەمای بێدەنــگ، کــە لەشــانۆگەرییەکانی شکســپیرەوە وەرگیرابــن.

لەسیەکان و چلەکاندا چەند بەرهەمێکی دیکەی وەک (رۆمیۆ و جولێت) لەدەرهێنانی (جۆرج کوکور)ساڵی ١٩٣٦، هەروەها فیلمــی(وەک ئــارەزوو دەکەیــت) لەدەرهێنانــی دەرهێنــەری بەریتانی(بــول زینــەر) لەنواندنــی (لۆرانــس ئۆلیڤیــە) ئــەو ســەرکەوتنەیان بەدەســت نەهێنــا کــە چاوەڕوانــی لــێ دەکــرا.

هەندێ فیلمی سینەمای بێدەنگ تابەرهەمە سینەماییەکانی جەنگــی جیهانیــی یەکــەم و دواتریــش، ئــەو پێشــوازییەیان نەبــووە کــە پێویســتن بەهــۆی ئــەو کاریگەرییــە شــانۆییەی بەســەر نواندنــی ئەکتەرانــەوە هەبــووە لەســینەمادا، ئەمــەش لەگــەڵ ســیحری کامێــراو وێنــەی ســینەمایی دا هاوکــوف نەبــووە، ئەوەتــا کاتــێ کۆمپانیای(برایانــی وارتــر) ســاڵی ١٩٣٥ بڕیــاری بەرهەمهێنانــی زنجیرەیــەک کاری ســینەماییان دا لەکارەکانی شکسپیر و بەبەرهــەم هێنانی فیلمی (خەونێک لــە نیوەشــەوی هاوێــن دا) دەســتی پێکــرد لەدەرهێنانــی (ماکــس راینهــارد)

بەڵام سەرنەکەوتنی هەندێ لەو بەرهەمانە نەبووە مایەی ســارد بوونــەوەی کۆمپانیــاو ســینەماکاران لەبەرهەمەکانــی شکســپیر، بەڵکــو لەگــەڵ تێپــەڕ بوونــی ســەردەم بایەخــدان بــەو بەرهەمانــە زێتــر لەجــاران دەبوونــە جێگــەی بایــەخ پێپێدانــی ئــەوان.

لەسـەردەمی نوێشـدا، دوای ئـەوەی سـینەما سـاڵی ١٩٢٧ قۆناغـی فیلمـی بێدەنـگ تێپێەڕانـد، گەشەسـەندنێکی زۆری بەخۆیـەوە بینـی.

هـەر لـەو دەسـتپێکەوە، تەنانـەت لەسـەردەمی سـینەمای بێدەنگیشـدا زیـتـر لـە ٥٠٠ کار لەشـاکارە شـانۆییەکانی شکسـپیر کـران بەفیلـم، بـەڵام دوای ئـەوەی فیلمـی بـە دەنـگ هاتـە ئـاراوە، سـاڵی ١٩٢٩ یەکـەم بەرهەمـی سـینەمایی کـە لەشـانۆگەریەکانی شکسـپیر بەبەرهـەم هـات فیلمی(ڕاهێنانـی پلنـگ) بـوو لەدەرهێنانی(سـام تیلـۆر) و نواندنـی دوو لەناودارتریـن ئەکتـەرە ئەمریکیەکانـی وەک(مـاری بیکفـۆرد ودۆگلاس فیربانکـس) ی هاوسـەری بـوون، کەبـوو بەپـڕ بینەرتریـن فیلمـی شکسـپیر لـەو سـەردەمەدا.

ئـەوە بـوو سـینەماکارانی جیهـان بەشـێوەیەکی تایبەتـی، بایەخیـان بەگواسـتنەوەی دەقەکانـی شکسـپیر دا بۆسـینەما، بەسـەدان دەرهێنـەرو سـینەماکار کەوتنـە کارکـردن بـۆ بەرجەسـتە کردنـی شـانۆنامەکان، چەندیـن وڵاتـی جیهـان هەریەکـەو بەفۆرمێـک و سـتایلێک کەوتنـە بـەر بەرهەمهێنانی فیلـم لەسـەر ئـەو شـاکارە گەورانـەی شکسـپیر، لەپێشـەوەیاندا دوو لەسـینەماکارە هـەرە دیارەکانـی دنیـای شکسـپیر بـوون بەپێشـەنگ بـۆ گواسـتنەوەی ئـەو دەقانـە بـۆ سـینەما.

گۆڤاری (تایـم) سـاڵی ١٩٩٧ تۆژینەوەیەکـی دوورو درێـژی دەربـارەی ئـەو گەشەسـەنە لەنـاکاوە بـڵاو کـردەوە لـەو فیلمانـەی لـەکارە شـانۆییەکانی شکسـپیرەوە وەردەگیرێـن،

بەتایبــەت دوای نمایــش کردنــی فیلمی(رۆمیــۆو جولێــت) لــە دەرهێنانــی (بــاز لۆرمــان) و نواندنــی ئەکتــەری لاوی ئــەو کاتــە (لیۆنــاردۆ دی کابریــۆ) .

هــەروا دەرکەوتنــی چەنــد فیلمێکــی دیکــە لــەو دەمــەدا، لەوانــە فیلمــی (هاملێــت) لــە دەرهێنــان و نواندنــی (کینیــس برانــا، فیلمــی (ریتشــاردی ســێیەم) دەرهێنانــی ریتشــارد لۆنکریــن، فیلمــی (ئۆتیللــۆ) دەرهێنانــی (ئۆلیڤــەر بارکــر)، ماکبێــس ـ نواندنــی (جیســۆن، فیلمــی (شــەوی دوانزەهەمیــن) بەنوســخەی بەریتانــی و چەنــد فیلمێکــی تــر.

لــە ســایتی (IMDB) کــە گەورەتریــن ســایتی ئەلەکترۆنیــە بــۆ فیلمــە جیهانییــەکان، دەرکەوتــووە کــە لەئەرشــیفی ئــەو ســایتەدا زیاتــر لــە ٢٠٠٠ کاری ســینەمایی لەشــاکارەکانی شکســپیرەوە وەرگیــراون و کــراون بەفیلمــی ســینەمایی، بەمــەش شکســپیر بەچانســترین نووســەرە لەســەر رووی زەوی دا کــە کارەکانــی بــەو ئاســتە بــەرزە جیهانیــە بکرێــت بەفیلــم.

١.دەرهێنــەرو ئەکتــەرو بەرهــەم هێنــەری گــەورەی بەریتانــی (لۆرانــس ئۆلیڤیــە) لەچلەکانــەوە دەســتی کــردووە بەکارکــردن بۆ سینەماو چەندین بەرهەمی نایابی شکسپیری گواستەوە بۆ سینەما.

هــەر لەچلەکانــەوە(١٩٤٨) هاملێتــی پێشــکەش کــردو خــۆی رۆڵــی ســەرەکی تێدا بینــی و لەپەنــای ئــەو فیلمــەوە خەڵاتــی ئۆســکاری بەدەســت هێنــا، پاشــان زنجیرەیەکــی دیکــەی لــە

شـاکارەکانی شکسـپیر کـرد بەفیلـم، لەوانـە (هنـری پێنجـەم، ریتشـاردی سـێیەم و چەندینـی تـر.

٢.ئەوەی دووهەمیـان دەرهێنـەرو ئەکتـەرو بەرهـەم هێنـەری نـاوداری ئەمریکی(ئۆرسـۆن ویلـز) بـوو، کـە چەندیـن لـە شـاکاری شکسـپیری مەزنـی کـردووە بەفیلـم لەوانە:(ماکبیس ـ ١٩٤٨) (ئۆتیللـۆ ١٩٥٢)

ئەنسـکلۆپیدیاکان ئەوەیـان دەرخسـتووە کـە شکسـپیر خاوەنـی زۆرتریـن ئـەو بەرهەمـە ئەدەبیانەیـە کـە بـۆ سـینەما سـوودییان لـێ وەرگیرابێـت و خـۆی لەزیاتـر لـە ٥٠٠ بەرهەمـی سـینەمایی دەدات. بـەڵام پێگـەی (زانیاریـی سینەمای جیهانیی) لـەو ژمارەیـە زێتـر لەوەنـدە تێدەپەڕێنـێ و پێـی وایـە ئـەو ژمارەیـە لەگـەڵ فیلمـە بێدەنگـەکان دەگاتـە هـەزار بەرهـەم. توێـژەرو رەخنەگـرەکان لـەو دیاردەیەیـان کۆڵیوەتـەوە کەبۆچـی شکسـپیر بۆتـە خاوەنـی ئـەو ژمـارە پێوانەییـە؟

ئـەوان پێیـان وایـە زۆر هـۆکار هـەن، لەوانـە دوو توخمـی هـەرە سـەرەکی هـەن:

یەکەمیـان: بایـەخ دانـی زۆری نووسـەر بەحاڵەتـە درامـی و دەروونیەکانـی کاراکتەرەکانـی، هـەر لـە حاڵەتـە گەورەکانـەوە تابچووکتریـن و ورتریـن حاڵـەت، لەهـەر بابەتێکـدا کـە ئـەو هەڵـی بـژاردووە، کۆمێـدی بێـت یاتراژیدیـا یـا مێژوویـی.

دووهەمیـان: شکسـپیر خـۆی پیـاوی شـانۆ بـووە بەمانـای تـەواو، ئـەو خـۆی لەکاتـی نمایـش کردنـدا دەچـووە نـاو

بینــەرو چاودێــری ئــەو حاڵەتانــەی دەکــرد کــە بینــەری دەوروژاند، بەمــەش ڕەگەزەکانــی خواســتی بینــەری دیــاری دەکــردو دەیزانــی بینــەر چــی دەوێــت، بۆیــە بــۆ ڕۆژی دوایــی دەسکاری دەکردن، بــەو شــێوەیەی عەقڵ و دەروونــی بینــەر ئــارەزووی دەکات.


کــەس بیــری بــۆ ئــەوە نەدەچــوو کــە ڕۆژێ لــەڕۆژان شــانۆگەرییەکانی شــانۆکاری گــەورەی جیهانیــی شکســپیر (١٥٦٤ ـ ١٦١٦) دەبێتــە توخمێکــی بنەڕەتــی بــۆ دەوڵەمەنــد کردنــی ســینەما.

جێگــەی نامۆبــوون نیــە، کــە شکســپیر بلیمەتــی ســەردەمی خــۆی و ســەردەمی ئێمــەو هەمــوو ســەردەمەکانی دوای ئێمــەش بێــت .

شکســپیر هــەر تەنهــا شــاعیر نەبــووە، بەڵکــو بلیمەتێکــی گــەورەی بــواری شــانۆ بــووە، ئــەو شــانۆی بــۆ ئــەوە نەنووســیووە بخوێندرێتــەوە، بەڵکــو بــۆ ئــەوەی نووســیووە خەڵکــی ڕاســتەوخۆ لەســەر شــانۆ لەگەڵیانــدا بهــەژێ.

خــودی خــۆی کاتــێ لەبــەردەم شــانۆگەرییەکانی خــۆی دادەنیشــت و هەســتی بینــەری دەخوێنــدەوە، لــەو نهێنیانــە دەگەیشــت کەبینــەر دەوروژێنــێ و ئــەوەش کــە بینــەر دەڕوخێنێ، بۆیــە لەڕۆژانــی دواتــر هەندێ دیالۆگ و دیمەنــی دەســڕییەوە و هــی تــری لەشــوێنی دا دەنــا، بــەو شــێوەیەی بینــەر لێــی ڕازی بــن ...ئــەم خوێندنــەوەی بــۆ بینــەر توخمێــک بــوو لەتوخمــە کاریگەرەکانــی شکســپیر.

# شکسپیر کێیە؟



ولیەم شکسپیر (١٥٦٤ ــ ١٦١٦) بێ رکابەر بەگەورەترین شانۆنووس لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەژمار دەکرێت، نەک هەر تەنها بۆتە هیمای نیشتمانیی ئینگلیز، بەڵکو بەهۆی شاکارە مرۆییەکانی، بۆتە موڵکی سەراپای مرۆڤایەتی لەهەموو جیهاندا .

ئەوەتــا تاوەکــو ئێستاکەشــی لەگــەڵ دابێــت، دوای تێپــەڕ بوونــی نزیکــەی چــوار ســەد ســاڵ بەســەر ماڵئاوایــی کردنــی، بەرهەمەکانــی تەختــەی شــانۆ جیهانییــەکان دەهەژێنــن وشـانۆگەرییەکانی دەبنە خاوەنی پڕجەماوەرترین و زۆرترین داهــات .

رەخنەگــرەکان وای بۆدەچــن ســیحری هونــەری شکســپیر لەوەدایە کەدرکی بەچۆنیەتی وروژاندنی هەست و ویژدانی بینــەر کــردووە، بەتایبــەت لەشــانۆگەرییە تراژیدییەکانــی، کــە پەردەیــان لــەرووی داســتانە مێژووییەکانــدا لاداوەو باســیان لەململانــێ ی مــرۆڤ کــردووە، لەســەر دەســەڵات و خیانەتکارییــە گەورەکانــی، لەپێنــاو تێــر کردنــی غەریــزەو چاوچنۆکیەکانــی، کــە هەنــدێ جــار ســنووورە مرۆییەکانــی تیپەڕانــدووە بــەرەو وەحشــی گــەری و خۆخــۆری .

ویــڕای هەمــوو ئەمانــەش، شکســپیر خــۆی یەکــێ بــوە لەئارەزوومەندانــی گــوێ گرتــن لــەو تراژیدیــا خوێناویانــەی دەیخوێندنــەوە یــا دەیبیســتن، ئــەو تراژیدیــا مرۆڤایەتیانــە هەمیشــە هانیان داوە بۆ لەئامێز گرتنی قەڵـەم و بەرجەستە کردنیــان بەشــێوەیەکی دراماتۆرگــی کاریگــەر.

بــۆ ئــەو مەبەســتەش ســوودیکی زۆری لەمێــژوو نووســی نــاوداری ئینگلیز(هولتشید) وەرگرتووە کەمێژووی ئینگلتـەراو ئوســکوتلەندای نوســیووەتەوەو باســی لەژیانــی پاشــاکانی کــردووە، لەوانــەش شــانۆگەرییەکانی ماکبیــس، لیــر پاشــا، ســمبلین.

هەروەهـا سـوودی لەکتێبەکانـی مێژوونووسـی ڕۆمانـی (بلـو تـارک) وەرگرتـووە بـۆ نووسـینەوەی شـانۆگەرییەکانی ئەنتۆنیـۆ، کیلـۆ باتـرا.

وێـڕای ئـەو سـەرچاوە بەپێزانـەش، شکسـپیر بەهرەیەکـی کـەم وێنـەی هەبـووە بـۆ خوێندنـەوەی دەروونیـی مـرۆڤ و توانیوویەتـی بەشـێوەیەکی سـایکۆلۆژی بچێتـە ناخـی کاراکتەرەکانـی و ئەقـل و دیـوی نـاوەوەو دەروونـی ئـەو کاراکتەرانـە بـۆ بینـەر ئاشـکرا بـکات، وێـڕای ئـەو بەهـرە شـیعرییەی هەیبـووە کـە وای لێکـردووە زۆر جـوان بینانـە وێنـەو و دیمەنـە مێژوویـی و سـۆزدارییەکان بەشـێوەیەک بەرجەسـتە بـکات، کـە بینـەر تامـەزرۆی بینیـن و گـوێ گرتنیـان بێـت.

زۆربـەی ڕەخنەگـرو توێـژەرەوەکان لەسـەر ئـەوە کۆکـن کەبەرهەمـە شـانۆییەکانی شکسـپیر دابەشـی سـەر چـوار قۆنـاغ دەبـن:

**قۆناغی یەکەم:**

سـاڵانی ١٥٩٠-١٥٩٤ دەگرێتـەوە، چەنـد شـانۆگەرییەکی مێژوویـی لەخـۆ دەگرێـت، لەوانـە (کۆمیدیـای هەڵـەکان، هنری شەشـەم، تیتۆس ئەندرونیکوس، دوو بەڕێز لەفیرۆنـا، خۆشەویسـتی هەوڵێکـی ونبـووە، جـۆن پاشـا، ریتشـاردی سـێیەم)

**قۆناغی دووەم:**

سـاڵانی ١٥٩٥- ١٦٠٠ دەگرێتـەوە، قۆناغـی شـانۆی

گۆرانییـــە، دیارتریـــن قەســـیدەکانی و هەنـــدێ ســـووکە شـــانۆگەری دەگرێتـــەوە، وەک ریتشـــاردی دووەم، خەونێـک لەنیوەشـــەوی هاویـنـدا، بازرگانـــی ڤینیســـیا، لەگـــەڵ چەندیـن لەشـاکارەکانی دیکـەی وەک رۆمیـۆ جولێت، هنـری پێنجـەم، یۆلیـۆس قەیســـەر، زۆربەشـــییان وەرگێڕدراونەتـــە ســـەر چەندیـــن زمانـــی جیهانیـــی .

هەرلـــەو قۆناغـــەدا شکســـپیر شـــانۆگەری (ژنـــە خـــۆش بەزمەکانـــی وندرســـون) ی نووســـیووە.

**قۆناغی سێیەم:**

ساڵانی ١٦٠٠-١٦٠٨ دەگرێتـەوە، بەگرنگترین و بەپێزترین قۆناغـی ژیانـی شکسـپیر دادەندرێـت، کـە تێیـدا ناودارتریـن شـانۆگەرییە تراژیدییەکانـی نوسـیووە، لەوانـە: هاملێـت، ئوتیللـۆ، لیـر پاشـا، ماکبیـس، ئەنتۆنـی، کیلۆباتـرا، بریکلیـز، کریۆلینـس، تیمونـی ئەسـینی کەهەریەکـێ لـەو شـانۆگەریانە زێتـر لـە ١٠ جـار وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی .

قۆناغی چوارەم:

ســاڵانی ١٦٠٩ ــ ١٦١٣ دەگرێتــەوە، کەقۆناغــی کۆتایـی ژیانییەتـی و تێـدا چەندیـن شـانۆگەری نوسـیووە لەوانـە: هنـری هەشـتەم، گەردەلـوول، چیرۆکـی زسـتان، سـمبلین.

لـەو پێودانگـەوە دەکرێ شـانۆگەرییەکانی شکسـپیر دابەشـی سـەر سـێ تـەوەری سـەرەکی بکەیـن، کـە بریتیـن لـە:

تراژیدیاو کۆمیدیا

بابەتی مێژوویی

بابەتی رۆمانسی
لــەو قۆناغانــەدا، ناودارتریــن شــانۆگەری شکســپیر (هاملێــت) ــە کــە شکســپیر ســاڵی ١٦٠١ نووســیبوویەتی و تائێســقان بەنێــو پرســە مرۆییــەکان و هێــزو بــێ دەسەڵاتیشــدا روو چــووە.

لەشــانۆگەری ئەنتۆنــی و کیلۆباتــرا ١٦٠٦ شکســپیر بــاس لەخۆشەویســتی مەحــروم کــراوی سیاســی و ئەخلاقــی نێوان ســەرکردەیەکی رۆمانــی و کیلۆباتــرای شــاژن دەکات، وەک رەخنەگــرەکان دەڵێــن تائێســتا کــەس نەیتوانیــووە وەک شکســپیر بەرجەســتەی ئــەو خۆشەویســتیە بکا بــەو شــێوازە مرۆیــی و جوانکارییــەی کــە شکســپیر لــەو شــانۆگەرییەدا باســی کــردووە

هەروەهــا لەماکبیس دا لــە ســاڵی ١٦٠٦ شکســپیر پیاوێــک شــی دەکاتــەوە کەخــۆی دەداتــە دەســت ئارەزووەکانــی و لەئەنجامــی لاوازی کەســایەتی مرۆیــی خــۆی لەبیــر دەکات، بــۆ بەدیهێنانــی ئــارەزووی بینــەری ئینگلیــزی و تۆمــار کــردن و نیشــاندانی پاڵەوانەکانــی مێــژووی ســاڵانی ١٢٠٠ تــا ١٥٥٠ ی ئــەو وڵاتــەو پەنــد وەرگرتــن لەمێــژوودا، بەتایبــەت لەشــەڕی ناوخۆیــی وڵاتەکەیدا، شکســپیر چەندیــن شــانۆگەری ئەنجــام داوە، لەوانــەش هنــری شەشــەم، پاشــا ریتشــاردی ســێیەم، کــە تێیــدا بــاس لەدەســەڵاتی لاوازی پاشــایەک دەدات بەهــۆی دەبەنگــی هەمــوو دەســەڵاتێکی خــۆی لەدەســت دەدات .

لەڕووی دیالۆگەوە رەخنەگرەکان وای بۆ دەچن جوانترین شانۆگەری شکسپیر شانۆگەری هاملێتە، چونکە لەو شانۆگەرییەدا شکسپیر زۆر پەنای بۆ مۆنۆلۆژە دەروونییەکان بردووە و هەوڵی داوە دیوی ناوەوەی ناخی کاراکتەرەکان بەبینەر ئاشنا بکات، هەروەها ئەو ململانێیەی هاملێت لە ناخی خۆیدا هەیبووە، بەڵام لە ئۆتیللۆدا شکسپیر ویستوویەتی شیکردنەوەیەکی قوڵی دەروونیی سەرکردەیەکی رەش پێست بکات کەدەبێتە قوربانی بەخیلی پێبردنی دەزدەموونەی ژنە دلسۆزە سپی پێستەکەی، لەرێگەی ئەو پیلانە شەرانگێزییەی (یاگۆ) دایدەنێتەوە، بەهۆی قۆرخ کردنی نامۆ بوونی گەورەکەی بەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیت .

بەکورتی دەتوانین شاکارەکانی شکسپیر بەم شێوەیە دیاری بکەین:

**کارە مێژووییەکان:**

زۆرترین شانۆگەرییەکانی شکسپیر لەسەرچاوەو بەسەرهاتە مێژووییەکاندا وەرگیراون، بەتایبەت ژیانی پادشاکان و ململانێی دەسەڵات، لەوانە:

جۆن پاشا، رتشاردی دووەم، هنری چوارەم ـ بەشی یەکەم، هنری چوارەم ـ بەشی دوو، هنری پێنجەم، هنری شەشەم ـ بەشی یەکەم، هنری شەشەم ـ بەشی دووەم، هنری شەشەم، ریتشاردی سێیەم، هنری هەشتەم .

**کارە تراژیدییەکانی:**

رۆمیــۆو جولێــت، کوریولانــوس، تیتــۆس ئەندرۆنیکــوس، تیمــون ئەســینی، یولیــۆس قەیســەر، ماکبیــس، هاملیــت، ترویلــوس وکریســیدا، لیــر پاشــا.

وێــڕای ئەوانــە شکســپیر چەنــد شــاکارێکی دیکــەی هەیــە لەوانــە: خەونێــک لەنیوەشــەوی هاویــندا، کاروبــارەکان بەکۆتاییەکانیانــەوە، وەک ئــارەزووی دەکەیــت، ســیمبلین، خۆشەویســتی هەولێکی ونــە، بازرگانــی ڤینیســیا، ژنــە خــۆش بەزمەکانــی ویندرســون، کۆمێدیــای هەڵــەکان، گەردەلــوول، شــەوی دوانزەهــەم، دوو بەڕێــزە فیرۆنییــەکان، دوو نەجیــب زادە نزیکــەکان، حیکایەتــی زســتان و چەندینــی تــر .

## کۆمێدیای شکسپیری

وەک چـۆن شکسـپیر لەتراژیدیـادا نووسـەرێکی شـانۆیی کـەم وێنـە بـووە، لەهەمـان کاتیشـدا لەنووسـینی شـانۆی کۆمێدیشـدا بـاڵا دەسـت بـووە و لـە تەمەنـی خۆیـدا ١٧ شـانۆگەری کۆمێدی نووسـیووە، کۆمێدیـای شکسـپیری بـە کۆمێدیـای رۆمانسـیش ناودەبرێـت،

لەسـەردەمی ئەلیزابیسـی دا کۆمیدیـا مانایێکی جیـاوازی هەبوو، زۆر جێگەی بایەخ بووە، زۆر جاران شانۆگەرییەکان دەبـوا بەئەنجامێکـی بەختـەوەر کۆتایـی بێـت، شکسـپیر ویسـتویەتی بـە حـەزی زۆر لەبینەرانـی کـردووە، کـە ئارەزوویـان ئـەوە بووە تراژیدیاکانی شکسـپیر بـەو کۆتاییـە مەرگەسـاتانە نێـت، کـە دووچـاری جۆرێـک لـە دڵگرانـی و خەمۆکـی دەکـردن، بەلەناوچوونـی کاراکتـەرە ئەرێنـی و رۆمانسـیەکانی و سـەرکەوتنی خیانـەت کاران و چاوچنـۆک و تەمـاع کارانـی دەسـەڵات.

ئەگەرچـی شسـکپیر ویسـتویەتی درۆ لەگـەڵ واقیـع دا نـەکات و رووداوەکان وەک خـۆی بەرجەسـتە بـکات و

لەگـەڵ بینەرانـی خۆیـدا راسـتگۆ بێـت، بـەڵام هەمیشـە بینـەر ویسـتویەتی ئـەوەی لەواقیـع دا دەیبینـی لەشـانۆو سـینەمادا دووبـارە نەبێتـەوە، ئـەو شـتێ بـەدی ببینـێ کـە ئاواتـی بـۆ دەخـوازێ و بەشـێکە لەخـەون و ئاواتەکانـی.

بۆیـە شکسـپیر ویسـتی لەرێگـەی نووسـینی شـانۆی کۆمێـدی ئاواتـی بەشـێک لـەو بینەرانـە بێنـێ، بـە رەچـاو کردنـی ئـەوەی کـە هەمـوو بینـەران لەبۆچـوون و دنیـا بینـی دا وەک یـەک نیـن، وەک چـۆن زۆرێـک لەبینـەران بەشـانۆگەرییە تراژیدییەکانـی کاریگـەر دەبـن، بـەڵام بەشـێکی تـر هـەن ئـارەزووی شـانۆی کۆمێـدی دەکـەن .

لەلایەکی ترەوە شکسـپیر بـەم چەند شـانۆگەرییە کۆمێدییـە ویسـتویەتی بڵـێ ئـەو دەسـەڵاتی بـە سـەر هەمووفۆرمێکـی شـانۆییدا دەشکێ و تەنیا بەتراژیدیا نەبەستراوەتەوە، بۆیـە خـۆی لـەزۆر شـێوازی جیـا جیـای شـانۆیی داوە، بەهەمـان ئاسـتی شـانۆگەرییە تراژیدیاکانـی.

ئـەم حاڵەتـە هـەر تەنها لەشـانۆدا نەبـووە، بەهەمـان شـێوە لەسینەماشـدا.

هـەر تەنهـا شـانۆگەرییە تراژیدیاکانـی شکسـپیر نەکـراون بەفیلـم بەڵکـو زۆرێـک لەشـانۆگەرییە کۆمێـدی و رۆمانسییەکانیشـی، لەسینەماشـدا هەمـان سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـاوە کـە لەشـانۆدا هەبـووە.

گرنگتریـن شـانۆگەرییە کۆمێدییەکانـی شکسـپیر بریتـی بـوون لـە:

(خەونـی نیوەشـەوی هاویـن، کارەکان بەکۆتاییەکانیانـەوە، وەک حـەزی لێدەکەیـت، سـیمیلین، خۆشەویسـتی هەوڵێکـی بێ هودەیـە، هـاوار بەهـاوار، بازرگانـی ڤینیسـیا، هاوسـەرە خـۆش بەزمەکانـی وندرسـون، ژاوەژاوێکـی بـێ ئەنجـام، بیرسـیلیس، میـر تیـر، راهێنانـی پلنـگ، کۆمێدیـای هەڵـەکان، گێژەڵوکـە، شـەوی دوانزەهـەم، دوو خزمـە باشـەکان، حیکایەتـی زسـتان)

هەندێ لەرەخنەگرانیش پێیـان وابووە، ئەو شـانۆگەرییانەی بەکۆمێدیا ناونراون، لەرەسـەندا شـانۆگەری رۆمانسـین.

شکسـپیر هەوڵـی داوە لـەرووی زمـان و دیالۆگـەوە، بەشـێوازێکی کەمێک شـەفاف تـرو سـاناتر شـانۆگەرییەکانی دارێـژێ و زمانێکـی میللییانەیـان بداتـێ، کەبەشـی زۆریـان لـەم خاڵانـەدا گـرد دەبوونـەوە:

● لـەو شـانۆگەرییە کۆمێدیانـە بەپلـەی یەکـەم پشـتی بەدیمـەن و رووداو بەسـتووە، لەرێگـەی دروسـت کردنـی هەنـدێ دیمـەن و جوولـەی کۆمێـدی بینـەر بێنێتـە پێکەنیـن .

● ململانـێ ی گەنجـە دڵـدارەکان کـە زۆرجـاران کێشـەیان لەگـەڵ گەورەکانییـان دابـوو .

● لێـک جـودا بوونـەوەو پاشـان گەڕانـەوە بـۆ باوەشـی یەکتـر، لەچوارچێـوەی کۆمەڵـێ دیمەنـی سـەرەوژێرو تەنـز ئامێـزدا.

● تەڵەکەبـازی و ئەنجامەکانـی، کـە بینـەر زۆرجـاران بەهـۆی ئاشـکرابوونی ئـەو تەڵەکـە بازیانـەو ریسـوا بوونـی

کاراکتەرەکانی دڵخۆش بووەو کەوتۆتە پێکەنین .
*کێشەو گرفتەکانی ناوخێزان، کە هەندێ جار بینەر لەگەڵ ئەو واقیعە تایبەتیانە پێکەنیووە، رەنگە زۆرجاران واقیعی خۆی تێدا دۆزیبێتەوەو ئەویش بووبێتە بەشێک لەرووداوو کاراکتەرەکانی.

یەکێک لەدیارترین شانۆگەرییە کۆمێدیەکانی شکسپیر (خەونێک لەنیوەشەوی هاوین دا) یە، کە دەکەوێتە نێو چوارچیوەیەکی خەیاڵی، بەفۆرمێکی هاوکوف بێت لەگەڵ واقیع دا، رووداوەکانی لە(ئەسینا) روودەدەن.

لەو نمایشەدا کاراکتەری (بۆتۆم) دەبێتە ئاشقی (تیتانیا) ی شاژن، بۆیە هەندێ جار نمایشەکە بە ناوی(خەونی بۆتۆم) یش ناونراوە.

هەروا نمایشی (شەوی دوانزەهەم) شانۆگەرییەکی کۆمێدی نەبووە کەهەر تەنها خەڵک بهێنێتە پێکەنین، بەڵکو لەبنەچەدا شانۆگەرییەکی تراژیدی بووە، بەڵام شکسپیر بەرگێکی خەیاڵی لە بەر کردووە، شانۆگەرییەکی لەناو شانۆگەرییەکی تردا دارشتووە و دابەشی چەند بەشێکی کردووە، لەهەر یەکێکیان خەونێکی دیاری کردووە، هەموو خەونەکانیشی بەیەک بەستۆتەوە.

بۆیە زۆرێک لەرەخنەگران ئەو شێوازەی نێوان تراژیدیاو کۆمێدیایان لەشانۆگەریەکانی شکسپیر بەشێوازی (کۆمێدیای تراژیدی Tragicomedy) ناو ناوە.

# فیلمی سەردەمی ون بوون

دەرهێنەری ناسراو(ریتشاردبراسیول) ساڵی ٢٠١٥ فیلمێکی کۆمیدی دەربارەی ژیانی شکسپیر بەرهەم هێنا، تێیدا سوودی لەچیرۆکێکی واقیعی شکسپیر بینیووە.

دەرهێنەر ئەو سەردەمەی لەژیانی شکسپیر ناوناوە(سەردەمی ون بوون) و تێیدا باس لەژیانی سادەی رۆژانەی شکسپیر دەکات بەرلەوەی ئەو ناوداریەتیە جیهانییەی هەبێ، لەوانە باسی ئەوە دەکات کەچۆن شکسپیر چۆتە تیپێکی گۆرانی رۆک، بەڵام دواتر لەتیپەکە دەریان کردووە، بۆیە بەناچاری لەجلوبەرگێکی نەناسراودا، دەستی کردووە بەکاسبی تەماتە فرۆشی لە بازاڕەکانی لەندەن.

دەرهێنەر شکسپیری کردووە بەپیاوێکی بێکارو کاسبی، کەئەو بێکارییەی زۆر جاران هەڕەشەی لەژیانی خێزانی کردووە، بۆیە سەری خۆی لەگوندەکەی خۆیان (ستراتفۆرد) هەڵگرتووە، بەو ئاواتەی بچێتە شارو دەست بکات بەکاری نووسینی شانۆگەری.

دەرهێنەر بۆ وێنگرتنی ئەم رووداوانەی ژیانی شکسپیر، رووی کردۆتە شوێنی لەدایک بوونی.

جاران شکسپیر بەناوی (ولیەم) ناو نرابوو، بۆئەوەی لەوێ شوێنەوارەکانی ئەو نووسەرە بلیمەتە بەسەر کاتەوە.

# فیلمۆگرافیای شکسپیر

## شکسپیر ..لە نێوان فیلمە بێدەنگ و بە دەنگەکاندا

### فیلمە بێدەنگەکان:

یەکەم کارێک لەبەرهەمەکانی شکسپیر بەرهەم هاتبێت، فیلمێکی بێدەنگە، ساڵی ١٩٠٠ لەشانۆگەری (هاملێت) وەرگیراوە و تێیدا ئەکتەری ناسراوی فەرەنسی (سارا بیرنار) رۆڵی هاملێتی بینیووە، بەڵام رەخنەگری سینەمایی میسری د. ع .نجدی دەڵێت نەخێر یەکەم فیلم کە لەکارەکانی شکسپیرەوە وەرگیرابێت کورتە فیلمێکی چوار خولەکی بێدەنگە لەسەر دیمەنێکی شانۆگەری (جۆن پاشا) ساڵی ١٨٩٩ .

بەڵام بەگشتی سەردەمی زێڕینی سوود وەرگرتن لەبەرهەمەکانی شکسپیر ساڵانی چلەکان و پەنجاکان بوو، لەسینەمای بەریتانیدا، کە بەناوبانگترین ئەکتەری بەریتانی (لۆرانس ئۆلیڤیە) رۆڵی سەرەکی تێدا بینیووەو بەپێشەنگی ئەو بەرهەمە شکسپیرییە سینەماییانە دێت کە لەو سەردەمەدا تۆمار کراون و لەدەرهێنان و نواندنی خۆی بوون.

لەقۆناغی فیلمی بێدەنگدا نزیکەی ٥٠٠ فیلمی بێدەنگ لەکارە شانۆییەکانی شکسپیر بەبەرهەم هاتوون، گرنگترین ئەو فیلمە بێدەنگانە:

- فیلمی ئەمریکی (ماکبێس) دەرهێنانی ئۆرسۆن ویلز.
- فیلمی ژاپۆنی (کورسی خوێناوی) کە لەشانۆیی (ماکبێس) وەرگیراوە، دەرهێنانی (ئەکیرا کیرۆساوا)
- فیلمی ئەمریکی ـ یۆلیۆس قەیسەر (جۆزیف مانکۆفتیش).
- فیلمی سۆڤیەتی ئۆتیللۆ(سیرجی بروسیفتیش).
- فیلمی سۆڤیەتی هاملێت ـ دەرهێنانی(جریجۆری کۆزنتیف).
- فیلمی چیکسلۆفاکی (خەونێک لە نیوەشەوی هاوین دا) دەرهێنانی (بیری توتکا).
- فیلمی ئیتالّی ـ ڕۆمیۆ جولێت (فرانکۆ زیفرللی).

هەروا چەند فیلمێکی دیکەی بێدەنگ وەک:

- فیلمی(ئۆتیللۆ) دەرهێنانی ستیوارت بلاکتۆن سالّی ١٩٠٢، کە تەنیا دیمەنی دزدمونەی تێدا تۆمار کراوە.
- فیلمی فرەنسی(یۆلیۆس قەیسەر ـ دەرهێنانی جۆرج بیلییە ـ سالّی ١٩٠٧، تەنیا دیمەنی کوشتنی قەیسەر دەگرێتە خۆی .
- فیلمی ئیتالّی(ڕۆمیۆو جولێت) دەرهێنانی (ئارتورو ئەمبراوزیو) سالّی ١٩٠٨.
- چەند فیلمێکی ئەمریکی وەک (ڕۆمیۆو جولیت) (ماکبیس)

(ریتشاردی سێیەم ـ دەرهێنانی (ستیوارتبلاکتۆن) ساڵی ١٩٠٨.

● فیلمی فرەنسی (ماکبیس) دەرهێنانی (ئەندریە کالمیت) ساڵی١٩٠٩.

● فیلمی دانیمارکی (هاملێت) دەرهێنانی (ئۆجست بلوم) ساڵی ١٩١٠.

● فیلمی بەریتانی (ماکبیس) دەرهێنانی (لویس بارکر) ساڵی ١٩١٢.

● فیلمی ئەڵمانی(هاملیت) دەرهێنانی (سفن جاد) ساڵی ١٩٢٠.

هەتا ئێستاکەش فیلمۆگرافیایەکی زانستی تێرو تەسەل بۆ فیلمە بێدەنگەکان نەکراوە، بەڵام فیلمە بەدەنگەکان، تەنها لەساڵی ١٩٢٩ تا ساڵی ١٩٧٩ خۆیان لە ٨١ فیلم دەدەن، لەوانە ٧٨ فیلم لە ٢٣ شانۆگەری شکسپیر وەرگیراون، کە ژمارەیان ٣٤ شانۆگەرییە، سێ فیلمیش وەک کۆکتێل لەشانۆگەریەکانی وەرگیراون، بەڵام تا ئەوکاتە هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی دەربارەی فیلمە بێ دەنگەکانی شکسپیر نەکرابوو، کە وەک (مانفیل) دەڵێ:

ژمارەیان لەدەوروبەری ٥٠٠ فیلمی بێدەنگ زیاترە، لەشێوەی کورتە فیلمی بێدەنگ، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بریتی بوون لەتۆمار کردنی دیمەنە سەرەکییەکانی شانۆگەرییەکان

مخابن زۆرینەی ئەو فیلمە بێدەگانە ون بوون، بەڵام هەوڵ بەردەوامە بۆ ئەوەی ئەو فیلمە پەرتو بڵاوو ون

بووانـە، لەچەندیـن وڵاتـی دنیـادا، وەک سـامانێکی بەنرخـی نیشـتمانی کۆ بکرێنـەوە. هـەر لەگـەڵ دەرچوونـی کتێبەکانـی (مانفیـل) و (مۆریـس) لەسـەرەتاکانی حەفتاکانـەوە تـا نـەوەدەکان، چەندیـن توێژینـەوە دەربـارەی فیلمە شکسـپیرییە بێدەنگـەکان بـڵاو بوونەتـەوە، بـەڵام دیارتریـن لیسـت بـۆ نـاوی ئـەو فیلمـە بێدەنگانـە، ئـەو لیستە بووکە سـاڵی ١٩٩١ لەفیسـتیڤاڵی ڤینیسـیا دەرچـووە، بەبۆنـەی نمایـش کردنـی فیلمـی بەریتانـی (کتێبەکانـی بروسـبیرۆ) لەدەرهێنانی(بتتـر جرینـاوای) لەشـانۆگەری (گێژەڵووکـە)

بـۆ یەکـەم جـار فیلمۆگرافیایـەک، بەپێـی مێـژووی دەرهێنانـی فیلمـەکان ڕێـک خـراوە، لەگـەڵ جیـا کردنـەوەی فیلمـە بێدەنگـەکان و فیلمـە بەدەنگـەکان، ئـەو فیلمانـەش بەجیـا کـە پابەنـد بوونـە بـە تێکسـتە ڕەسـەنەکە، ئەوانـەش کـە ئامادەکارییـان بـۆ کـراوەو کـورت کراونەتـەوە.

ئەوان پێیان وابوو هەموو ئەو فیلمانەی لەشانۆگەرییەکانی شکسـپیر وەرگیـراون، ئەگـەر پەیوەسـت بووبـن بەتێکسـتی ڕەسـەن، یـا پەیوەسـت نەبووبـن، لەهەمـوو حاڵەتێـکا ئـەو فیلمـە سـینەماییانە داهێنانێکـی نوێـن، ئـەم بۆچوونـەش جیایـە لەگـەڵ ئـەو بۆچوونانـەی (موریـس) لـە کتێبەکـەی دا باسـی کـردووە، لـەڕووی ئـەو فیلمانـەی پابەنـد بوونـە بەتێکسـتی ڕەسـەن .

ئـەو فیلمـە بەدەنگانـەش کـە لەمـاوەی بیسـت سـاڵی دواییـدا بەرهـەم هاتـوون و ژمارەیـان لەنێـوان ٧٨ هەتـا

١١٠ فیلم دەبێت، دەرکەوتووە کە سێ فیلمی شکسپیریی لەشەستەکاندا بەرهەم هاتوون، کەچی لەکتێبەکەی (مۆریس و مانفیل) دا ناویان نەهاتووە، فیلمەکان لەشانۆیی سمبلین و دوو فیلمیش لەشانۆیی(هنری چوارەم) وەرگیراون.

لەفیلمۆگرافیای نوێ دا ٢٠٩ فیلم ناویان تۆمار کراوە کە لە ٢٧ فیلم وەرگیراون، لەوانە ٩٩ فیلمی بێدەنگە.

بەپێی فیلمۆگرافیاکەی (سەمیر فەرید) کە پشتی بەچەند سەرچاوەیەک بەستووە، لەوانە کتێبەکەی (روجر مانفیل ـ شکسپیرو سینەما ١٩٧١) و کتێبەکەی (بیتەر مۆریس ـ شکسپیرو سینەما ١٩٧٢) کەبەرهەمی پەنجا ساڵی رابووردوو بوونە لەبەرهەمە سینەماییەکانی شکسپیر (٨١) فیلمی بەدەنگ بووە، بەڵام ئەو ژمارەیە بەپێی تێپەڕ بوونی کات، لەزۆر بوون دابووە.

سەمیر فەرید دەڵێت: تەنها لەحەوت ساڵی یەکەمی سەدەی بیستەمدا(١٩٩٠ ـ ١٩٩٦) حەوت فیلم لەبەرهەمە شانۆییەکانی شکسپیر بە بەرهەم هاتوون، ئەمە بەراستەقینە ئەوە دەسەلمێنێ کە شکسپیر نووسەری هەموو سەردەمەکانە و هەمیشە شانۆگەرییەکانی بەرهەمی نوێ ی سینەمایی لێ دروست دەبێت، وەک چۆن بۆتە سەرچاوەش بۆ موزیک ژەنەکان و دروست کردنی ئۆپیراو بالیەو نمایشی گۆرانی لێ بەرهەم دێت.

ئەو فیلمۆگرافیایەی لەبەردەستە ئەوە دەسەلمێنن کە

لەمـاوەی ٥٠ سـاڵدا (١٩٢٩ – ١٩٧٩) ٨٠ فیلمـی بەدەنـگ بەرهـەم هاتـووە، لەوانـە ٧٨ فیلـم لـە ٢٣ شـانۆگەری، جگـە لـە ٣ فیلـم لەشـانۆگەریە جـۆراو جۆرەکانـی دیکـەی شکسـپیر، لەوانـە:

فیلمـی بەریتانـی (سـەردەمی پاشـاکان ـ دەرهێنانـی بیتـەر دویـس ١٩٦٠)

(فیلمی بەریتانی شـەڕی دوو گوڵـ ١٩٦٤دەرهێنانی مایکل هایس)

فیلمـی ئیسـپانی (فولسـتاف ــ دەرهێنانـی ئۆرسـون ویلـز ١٩٦٥.

**یەکەم فیلمی بەدەنگ**

ـ یەکەم فیلمی بەدەنگ کە لەشانۆگەرییەکانی شکسپیر وەرگیرابێت، فیلمی ئەمریکی (راهێنانی پلنگ) بوو کە ساڵی ١٩٢٩ بە بەهەم هاتووە ـ دەرهێنانی دەرهێنەری ئیسپانی(سام تایلور).

ـ دووەم فیلمی بەدەنگ ـ فیلمی ئیسپانی و فرەنسی هاوبەش (راهێنانی پلنگ) ساڵی١٩٥٥، دەرهێنانی (ئەنتۆنیۆ رۆمان) لەنواندنی ئەلبرتو سولاس ـ کارمن سیتیلللا.

ـ فیلمی سێیەم فییلمێکی سۆڤیەتی بوو (راهێنانی پلنگ) کە لەنمایشێکی شانۆیی (سیرجکۆلۆسۆف) وەرگیرابوو، لەنواندنی(ئەندریە بوبوف ــ لیود میلا کاسانکینا)

هەر سێ فیلمەکە پابەند بوون بەتێکستە شانۆییەکەوە، لەرووی کات و شوێندا.

ـ فیلمی چوارەم فیلمێکی میسری بوو(ئای لە حەوا) دەرهێنانی فتین عەبدولوەهاب، ساڵی ١٩٦٢ بەرهەم هاتووە، دەرهێنەر بەهۆی ئەم بەرهەمەوە توانی فیلمێکی کۆمێدی سەرکەوتوو پێشکەش بکات.

ـ پێنجەم فیلمی بەدەنگ فیلمێکی ئەمریکی بوو (راهێنانی پلنگ) لەدەرهێنانی دەرهێنەری ئیتاڵی (فرانکۆ زیفرللی) ساڵی ١٩٦٦ بەبەرهەم هاتووە، فیلمەکە بەپلەی یەکەم پشت بە ئەداو نواندنی ئەکتەر دەبەستێت .

ـ فیلمی (هنری هەشتەم) ساڵی ١٩٧٢بەبەرهەم هاتووە، فیلمێکی ئەمریکی بوو، ئەگەرچی فیلمێکی تر لەدەرهێنانی (واریس هۆسین) هەیە بەناونیشانی (هنری هەشتەم و شەش ژنەکەی) بەڵام پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە تێکستەکەی شکسپیرەوە نیە .

## ئەوشانۆگەییانەی شکسپیر کە نەکراونەتە فیلم

تـا ئێسـتا تەنهـا ٧ شـانۆگەری لەشـانۆگەرییەکانی شکسـپیر نەکراونەتـە فیلمـی بەدەنـگ و بێدەنـگ، بریتیـن لەشـانۆگەرییەکانی:

تیتـوس ئەنـدرو نیکـوس، هنـری شەشـەم، جـۆن پاشـا، دواپەنـد، ترۆیلـس و کیرسـدا، تەیمونـی ئەسـینی، بریکلیـر.

بە پێی ئەو فیلمۆگرافیایەش:

(هاملێـت) لەپێشـەوەی هەمـوو شـانۆگەرییەکان دێـت، کـە ٣١ فیلمـی لەسـەر کـراوە، ١٤ فیلمـی بێدەنـگ و ١١ فیلمـی بەدەنـگ

(رۆمیۆ جولێت) ٢٨ فیلم، ١٤ بێدەنگ،١٤ بەدەنگ.

- فیلمی (ماکبێس) ١٨ فیلم، ١٠ فیلمی بێدەنگ ٨ فیلمی بەدەنگ.
- فیلمی (ئۆتیللۆ) ١٨ فیلم، ٩ بەدەنگ، ٩ بێدەنگ .
- فیلمی (مێرووله) ١٦ فیلم، ٦ بێدەنگ، ١٠ به دەنگ.
- (یۆلیۆس قەیسەر) ١٢ فیلم، ٦ ی بێدەنگ،٦ بەدەنگ،
- (خەونێـک لـە نیـوە شـەوی هاویـندا) ١١ فیلـم، ٤ بێدەنـگ ٧ فیلـم بەدەنـگ.

دوای ئەوانیـش ئـەو شـانۆگەریانە دێـن کەلـە دە فیلـم کەمتریـان لەسـەر کـراوە، لەوانـە:

- (لیر پاشا) ٩ فیلم ٤ی بێدەنگ، ٥ بەدەنگ.

- (ریتشاردی سێیەم) ٨ فیلم، ٥ بێ دەنگ، ٣ بەدەنگ.
- (حیکایەتی زستان) ٧ فیلم، ٥ بێدەنگ، ٢ بەدەنگ.
- (شەوی دوانزەهەمین) ٧، ١بێدەنگ ٦ بەدەنگ.
- (بازرگانی فینیسیا) ٧ فیلم، ٦ بێدەنگ ١بەدەنگ.
- (ژنە خۆش بەزمەکانی وندسور) ٥ فیلم ٣ بێدەنگ، ٢ بەدەنگ.

هەروا ئەو شانۆگەریانەی کەمتر لە ٥ فیلمییان لێ دروست بووە، لەوانە:

- (وەک ئاەزووی دەکەیت) ٤ فیلم، ٣ بێدەنگ، ١ بەدەنگ.
- (گێژەڵووکە) ٤ فیلم، ٢ بێدەنگ، ٢ بەدەنگ،
- (هنری پێنجەم) هەمووی بەدەنگە.
- (ئاژاوەیەکی بە تاڵ) ٣ فیلم
- (سیمیلین) ٣ فیلم
- ٢ بێدەنگ و ١ بەدەنگ،
- (هنری چوارەم) دوو فیلمی بەدەنگ

بەڵام ئەو شانۆییانەی تەنیا فیلمێکییان لەسەر کراوە، وەک (هنری هەشتەم ـ ریتشاردی دووەم ـدوو خاتوون لە فیرۆنا ـ کۆمیدیای هەڵەکان ـ کۆریۆ لانس ـ نرخی ئاشقان ـ هەر هەموویان فیلمی بەدەنگن

دەکرێ لێرەدا ئەوە بزانین کە فیلمی بێ دەنگ، بەمانا ئەوەدێت کە ئەکتەرەکان لەکاتی جولانەوەدا لەسەر سەر پەردەی سینەما، دەنگییان لێوە نێ، دەنگیش تێکەڵ بەوێنە نەکرێت لەسەر شریتی فیلم دا، وەک دەڵێن و وەک باوە، نابێ وشە یا موزیک هەبێت .

# هامليَّت له سينه‌مادا



کاراکتەرێک نیە لەهەموو دونیادا بەقەد هاملێت جێگەی لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوە بوبێت، کارەکتەرێک کە بەچەندان قوتابخانەی شانۆیی دا رابووردووە، کەچی هەر ئەو کارەکتەرە گەورەیە ماوەتەوە کە هەمیشە مایەی سەرنج راکێشان بێت و وای لێ بێت کە هەر یەکێک بەشێوەیەک بڕوانێتە ئەو کارەکتەرە جیهانییە مێژووییە و هزرو فانتازیاییێکی تایبەتی خۆی لێ هەڵێنجێ .

فرۆیدیەکان گوناهی ئەوەیان خستۆتە سەری کە هاملێت ئەشقی دایکیەتی، بۆ ئەوەی چمکیک بۆ (ئۆدیب) پەیدا بکەن، سریالیەکانیش بەشێوەیەکی دیکەی تێ دەڕوانن کە گوایە هاملێت لە خوددا نامۆیە و سنوورو کۆتۆ پێوەندێک لەنێوان ئادەمیزادەکاندا لەپەنای هیچ نازناوو ناونیشانێک قەبوڵ ناکات.

ئینگلیزەکانیش ئەوەندە توێژینەوەیان لەسەر هاملێت کردووە، تا وایان لێ کردووە کەسەر تاسەری گیانی هاملێت بەتەواوەتی رووت کەنەوە و هیچی تێدا نەهێڵنەوە جگە لەچەند هێسک و پروسکێک بەولاوە نەبێت .

هەندێ لەو توێژەوەرانە دەڵێن: هاملێت گەنجێکی ناسک و لاوازو بێ دەسەڵات بووە، چونکە نەیتوانیوە خۆی لەو گومانانە رزگار بکات و قەناعەتی تەواو بەخۆی بێنێ، بۆ ئەوەی بڕیاری دووایی خۆی بدات، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک:

یەکێک لەو هۆیانە ئەوەیە کە هاملێت نەگەیشتۆتە قەناعەتی تەواو لەسەر قسەکانی تارماییەکە کە باوکی بەدەست مامی

کوژرابێ و دایکی داوێن پیسی لەگەڵ دا کردبێ، هەندێکی تر دەڵێن: نەخێر هاملێت لەنێوان خۆشەویستی بۆ دایکی و رقی گەورەی بۆ زڕ باوکەکەی دۆش داماوە بۆیە ئازاری خواردووە.

بەشێکی تر دەڵێن نەخێر هاملێت هەموو ئەو راستیانەی زانیووە و گەیشتۆتە ئەنجامیش لەلای خۆیەوە، بەڵام لەبەرئەوەی (کلۆدیۆی) مامی بەکۆمەڵە پاسەوانێکی زۆری سویسریەوە دەور دراوە، هاملێت لەخۆی رانەبینیوە کە بتوانێت لەتۆڵە سەندنەوەکەیدا سەرکەوێت..

هەر چۆنێ بێ تاوەکو ئێستاکەش دەمەتەقێ و گفتوو گۆ لەسەر هاملێت بەردەوامەو کۆتایی نایێ، مەگەر شکسپیر خۆی لەگۆڕەکەی زیندوو بێتەوەو بێت هاملێت بەو شێوەیە شێ کاتەوە کە مەبەستیەتی.

بەڵام گرنگ نیە کە شکسپیر ویستویەتی هاملێت چۆن رەسم بکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەر دەرهێنەرێ شتێکی تازە لەهاملێت هەڵێنجێ وەک (د.سەڵاح قەسەب) دەڵێ: تاوەکو ئێستا چەند جار هاملێت پێشکەش کراوە گرنگ ئەوە نیە بڵێین فلانە دەرهێنەر هاملێتی پێش کەش کردووە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بڵێن (سەلاح قەسەب) چ شوێنەوارو مۆرکێکی لەسەر هاملێت بەجێ هێشتووە.

چونکە شکسپیر خۆی کاتی خۆی کە سوودی لە ئەفسانەو رووداوە مێژووییەکانەوە وەرگرتووە ئەو ئەفسانەو رووداوانەی وەک خۆی نەگواستۆتەوە بۆخەڵک، بەقەد ئەوەندەی کەوەک

شانۆنووسێکی هونەرمەندو داهێنەر ئەو ڕووداوانەی دارِشتۆتەوە، چونکە دیارە کە هاملێتی دانیمارکی هەر ئەو هاملێتە نیە کە شکسپیر دای هێناوە، هەروەها (برۆنس)ی شکسپیر لە یۆلیۆس قەیسەریش دا ئەو (برەنس)ە نیە کەلە کتێبی بلیمەتەکانەوە باس کراوە.

خوێنەر بۆی هەیە ڕووداوە مێژووییەکان دیاری بکات، بەڵام بیری ناوەوەی ئەو کاراکتەرانەو مۆنۆلۆژەکانیان شتێکی ترە..

مەرگەساتەکانی شکسپیر (هاملێت)و (ئۆتیللۆ)و (یۆلیۆس قەیسەر)و (لیر پاشا)و (ماکبێس) هەریەکێ لەوانە ڕەنگدانەوەیەکی ئەو سەردەمەن کە شکسپیر تێیدا ژیاوە ئەو ئەو سەردەمەی کە جیاوازییە چینایەتیەکان، دەرەبەگایەتی و جەنگی ناوەخۆ لەپۆپەی تەقینەوەی خۆیان دابوون..

هەر ئەو هۆیانەشە وای کردووە کەبەشێکی زۆری بەرهەمەکانی شکسپیر لەو بەرهەمە مەرگەساتیانە بن کە پەیوەندییەکی توندو تۆڵیان بەژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی شکسپیرەوە هەبێت.

شکسپیر گەورەترین داهێنەرێک بووە لەدروست کردنی کاراکتەرەکان، بۆیە شانۆگەرییەکانی شکسپیر بەشانۆگەری کاراکتەر دادەنرێن، زۆرینەی ڕەخنەگرەکانیش بیرو بۆچوونییان بەرامبەر بەکاراکتەرەکانی شکسپیر ئەوەیە کە ئەو شانۆ نووسە بلیمەتە هەمیشە دروست کەری ئەو کاراکتەرانە بووە کەناویان دەچێتە نێو مێژوو، ئیدی تا شکسپیر ناوی لەمێژووی شانۆدا مابێت، ئەوە کاراکتەرەکانیشی هەروا

بەزیندوویەتـی دەمێننـەوەو دەبـن بەپارچەیـەک لـە جەسـتەو ڕۆحـی هـەر نەتـەوەو گەلێکـی سـەررووی ئـەم زەمینـە، بۆیـە هاملێت کارەکتەرێکـە لـە سنووری نـەژادو نەتەوەیەکی دیـاری کـراودا تێپەڕیـوەو بۆتـە کاراکتەرێـک بۆهەمـوو نەتەوەکانـی جیهـان، بێ جیـاوازی لەپێست و جوگرافیـاو زمـان و ناسنامە ..

دەرەنجـام، ئەوەنـدەی بابـەت دەربـارەی شـانۆگەری هاملێت لەمێـژوودا نووسـراوە، هیـچ شـانۆگەرییەکی دیکـە ئەوەنـدە قسـەی لەسـەر نەکراوەو توێژینـەوەی لەسـەر ئەنجام نـەدراوە، ئەوەنـدەش ڕەخنەگـران لەسـەر شـیکردنەوە و لێکدانـەوەی ئـەو شـانۆگەرییە جیـاوازی بۆچوونییـان هەبـووە، لەسـەر هیـچ نمایشـێکی دیکـە ئەوەنـدە ناتەبـا نەبونـە، بەتایبـەت دەربـارەی کاراکتـەرە سـەرەکییەکەی.

بەگشـتی هاملێـت ٦٠ فیلـی سـینەمایی ٢٠ فیلمـی تەلەفزیۆنـی لـێ وەرگیـراوە.

ڕەخنەگرەکانـی شکسـپیر پێیـان وایـە بۆیەکـەم جـار شکسـپیر ئـەو تێکسـتە شـانۆییەی لـە ١٥٩٨ـ ١٦٠١ نووسـیووەو لەوسەردەمەشـدا بۆیەکەمجـار نمایـش کـراوە، یەکـەم چاپـی ئـەو شـانۆگەرییەش سـاڵی ١٦٠٣ دەرچـووە، سـاڵی ١٦٠٤ چاپـی دووەمـی بـڵاو کراوەتـەوە

فیلمە بێدەنگەکانی هاملێت بریتین لە:

| | | |
|---|---|---|
| ١.فەرەنسا | کلیمۆریس | ١٩٠٠ |
| ٢.فەرەنسا | جۆرج میلیس | ١٩٠٧ |
| ٣. ئیتالیا | جۆزیبی دی لیجۆرۆ | ١٩٠٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤.ئەمریکا | ستیوارت بلاکتۆن | ١٩٠٨ |
| ٥.بریتانیا | ولیەم بارکەر | ١٩٠٨ |
| ٦.ئیتالیا | لیو کامبیریۆ | ١٩٠٨ |
| ٧.فەرەنسا | هنری دی فونتانیر | ١٩١٠ |
| ٨.ئیتالیا | ساریو کاسیرینە | ١٩١٠ |
| ٩.دانیمارک | ئۆجیست بلۆم | ١٩١١ |
| ١٠.بریتانیا | سیسیل هیورس | ١٩١١ |
| ١١.ئیتالیا | | ١٩١٤ |
| ١٢.ئەمریکا | جیمس بۆیند | ١٩١٤ |
| ١٣.ئیتالیا | ئیلتریۆ رۆدلفی | ١٩١٧ |
| ١٤.ئەڵمانیا | سیفن جاد | ١٩٢٠ |
| ١٥.ئەمریکا | روبرت ئەدموند | ١٩٣٣ |
| ١٦. هیند | سوراب موری | ١٩٣٥ |
| ١٧.ئەمریکا | ئەرنستە لوبیتش | ١٩٤١ |
| ١٨.بریتانیا | لورانس ئۆلیفیە | ١٩٤٧ |
| ١٩.هیند | سوکا کیشوری | ١٩٥٤ |
| ٢٠.ئەڵمانیا | فرانس بیتر ورس | ١٩٦٠ |
| ٢١.بریتانیا | فیلیب سافیلی | ١٩٦٤ |
| ٢٢. ئەمریکا | ولیەم سارجنت | ١٩٦٤ |
| ٢٣.یەکێتی سۆڤیەت | جریجۆری کوزنسییف | ١٩٦٤ |
| ٢٤.بریتانیا | تونی ریتشاردسۆن | ١٩٦٩ |
| ٢٥.ئەمریکا | بیتەر وود | ١٩٧٠ |
| ٢٦.ئیتاڵیا | کارمیلۆ بینی | ١٩٧٣ |

٢٧.بریتانیا کلیستینۆ کورنادو ١٩٧٦
٢٨.میسر کەمال ئەلشەیخ ١٩٧٨
٢٩.ئەمریکا میل بروکس ١٩٧٨
٣٠.ئەمریکا فرانکۆ زیفرللی ١٩٩١
٣١.ئەمریکا/ بریتانیا کینیس برانا ١٩٩٦

ئەو فیلمە بەدەنگانەی لە شانۆگەری هاملێت وەرگیراون:

● یەکەم فیلمی بەدەنگ لەسەر ئەو شانۆگەرییە ساڵی ١٩٣٣ بەبەرهەم هاتووە، کە فیلمێکی ئەمریکییە لەدەرهێنانی (رۆبەرت ئادمۆند) نواندنی(جۆن باریمۆ)

● باریمۆ ساڵی ١٩٢٥ هەمان رۆڵی لەسەر شانۆی بەریتانی دا بینی بوو.

● ساڵی ١٩٣٥ فیلمێکی هیندی لەسەر ئەم شانۆگەرییە بەناوی (هاملێت) بەبەرهەم هاتووە، لە دەرهێنانی(سوراب مودی)

● هەروا لە ئەمریکا دەرهێنەری ناسراوی ئەمریکی (ئەرنست لوبیتس) ساڵی ١٩٤٥ فیلمی هاملێتی بۆ سینەما دەرهێنا .

● دوای جەنگی جیهانیی دووەم، ساڵی ١٩٤٧ جارێکی دیکە (لۆرانس ئۆلیڤیە) گەڕایەوە سەر شکسپیر، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٤٤ هنری پێنجەمی دەرهێنا، فیلمی هاملێت ـ ی بۆ سینەما دەرهێناو خۆشی رۆڵی پاڵەوانیەتی تێدا بینی، ئەوەبوو فیلمەکە ساڵی ١٩٤٧ لەفیستیڤاڵی ڤینیسیا خەڵاتێک و چوار خەڵاتی تری لەئۆسکار وەرگرت.

ئۆلیڤیە ـ لەو فیلمەدا کەوتە ژێر کاریگەری لێکدانەوەکانی فرۆیدو هەندێ لایەنی فەرامۆش کردو بایەخی بەهەندێ

لایەنـی تـردا.

● فیلمێکـی تـر سـاڵی ١٩٥٤ بەبەرهـەم هاتـووە، کـە فیلمێکـی هینـدی بـوو، لەدەرهێنانی(سـوها کیشـوەری)

● لەئەڵمانیـا دەرهێنـەر (فرانس بیترۆس) سـاڵی ١٩٦٠ فیلمێکی هاملێتی دەرهێنا .

● هەروەهـا دەرهێنـەری بەریتانـی (فیلیـب سـافیلی) لەسـاڵی ١٩٦٠ فیلمـی هاملێتـی بەبەرهـەم هێنـاوە .

● دوای تێپـەڕ بوونـی دە سـاڵ و بەبۆنـەی ٤٠٠ ەمیـن ساڵیادی شکسـپیر فیلمێکی سـۆڤیەتی لـە دەرهێنانی (جریجۆری کۆزنتسـیف) بەبەرهـەم هـات.

کۆزنتسـیف بـەم بۆنەیـەوە گوتـی: بـەلای منـەوە هەمـوو هونەرێکی کلاسیکی دەشێ بەپێی گۆڕانی سـەردەم بگۆڕێت و مانـای نوێتـر بەنـەوەی نـوێ ببەخشـێ، ئەوەتـا هاملێت کۆمەڵـێ بابەتـی نـوێ دەوروژێنێ، دەکرێ ئەمڕۆ دەرهێنانێکی ئەکادیمی بۆ بکەین، پێشـم وایە شکسـپیر پێویسـتی بەلێکدانەوەیەکی نوێو رەسـەن هەیـە، هـەر نەوەیەکـی نـوێ بەهەوڵـو تەقەلـلای خـۆی، روخسـارێکی نـوێ بـەو کاراکتـەرە دەبەخشـێت.

مـن ئـارەزووی ئـەوە ناکـەم لەفیلمەکەمـدا جلـو بەرگـی نـوێ لەبـەر بکـەم، بەڵکـو وا لێوەشـاوە تـرە، کارەکانـی شکسـپیر بەهەمـان سـەردەمی ئەلیزابیسـی نیشـان بدەیـن، بـەلام دەبـێ تێگەیشـتنمان بـۆ مێـژووو رۆحـی شـیعر، وێنـە مرۆییـەکان، تێگەیشـتنێکی نـوێ و زینـدوو بێـت، بـۆ بینـەری ئەمـڕۆ.

شکسـپیر هونەرمەندێکـی بلیمـەت بـوو لەقوڵبوونـەوەی بـۆ

مێژوو، بۆ سروشتی مرۆڤایەتی، لەهەموو سەردەمەکاندا، بۆیە من دەمەوێ فیلمەکەم ئەو رۆحە جوانەی شکسپیر بپارێزێ.
دەربارەی فیلمەکەی لۆرانس ئۆلیڤیەش (کوزنتییف) دەڵێت: ئەو فیلمەم زۆر پێ خۆشە، زۆر بەو هونەرمەندە گەورەیە سەرسامم، بەڵام هاملێتی من تایبەتمەندی خۆی هەیە لای من .
ئەم وتەیەی (کوزنتییف) لەو جیاوازییە دیارو بەرچاوە سەری هەڵداوە کە لەبۆچوونی هەردوو دەرهێنەردا دەربارەی هاملێت دەردەکەوێت .
بەڵام (ئۆلیڤیە) دەڵێت: بڕیارماندا دیکۆری فیلمەکەی ئێمە ئەزموونگەری بێت، چونکە بەلای منەوە، شکسپیر ناکەوێتە چوارچێوەی سەردەمێکی دیاری کراو، بەمە (ئۆلیڤیە) لەدیکۆردا جیاوازی زۆریان هەیە لەگەڵ (کوزنتیف) کە دیکۆرەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی ناوەڕاست.
وەک (د.محەمەد عەوز محەمەد) لەپێشەکی کۆمەڵە بەرهەمەکانی شکسپیر ساڵی ١٩٦٠ نووسیوویەتی: (ئۆلیفیە) هاوێنەی سینەمایی پێشکەوتووی بەکارهێناوە و زمانی سینەمای بە شێوەیەکی تەکنیکی جوان پاراستووە، بەڵام رووناکی و نواندنی فۆرمێکی شانۆییان پێوە دیار بووە.
بەڵام ستایلی (کوزنتسیییف) ستایلێکی سینەمایی تەواو بووە، هەروەها توانیوویەتی موزیکی (دیمتری شۆستاکوفیتش) بەشێوەیەکی کاریگەر بەرجەستە بکات.
هەردوو فیلمەکە بەریتانی وسۆڤیەتیە کەبەشێوەیەکی رەش

و سپی وێنە گیرابوون، فیلمە سۆڤیەتیەکە وێنەکەی بەپانتایی شاشە بوو(سکۆب) بەڵام ئۆلیڤیە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەت کردۆتەوە، چونکە لەفیلمی (هنری پێنجەم) ئەزموونێکی باشی پەیدا کردبوو، خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: نەمویست ئامرازی گوزارشت بەخشی جوانیی ڕەش و سپی بەرەنگ تێک بدەم.

● ساڵی ١٩٦٤ دیسان فیلمێکی تر لەم شانۆگەرییە دروست بوو، بەناوی(هاملێت) کە فیلمێکی ئەمریکی بوو، لەدەرهێنانی(ولیەم سارجنت) لەشانۆگەریەک لەدەرهێنانی (جۆن جیلجود) و نواندنی (ریتشارد بیرکۆن) .

ئەگەرچی فیلمەکە گواستنەوەی نمایشی شانۆییەکە بوو، بەڵام دەرهێنەری نمایشەکە دەربارەی فیلمەکە گوتی: ئەمە کاری من نیە .

● ساڵی ١٩٦٦ فیلمێکی دیکە بەبەرهەم هاتووە، فیلمێکی ئەڵمانی بوو بەناوی (هاملێت) بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی باڤاریا بوو، بەدوو نوسخە:

یەکەمیان بەزمانی ئەڵمانی لەدەرهێنانی (فرانز بیتەر)

دووەمییان بەئینگلیزی لەدەرهێنانی(ئەدوارد دیمتریک)

● فیلمێکی تر ساڵی ١٩٦٨ بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆن بوو، لەدەرهێنانی(فیلیب سافیلی)

● ساڵی ١٩٦٩ فیلمێکی بەریتانی، بەناوی (هاملێت) لە دەرهێنانی (تونی ریتشاردسۆن) لە نمایشێکی شانۆیی وەرگیرابوو، لەنواندنی (نیکۆل ولیامز)

● ساڵی ١٩٧٠ فیلمێکی ئەمریکی تر، لەدەرهێنانی(بترۆد)

نواندنی ریتشارد شامبرلین) بەرهەمی تەلەفزیۆنی .ئین .بی. سی . بوو.

● سالّی ١٩٧٣ فیلمێکی بەریتانی لەدەرهێنی (کارمیلۆبینی) بەفۆرمێکی سریالی

● فیلمێکی تر سالّی ١٩٧٦بەناوی (هاملێت) فیلمێکی بەریتانی بوو، لەدەرهێنانی(کلیستیۆنۆ کورو نادۆ) بەرهەم هێنانی کولێژی پاشایی بۆ هونەر.


ئەم فیلمە بەشێوەیەکی رەنگاو رەنگ لەسەر ڤیدیۆ تۆمار کرابوو، ماوەکەی ٦٥ خولەکە بوو، (کوردۆنادۆ) گوزارشتی لەتێڕوانینی خۆی دەکرد، بۆ شانۆگەریەکەو وای بۆدەچوو کە هاملێت دوو رووی هەیە.

هاملێت تەنیا لەسالّانی (١٩٢٣ تا ١٩٧٨) ١٣ جار کراوەتە فیلمی سینەمایی، بەلاّم فیلمەکەی (برانا) یەکەم فیلمە کە پەیوەست بوونێکی دەقاودەقی بەدەقی ئەو تێکستەوە هەبووە، سالّی ١٦٠٤ چاپ کراوە .

فیلمەکە ماوەکەی چوار سەعات و خولەکێکە، وەک (فارایتی) گوتەنی درێژترین فیلمە لەمێژووی سینەمادا دوای فیلمی(کیلۆباترا) ی (جۆزیف مینکیفتیش) کە ماوەکەی دوو خولەک لە فیلمەکەی (برانا) درێژترە.

دەسکاری دەقەکەی بەشێوەیەک کردووە کە لەئەقلّ و دەروونی بینەرەوە نزیک بێت .

# لۆرانس ئۆلیڤیە
# شکسپیری دووەم


لۆرانس ئۆلیڤیە ـ لە ڕۆڵی هاملێت

(لۆرانس ئۆلیفیە) کە ڕەخنەگران بەسیحری شانۆ لەسینەمادا ناوی دەبەن، لەچەندین لەو فیلمانەدا بەشداری کردووە کە لەشانۆگەرییەکانی شکسپیر وەرگیراون، بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی لەرۆڵی (ڕۆمیۆ) ی شانۆگەری ڕۆمیۆ جولێت، هاملێت و ئۆتیللۆی و هنری پێنجەمی لەکارە سینەماییە کلاسیکییەکاندا بەرجەستە کردوووە.

**لۆرانس دیارترینی ئەو ئەکتەرە مەزنانەیە کە زۆرترین کاراکتەرەکانی شکسپیری لەشانۆوە گواستۆتەوە بۆ سینەما.**

**بە دەست هێنانی خەڵاتی ئۆسکار**

(لۆرانس ئۆلیڤیا) ساڵی ١٩٤٨ فیلمی هاملێتی پێشکەش کردووە، خۆشی ڕۆڵی پاڵەوانیەتی تێدا بینیووە، پاشان بەهۆی نواندنی بەرزی لەو فیلمەدا، خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێناوە وەک باشترین ئەکتەری فیستیڤاڵ.

(فرانکۆ زیفرللی) لەگەڵ (کریستوفر دی فور) بەشداری لەنووسینی سیناریۆی فیلمی هاملێت کردووە.

ئەم فیلمە ساڵی ١٩٩٠ بەبەرهەم هاتووە، لەنواندنی ئەکتەری ناودار (میل گیبسون) و (گلین کلۆز) و (ئالان بیتز)ە.

هەروا مێژووی سینەما زۆر ستایشی ئەکتەرو دەرهێنەری ئینگلیزی (کینس برانا) دەکات لەفیلمی (هاملێت) کە لەساڵی ١٩٩٧ لەدەرەوەی پێشبڕکێی فیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی نمایش کراوە.

ڕەخنە گران پێیان وایە ئەو فیلمە، لەگەڵ هەموو ئەو فیلمانە جیاوازە کە لە شانۆگەری (هاملێت) وەرگیراون، چونکە فیلمەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو دەقە ڕەسەنەی شکسپیر کە لەساڵی ١٦٠٤چاپ کراوە.

**ناوەڕۆکی فیلمەکەی هاملێت**

فیلمی هاملێت ــ سەربوردەی شازادەی دانیمارک هاملێت دەگێڕێتەوە، کەدوای لەناو بردنی باوکی لەلایەن مامییەوە، هەردوو هاوڕێی (هۆراشیۆ و مارسیلاس) داوا لەهاملێت دە دەکەن، بێت و تارمایی باوکی بەچاوی

خـۆی ببینـی، کەچـۆن پـاش مردنـی، شـەوان دەردەکەوێت، دوای ئـەوەی (کلۆدیـۆس) ی بـرای، بـۆ دەسـەڵات گرتنـە دەسـت و دەسـت بەسـەر داگرتنی مولکو سامانی، خیانەتە گەورەکـەی لەگەڵـدا دەکات و دەچێتـە سـەر عەرشـی پاشـایەتی و دایکـی هاملێـت دەکاتـە هاوسـەری خـۆی.

لەکاتـی خۆئامادەکردنـی شـازادەی نەرویـج (فورتمبرانـس) بـۆ داگیرکردنـی دانیمـارک و گەڕاندنـەوەی خاکێـک کـە پاشـای مامـی لـەو کاتـەی یـاری قومـاری لەگـەڵ پاشـای دانیمـارک دەکـرد دۆڕاندبـووی .

قسـەی هاوڕێکانـی هاملێـت بەراسـت دەرچـوو، هاملێـت تارمایـی باوکـی بەچـاوی خـۆی بینـی، لـە نـاو هەقیقەتێکـی بـاوەڕ پێنەکـراو، باوکـی پێـی رادەگەیەنێـت کـە ئـەو نەمـردووە، بەڵکـو کلۆدیۆسـی بـرای کوشـتوویەتی و داوای تۆڵەسـەندنەوەی لـێ دەکات، بـەڵام لەگـەڵ ئـەو داوێـن پیسـیە گەورەیـەی کـە دایکـی لەگـەڵ باوکـی هاملێـت دا کـردی و تێـوە گلانـی بەخیانەتەکـە، کەچـی باوکـی داوا لەهاملێـت دەکات، هیـچ بەسـەر دایکـی نەهێنـێ و تاوانـی ئـەو بۆ خـوا بەجێ بێڵـێ، بـا بـەدەم نـا ئارامـی ویژدانییـەوە ئـازار بکێشـێ .

لەنـاو کۆشکیشـدا پەیوەندییەکـی سـۆزداری لەنێـوان هاملێـت و ئۆفیلیـای کچـی (بۆلۆنیـوس) ی راوێـژکاری پاشـادا هەبـوو، لەلایەکـی دیکـەوە (کلۆدیـوس)ی پاشـای دانیمـارک باڵیـۆزی خـۆی رەوانـەی لای پاشـای نەرویـج

دەکات، کـە جەخـت لەسـەر (فۆرتنبرانـس) ی بـرازای بکات، واز لـەو بڕیـارەی خـۆی بێنـێ، بـۆ داگیـر کردنـی دانیمـارک، لەبارتەقـای ئـەوەی ڕێ خـۆش کا بۆسـوپای نەرویـج بەخاکی دانیمارکـدا ڕەت بـێ بـۆ داگیـر کردنـی پۆلەنـدا، لـەم کارەدا باڵیـۆز سـەردەکەوێ بـۆ ڕازی کردنـی پاشـا بـەو ڕێکەوتنـە.

هاملێـت دوای ئاشـکرا بوونـی تاوانـە گەورەکـە، هەوڵـی ئـەوە دەدات دەسـت بەپلانـی تۆڵـە سـەندنەوە بـکات و دوژمنەکانـی بخاتـە نێـو دوو دڵـی و ڕارایـی و تـرس، لەودەمـەدا شـانۆگەرییەک پێشـکەش دەکات، کـە تـەواوی ڕوداوەکـەی کوشـتنی باوکـی بەدەسـتی براکـەی لەبـەردەم مامـی و دایکـی دا نمایـش دەکات، بـۆ ئـەوەی پێیـان بڵـێ ئـەو لەتاوانەکـە بـێ ئـاگا نیـەو خۆیـان بـۆ تۆڵـە سـەندنەوە ئامـادە بکـەن، ئەوەبـوو کلۆدیـۆس لەکاتـی نمایشـەکە تـرس دایدەگـرێ، دەزانـێ هاملێـت هەمـوو تاوانەکـەی لا ئاشـکرا بـووە، بۆیـە بیـر لـەوە دەکاتـەوە، پلانێکـی گڵاوتـر لـە کوشـتنی براکـەی بـۆ هاملێتیـش دابنـێ و لەنـاوی ببـات.

ئەوەبـوو لەگـەڵ دوو لەهاوڕێکانـی سـەردەمی خوێندنـی هاملێـت ڕێ دەکـەوێ، کـە نامەیـەک بـۆ پاشـای ئینگلتـەرا ببـات، تێیـدا نووسـراوە دەسـت بەجـێ هەڵگـری نامـە لەنـاو ببـات، بـەڵام بەرلـەوە هاملێت ڕووبـەڕووی دایکـی دەبێتـەوە و تـەوای تاوانەکـەی بـۆ ئاشـکرا دەکات.

لـەو کاتـەدا کەپرسـی تاوانگێڕییەکـە بـۆ دایکـی بـاس دەکات، هەسـت دەکات یەکێـک لەژێـر پـەردەوە بەنهێنـی گـوێ

ی بـۆ قسـەکانی شـل کـردووە، هاملێـت واهەسـت دەکات کـە ئـەو کەسـە (کلۆدیۆسـە)و پەلامـاری دەداتـو دەیکـوژێ، بـەڵام دواتـر دەردەکـەوێ کـە ئـەو کەسـە کلۆدیـوس نەبـوو، بەڵکـو باوکـی ئۆفیلیـای خۆشەویسـتی بـوو.

بۆیـە هاملێـت ناچـاری ئـەوە دەبێـت، بـڕوات و ڕێگـەی ئینگلتـەرا بگرێتـە بـەر، لەڕێگادا نامەکـەی مامـی دەخوێنێتـەوە کـەداوای لێکردبـوو هەڵگـری نامەکـە بکـوژێ، بۆیـە بەنهێنـی و بەشـێوەیەکی نەناسـراوادا دەگەڕێتـەوە دانیمـارک

ئۆلیفیـا کەباوکـی بەدەسـتی هاملێـت دەکوژرێـت، دەگەڕێتـەوە پاریـس و بـۆ تۆڵـە سـەندنەوە دەچێتـە پـاڵ (بۆلۆنیـوس) بـۆ لەنـاو بردنـی هاملێـت، بـەڵام دواتـر لەئاکامـی ئـەو ڕوداوەدا خـۆی دەکوژێـت.

هاملێت کەدەگەڕێتەوە دانیمارک و لەناو گۆڕستاندا ئەو گۆڕهەڵکەنانـە دەبینێت کەشـەو سـەرقاڵی گۆڕهەڵکەندنن بۆ ئافرەتێک کـە خـۆی کوشـتووە بێ هیـچ ڕێ و ڕەسمێک.

کاتێ بۆی دەردەکەوێ کەئەمە ئۆفیلیایە، هاوار دەکا،

دواتـر ڕووبـەڕووی (بۆلۆنیـوس) دەبێتـەوەو لەشـەڕێکی خوێناویدا لەناوی دەبات، بەڵام هاملێتیش لە شـەڕە شیرەکەدا بریـندار دەبێـت و لـە ئەنجامـدا گیـان لەدەسـت دەدات.

فۆرتنبرانسـیش دوای داگیر کردنی بۆلەندا، لەگەڕانەوەیدا بەدانیمـارک، هەمـوو ئـەو کارەسـاتە لـە کۆشـکی پاشـایەتی دانیمارکـدا دەبینێـت و فرمـان دەدات بـەرێ و ڕەسـمێکی سـەربازی هاملێـت بنێـژن و تۆپـی پرسـە بتەقێنـن.

## هاملێتی رووسی

کاتێ ساڵی ١٩٦٤ فیلمی (هاملێت) ی دەرهێنەری ناسراوی رووسی (گریگۆری کوزنسێڤ) کە خاوەنی چەندین خەڵاتی سینەماییە نمایش کرا، هەوادارانی سینەما زۆر چێژیان لەو فۆرمە سینەماییە نوێیە وەرگرت، لەرووی کاریگەربوونییان بەو دیمەنە سەرنج راکێشانەی دەرهێنەر بەرجەستەی کردبوون. ئەمە لەکاتێکا فیلمەکە لەوڵاتی شکسپیر(ئینگلترا) بەرهەم نەهاتبوو، کە هەمیشە سەرچاوەی بەرجەستە کردنی شاکارەکانی شکسپیر بووە بۆ سینەما، بەڵکو لەیەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە سەری هەڵدا، کەکاتی خۆی پەیوەندییەکی ساردی لەگەڵ بەریتانیادا هەبوو بەهۆی شەڕی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی جیهانیی.

# فیلمی رۆمیۆو جولێت
# Romeo and juliet



رۆمیــۆو جولێــت، کــە لەرەســەندا شــانۆگەرییەکی رۆمانســی و تراژیــدی شکســپیرە، دوای هاملێــت، دووەم فیلمــە کــە تائێســتا ٤٠ کاری ســینەمایی لەســەر کرابێــت، هۆیەکەشــی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی کــە فیلمەکــە بینەرێکی زۆری هەبــووە، بەهــۆی ئــەو خۆشەویســتیە رۆمانســییە ناتەقلیدیــەی لــە فیلمەکــە دایــە.

هــەروا تیشــک دەخاتــە ســەر ئــەو ململانــێ تونــدو بەتینــەی نێــوان هێــزی شــەڕو هێــزی خێــر لەناخــی مــرۆڤ و ئــەو باجــەی کــە دەبێــت ئاشــقەکان لەکەســانی قیــن لەدڵــی بســێننەوە .

تائێســتا ئــەم تێکســتەی شکســپیر بــۆ زیاتــر لەســەد زمانــی جیهــان وەرگێڕدراوە.

کاتــی خــۆی شکســپیر بــۆ نووســینی ئــەم تێکســتە شــانۆییە، بەقەســیدەیەکی شــاعیری ئینگلیــزی (ئارســەر بــرۆک) کاریگــەر بــووە، بەناونیشــانی (داســتانی رۆمیــۆ جولێــت) ئارســەر خۆشــی بــۆ نووســینی ئــەم قەســیدەیە، ســوودی لەچیرۆکێکــی نووســەری ئیتاڵی(ماتیــۆ باندیلــۆ) وەرگرتبــوو.

روداوەکان لەشــاری(فیرۆنا) ی ئیتاڵــی دەســت پــێ دەکــەن، بەدوژمنــکاری کۆنــی هــەردوو بنەماڵــەی (مۆنتیجیــۆ ـ کۆبولــت ویشــک) پاشــا (ویســکالۆس) بــۆ چەندیــن جــار ئاگاداری ئــەو دوو بنەماڵەیــە دەکاتــەوە، لــەدوور کەوتنــەوەی شــەڕو شــۆڕو دروســت کردنــی نائارامــی لەشــارەکەدا،

هەڕەشـەی لـە سـێدارەدانی هەرکەسـێکیش دەکات کـە پابەنـد نەبێـت بەبڕیارەکانـی.

ئەوکاتـە (ڕۆمیـۆ) کەوتبـوە داوی خۆشـەویسـتی(ڕۆزالین) شـەوێک ڕۆمیـۆو (بنگۆلیـۆ)ی هـاوڕێ ی دەچنـە ئاهەنگێکی بنەماڵــەی (کابۆلیــت) و بەشــێوەیەک خۆیــان پۆشــیووە نەناسـرێنەوە، بـەڵام کاتێـک (تیبالـت) دەیانناسـێتەوە، هــەوڵ دەدات دەسـت بەشــەڕ کـردن بـکات، بـەڵام کابۆلیـت ڕێگـە بەئــاژاوە نانــەوە نــاداو (ڕۆمیــۆ) لەئاهەنگەکــە بــەدوور دەکاتــەوە، بــەڵام بــەر لــەوە (جولێـت) دەبینـێ و دووپاتــی خۆشـەویسـتی خۆیـان دەکەنـەوە بـۆ یەکتـر، دواتریـش لای ڕاهیبەیــەک هاوســەر گیریــی دەکــەن.

کاتـێ پاشـا هەواڵی شـەڕو شـۆڕەکە دەزانـێ، بڕیـار دەدات (ڕۆمیۆ) نەفـی بکرێ و لەشـاری (فیـۆن) بـەدەر بنـرێ.

ڕاهیبەکــە هەواڵــی نەفــی کردنــی (ڕۆمیــۆ) بە(جولێــت) دەڵێـت و پەیمانـی دەداتـێ هــەوڵ بـدات بەیەکیـان بگەیەنێت.

وا ئامـۆژگاری ڕۆمیـۆش دەکات بەنهێنـی (جولێـت) ببینـێ، پاشــان فیـۆن بەجـێ بێڵــن بەرەو(مانتــوا) ئینجـا (کابۆلیـت) داوا لەجولێـت دەکات کەتـا مــاوەی ســێ ڕۆژ هاوســەر گیریــی لەگــەڵ (باریــس) ئەنجـام بـدات.

کەچــی جولێـت ڕەتــی ئــەوە دەکاتــەوە هاوســەرگیری لەگەڵــدا بـکات، بــەڵام دواتـر وەک بەکارهێنانــی تەکتیکێـک بـۆ خـۆرزگار کـردن (جولێت) وا بەباوکـی ڕادەگەیەنێت کـە ئــەو ڕازییــە هاوســەر گیریــی لەگــەڵ (پاریـس) دا ئەنجـام

بـدات، بـەڵام رۆژێـک بـەر لـەوە دەرمانێـک دەخواتـەوە و خەڵکـی وایـان زانـی گیانـی لەدەسـت داوەو پرسـەیان بـۆ دانـا.

رۆمیـۆ کـە ئـەو هەواڵـە دەزانـێ سـوێند دەخـوات دەبێت لەگـەڵ (جولێت) بنێژرێـت.

لەبـەر ئـەوەی ئـاگاداری پلانەکـەی جولێـت نەبـوو بـۆ گەیشـتن بـە رۆمیـۆ، بۆیـە ژەهرێکـی خۆکوشـتن دەکـڕێ، راهیبەکـەش ئـاگاداری جولێـت دەکاتـەوە، کـە نەیتوانیـووە پلانەکـە (بەرۆمیـۆ) بگەینێـت، بۆیـە ئەگـەر بزانـێ تـۆ مردویـت مەترسـی مردنـی دەکەوێتـە سـەر.

کاتێکیـش کـە پاریسـی زاوا دەیـەوێ لاشـەکەی (جولێـت) ببینـێ، ڕووبـەڕووی رۆمیـۆ دەبێتـەوە کـە بـەرەو هەمـان شـوێن دێ، بەرانگیـری یەکتـر دەبنـەوەو رۆمیـۆ (پاریـس) دەکـوژێ، ئینجـا ژەهرەکـە دەخواتـەوە، بـۆ ئـەوەی لەتـەک (جولێـت) دا بمرێـت.

کاتـێ راهیبەکـە دەگاتـە سـەریان، رۆمیـۆ بەمردوویـی دەبینێـت.

ئینجا جولێت لەبێ ئاگایی بەخۆدێتەوە و لاشـەی مردووی (رۆمیـۆ) دەبینێـت، هـەر ئـەو کاتـە، بـە خەنجەرەکـەی (رۆمیـۆ) خـۆی دەکوژێـت.

## فیلمە بێدەنگەکانی ڕۆمیۆو جولێت

فیلمە بێدەنگەکانی ڕۆمیۆو جولێت (٢٨) فیلمن:

| | | |
|---|---|---|
| ١. فرەنسا | جۆرج میلیس | ١٩٠١ |
| ٢. ئەمریکا | ستیوارت بلاکتۆن | ١٩٠٨ |
| ٣. ئیتاڵیا | ماریۆ کاسیرینی | ١٩٠٨ |
| ٤. بەریتانیا | ویجی بارکر | ١٩٠٨ |
| ٥. ئەمربکا | | ١٩١١ |
| ٦. فرەنسا | | ١٩١١ |
| ٧. ئیتالیا | ئوجو فالینا | ١٩١٢ |
| ٨. فرەنسا | | ١٩١٤ |
| ٩. ئەمریکا | | ١٩١٥ |
| ١٠. ئەمریکا | رائول والش | ١٩١٦ |
| ١١. ئیتاڵیا | ئەمیلۆ جرازینی | ١٩١٨ |
| ١٢. ئەمریکا | فین موری | ١٩٢٠ |
| ١٣. ئەڵمانیا | بیتر بول فیتلر | ١٩٢٣ |
| ١٤. ئەمریکا | ئەی .ا. دوبون | ١٩٢٦ |

## فیلمە بەدەنگەکانی ڕۆمیۆ جولێت:

١.فیلمی (ڕۆمیۆو جولیت) بۆ یەکەم جار ساڵی ٥١٩٣ لەدەرهێنانی (جۆرو کیوکر) پێشکەش کراوە، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێناوە وەک چاوەڕوان دەکرا، کە تێیدا (نۆرما شیرۆ) ڕۆڵی (لیزلی هوارد) ڕۆڵی ڕۆمیۆی تێدا بینی.

٢. ساڵی ١٩٣٩ لەوڵاتی فەرەنسا دەرهێنەری ناسراوی فرەنسی (ویلی روزویر) فیلمی (ڕۆمیۆو جولێت)ی بۆسینەما بەرهەم هێنا.

٣. هەروا (فارلین شمیدلی) ساڵی ١٩٤١ لەسویسرا کاری دەرهێنانی بۆ (ڕۆمیۆ جولێت) ئەنجام دا.

٤. (میجیل دلجادۆ) لەمەکسیک ـ ساڵی ١٩٤٣ فیلمی (ڕۆمیۆ و جولێت)ی دەرهێنا.

٥. ساڵی ١٩٤٤ فیلمێکی تر لەشانۆگەری (ڕۆمیۆ جولێت) فیلمێکی میسری بوو، بەناوی (شەهیدانی ئەڤینداری) دەرهێنانی کەمال ئەلشەیخ.

٦. ساڵی ١٩٤٨ فیلمێکی تر بەبەرهەم هات، فیلمێکی هیندی بوو(ڕۆمیۆ جولێت) دەرهێنانی(ئەکتار حسێن) نواندنی(نرجس و یوراج) کە دوو ئەستیرەی ناسراوی بواری گۆرانی و موزیک بوون.

٧. فیلمێکی تری (ڕۆمیۆو جولێت) ساڵی ١٩٥٤ بەبەرهەم هاتووە، فیلمێکی ئیتاڵی بووە، لەدەرهێنانی(ریناتۆ کاستیلانی) نواندنی (سۆزان شینتال) و(لۆرانس هارفی)

٨. ساڵی ١٩٥٨ فیلمێکی سۆڤیەتی بوو، بەناوی(ڕۆمیۆو جولێت) دەرهێنانی(لیف ئەرینتشام) لەبالیەی (برۆکوفییف) وەرگیرابوو.

٩. چیرۆکی گەڕەکی ڕۆژئاوا (West Side Story) فیلمێکی موزیکیە ساڵی ١٩٦١ بەرهەم هاتووە، لەدەرهێنانی (ڕۆبەرت وایز) ١٠ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێناوە،

لەوانـە خەڵاتـی باشـترین فیلـم، باشـترین ئەکتـەری لاوەکـی پیـاوو باشـترین ئەکتـەری لاوەکـی ئافـرەت، باشـترین جلـو بـەرگ وباشـترین موزیـک.

روداوەکانـی ئـەم فیلمـە لەگەڕەکێکی کۆنـی شـاری نیۆیۆرک تۆمـار کـراوە، لەنواندنی(ناتالی وۆرد ـ ریتشـارد بایمـەر).

سـاڵی ١٩٦٤ فیلمێکـی ئیتاڵـی ئیسـپانی هاوبـەش بەرهـەم هێنـدرا، لەلایـەن دەرهێنـەری ئیسـپانی (ریـکاردۆ نریـدا) کاری دەرهێنانـی بـۆ کـراوە.

١٠. سـاڵی ١٩٦٥ بەبەرهەم هاتووە، نمایشـێکی ئەکادیمییای پاشـایی بۆدرامـا لەلەندەن بوو، دەرهێنانی(فال دروم)

١١. سـاڵی١٩٦٧ فیلمێکـی (ئیتاڵـی ــ بەریتانـی) هاوبـەش بەرهــەم هــات، دەرهێنانــی (فرانکــۆ زیفرللــی) نواندنــی (لیۆنــاردۆ وایتینــج) و (ئۆلیڤیــا هاســی) .

ئــەم فیلمــە بەباشــترین فیلــم دادەندرێــت لــەو فیلمانــەی لەشــانۆیی (رۆمیــۆ و جولیێــت) وەرگیــراون.

**(زیفرللی) لەم بارەیەوە دەڵێت:**

دوای ئــەوەی دە ســاڵان کارم لەشــانۆو ئۆپیــرادا کــرد، چەندیـن شـانۆگەری شکسـپیرم بـۆ شـانۆ دەرهێنـاوە، پێـم ئاسـایی بـوو بەسـینەما دریـژە بەکارەکانـم بـدەم لەگـەڵ شکسـپیردا.

(جـۆرج کاو) لەنووسـینێکیدا بەنـاوی (وتوویژێـک لەگـەڵ زیفرللـی) لەگۆڤـاری (فیلـم ئاندفیلمنـج) لەبەریتانیـا ئەپریلـی ١٩٧٣دەڵێـت:

**رەخنەگری بەریتانی (کینیت تینان) نوسیوویەتی:**

کەسایەتیەکان نەگەورەتر لەخۆیان نەبچووکتر بوون لەژیان، بەڵکو کتومت بەقەد خۆیان بوون. رێچکەیەکی سادەو وروژێنەری بەکارهێنابوو لەرەسم کردنی کەسایەتیەکاندا، وەک ئەوەی تاکی راستەقینە بن لەهەڵوێستە راستیەکاندا.

ئەکتەرەکان هەستیان بەوە نەدەکرد لەچەند رۆڵێکا نواندن دەکەن، لەتراژیدیاییێکی نەمردا، بەڵکو وەک کەسانی زۆر ئاسایی کاریان دەکرد،

دەڵێن ئەم جۆرە شێوازە ریالیستیە خەسڵەتە راستەقینەکانی شکسپیر نیشان دەدەن.

زیفرللی ـ بەهەمان ئەو هەناسە ریالیستیە ئەو فیلمەی دەرهێناوە، بۆ رۆڵ بینینەکەش دوو ئەکتەری لاوی لەتەمەنی حەڤدە ساڵی و شانزە ساڵیدا هەڵبژاردووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فیلمەکەی (زیفرللی) بەدەر نەبوو لەرەخنە، زۆر لەوان گلەییان لەوە هەبوو کە فیلمەکە دیمەنی رووتی تێدایە ئەمەش بەلای ئەوانەوە روخانی بەرائەت و پاکیزەیی بوو لەفیلمەکەدا.

بەلام (زیفرللی) دەڵێت: لەیەکەم شەوو دوا شەوی خۆشەویستیان هەردوو ئاشق وەک دوو فریشتە خەوتبوون، ناکرێت ئەم دیمەنە بەشێوەیەکی هەڵە لێک بدرێتەوە.

فیلمەکە لەنواندنی(ئۆلیفیا هاسی ١٥) ساڵ و (وایتنج

لیۆناردۆ ١٧ ساڵی) بوو، دوو خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێناوە، خەڵاتی باشترین وێنەگرتن و خەڵاتی باشترین دیزاینی جلو بەرگ.

(باز لۆرمان) یش، ئەم فیلمەی لەساڵی ١٩٩٧ لەفیستیڤاڵی بەرلینی سینەمایی نمایش کرد، لەئەنجامدا خەڵاتی (فرید باوەر) و خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت و باشترین ئەکتەری پیاو درایە (لیۆناردۆ دی کابریۆ) لەرۆڵی رۆمیۆ.

فیلمەکە ٢٠ ملیۆن دۆلاری تێ چووبوو، بەڵام لە یەکەم نمایشی دا ٧٥ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنا، بۆیە فیلمەکە لەو کاتەدا لە رووی داهاتەوە، بوو بەسەرکەوتووترین فیلمی شکسپیر.

ئەم فیلمە دووەم فیلمی درێژی دەرهێنەری ئیتاڵی (باز لۆرمان) بوو کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا .

فیلمەکە لەرێکەوتی ٤٠٠ مین ساڵیادی نووسینی رۆمیۆ جولێت بوو، وەک د. (موئەنەس تاها حوسێن) دەڵێت: یەکێکە لەشاکارە هەرە بەچێژەکانی شکسپیرو بەیەکەم شانۆگەری سەرهەڵدانی درامای رۆمانسی دادەندرێت لەئەدەبی ئەوروپی دا، کە کۆمێدیاو تراژیدیا ئاوێزانی یەکتر بکات.

# خەونێک لەنیوەشەوی هاوین دا

# A Midsummer Night› Dream

## دەرهێنانی مایکل هۆفمان



شکسـپیر شـانۆگەری (خەونێـک لەنیوەشـەوی هاوێـن دا لەسـاڵی١٥٩٥ نووسـیووە، ناودارتریـن شـانۆگەری کۆمێدی شکسـپیرە.

وەک تراژیدیـای رۆمیـۆو جولیـت، هـەردوو شـانۆگەری بـاس لەخۆشەویسـتی و ئەڤینـداری دەکـەن، لەواقیـع و لەخەونـدا.

ئـەم شـانۆگەرییە ئاراسـتەکەی بـەو شـێوەیە بـووە کەدەبێـت خۆشەویسـتی کۆتاییەکـەی بـە تراژیدیایەکـی تـاڵ بێـت و تێیـدا کۆتایـی بەژیانـی رۆمیـۆ و جولێـت بێـت، ئـەوە لە(خەونێـک لەنیوەشـەوی هاویـن دا) بەپێچەوانەیـە و لەخۆشەویسـتی دا ژیانێکـی بەختـەوەرو ئاسـوودە لەدایـک دەبێـت

خۆشەویسـتی لای شکسـپیر وەک لـەو شـانۆگەریەدا هاتـووە، هەسـتێکی سـیحراوییە، ناکرێـت بـە ئەقـڵ و لۆژیکیـش پێناسـەی بکەیـت .

شکسـپیر لـەو شـانۆگەریەدا لەنێـوان واقیـع و خەیاڵـدا دەسـوڕێتەوە، لەنێوان جیهانی بنیادەم و جیهانی جنەکاندا.

شـانۆگەریەکە لەچوار سـەدەی رابووردوودا زۆر بەچڕی لەئەورویـادا نمایـش کـراوە، سـاڵی ١٩٦٢ (هنـری بورسـیل) ئۆپیـرای لـێ دروسـت کـردووە

ئـەم فۆرمـە شـانۆییە لەسـەدەی شـانزەهەمدا لەنێو نەجیب زادەو پیاوانـی کۆشـک پـەرەی سـەند، زۆر بایەخـی بەجلـو بەرگـو موزیـک و سـەما داوە.

ئەم شانۆگەریە ٢٠ فیلمی لەسەر کراوە:

**فیلمی بێدەنگ:**

| | | |
|---|---|---|
| ١.فەرەنسا | لی لیۆن | ١٩٠٩ |
| ٢. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | ستیوارت بلاکتۆن | ١٩٠٩ |
| ٣. ئەڵمانیا | هانزنیومان | ١٩١٣ |
| ٤. ئەڵمانیا | هانز نیومان | ١٩٢٥ |

**فیلمی بەدەنگ:**

بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٥ لەلایەن دەرهێنەری ئەڵمانی (ماکس رینهارد) لەئەڵمانیا بەشێوازی شانۆی بازنەیی بەرهەم هاتووە، لەنواندنی(جیمس کاجنی، ئۆلیفیا دی ها فییلاند)

ماکسی دەرهێنەر فۆرمێکی کۆمێدی دابووە، فیلمەکە و خەلاتی ئۆسکاری بۆ باشترین وێنە گرتن و باشترین مۆنتاژ بەدەست هێناوە .

فیلمی دووەم ساڵی ١٩٥٨ بەبەرهەم هاتووە، فیلمێکی بەریتانیە، بە ١٦ میلم لەلایەن دەرهێنەر(رودولف کارتیر) دەرهێندراوە، هەردوو ئەکتەری ناودار(بول روجرز، جولیان لین ـ رۆڵی سەرکییان تێدا بینیووە.

ساڵی ١٩٥٩ سێیەم فیلم لەو شانۆگەرییە، وەک فیلمی بوکۆڵە لەلایەن دەرهێنەری چیکسلۆفاکی(بیری ترنکا) کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، بۆ یەکەمجار بوو فیلمی بوکۆڵە لە شانۆگەرییەکانی شکسپیر کاری بۆ بکرێت.

ئەو دەرهێنەرە یەکێکە لەناودارترین هونەرمەندانی

گەمــەی بوکۆڵــە لەمێــژووی ســینەمای بوکۆڵــە لەجیهانــدا، ترنــکا ـ توانــی بەگەمــە پێکردنــی بوکۆڵــە بەجوانتریــن شــێوە بەرجەســتەی خەیاڵــی شکســپیر بــکات و هــەردوو جیهانی ئەشق و ڕاوەدوونـان، لەنێو کەسایەتیە دیارەکانی ئەسـیناو جیهانـی سـیحر لـە فۆلکلـۆری ئینگلیـزی ئاوێزانـی یەکتــر بــکات.

کاریگــەر بوونــی بەدەرهێنانــی (ڕینهــارت) پێــوە دیــار بــووە، لــەڕووی شــێوازی بازنەیــی شــانۆوە، بەمــەش وای کـردووە کـە بینـەر لەکاتـی سـوڕانی بتوانـێ هەمـوو شـتێ ببینــێ.

لەســاڵی ١٩٦٨ چــوارەم فیلــم بەبەرهــەم هاتــووە، کــە فیلمێکـی بەریتانـی بـوو، لەدەرهێنانی(بیتــەر هــاڵ) (دیــرک جـود۔ باربـارا جرنـود) بـوو.

فیلمـی پێنجـەم سـاڵی ١٩٦٩ لـە دەرهێنانـی (جـۆن کامـب) بـوو، (باتریـک ئالیـن و بیتـی هیـل) ڕۆڵـی سـەرکیییان تێدا بینـی.

دیســان هــەر (مایــکل هۆفمــان) فیلمــی (خەونێــک لــە نیــوە شــەوی هاویــن) ی شکســپیری لەســاڵی ١٩٩٩ بــۆ ســینەما دەرهێنــاوە، لەلایــەن چەنــد هونەرمەندێکــەوە بەبەرهــەم هێنـدراوە، بەهـۆی سـەرسـام بوونیـان بەگەورەیـی دەقەکـەو ئــەو زەمینــە لەبــارە ســینەماییەی لــەو دەقــەدا هەســتیان پێکــردووە.

هۆفمـان ـ ناونیشـانی فیلمەکـەی نـاو نـاوە (ولیەم شکسـپیرو

خەونێک لـە نیوەشـەوی هاویـن دا) لکاندنـی نـاوی شکسـپیر بەناونیشـانی فیلمەکـەوە بـەو هۆیـەوە دێـت، کـە هۆلفمـان ـ خـۆی بـە دەقـە رەسـەنەکەی شکسـپیرەوە بەسـتۆتەوە وەک خـۆی، بـەڵام ئەمـەش ئـەوە ناگەیەنێـت کـە دەرهێنـەر وەک نووسـەری سـیناریۆکە تێڕوانینـی تایبەتـی خـۆی نەبـوو بێـت لەدارشـتنی دەقەکـە بـۆ فیلـم، یـان دەقەکـە وەک شـانۆ تۆمـار بـکات و زمانـی شـانۆ بگـۆڕێـت بـۆ زمانـی وێنـە، نەخێـر دەرهێنـەر تێڕوانینـی زۆر جوانـی خسـتۆتە سـەر دەقەکـەو زمانێکـی سـینمایی تایبەتـی پـێ بەخشـیووە، ئەمەیـە وای کـردووە بینـەر چێژێکـی تایبەتـی لەفیلمەکـەدا وەربگرێـت .

# فیلمی (هنری پێنجەم)
# The king



گرنگترین ئەو فاکتەرانەی هانی لۆرانسی دا بۆ دەرهێنانی ئەو فیلمە ئەوەبووکە بەریتانیا لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، بەرەو سەرکەوتن دەچوو بەسەر دوژمنەکانیدا.

ساڵی ١٩٥٧ دووەم فیلم دەربارەی (هنری پێنجەم) بە بەرهەم هات، لە دەرهێنانی(بیتر ئەیوس، نواندنی جۆن نیڤل .

فیلمی سێیەم ساڵی ١٩٦٦ بۆ تەلەفزیۆنی تۆرنتۆ بەبەرهەم هات، فیلمێکی کەنەدی بوو، لە دەرهێنانی (لۆرن فرد) و نواندنی دۆگلاس راین

دەرهێنەر(کینس براناغ) ساڵی(١٩٨٩) ساڵی ٢٠٠٠ هنری پێنجەمی بۆ سینەما دەرهێناوە . کینس برانا ـ وەک گۆڤاری (تایم) ئاماژەی پێکردووە، بەجێگرەوەی لۆرانس ئۆلیفیە دادەندرێت، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا چەندین فیلمی لەشانۆگەریەکانی شکسپیر ساز کردووە، ساڵی ١٩٥٢ بەرهەم هاتووەو خەڵاتی چڵەدارخورمای زێڕینی لەفیستیڤاڵی بەرلینی سینەمایی وەرگرتووە، نۆیەم فیلمی لەشاکارەکانی شکسپیر نمایش کردووە (هەوڵی ئاشقان بەبا چوو) جگە لەچەندین فیلمی دیکە وەک هنری پێنجەم ١٩٨٩، ئاژاوەیەکی بەتاڵ ١٩٩٣،هاملێت ـ ١٩٩٦.

فیلمەکە سەربوردەی ژیانی پاشا (هنری پێنجەم) دەگێڕێتەوە، کە دوای هنری چوارەمی باوکی کورسی پاشایەتی بەریتانیا دەگرێتە دەست، باوکی وڵاتێکی ئارامی بۆجێ دێڵێ، دوای ئەوەی باوکی کۆتایی بەشەڕی

ناوخۆیی ئەو وڵاتە دێنێ و وڵات گەشەسەندنێکی زۆری شارستانی و رۆشنبیریی بەخۆیەوە دەبینێت.

(هنری پێنجەم) بوو بەخاوەنی جەماوەرێکی زۆر، وێڕای بەردەوام بوونی سەقامگیری لە وڵاتەکەی دا، بەڵام ساڵی ١٤١٥ دوای ئەوەی هەستی بەسوکایەتی پێکردنێکەوە کرد لەلایەن فەرەنسا، هەڵمەتێکی سەربازی دژی فەرەنسا دەست پێکرد کە بەشەڕی (ئەجینکورت) ناسراوە و لەئەنجامدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا.

بەهەمان شێوە ساڵی ١٤١٧ هەڵمەتێکی دیکەی ئەنجامدا، دیسان هەر سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

بۆیە لەئەنجامدا، دەسەڵاتی خۆی بەسەر فەرەنسادا سەپاندو شازادە کاترینی کردە هاوسەری خۆی.

هنری پێنجەمی پاشای ئینگلتەرا، کاتێ ساڵی ١٤١٣ دەبێتە پاشای ئینگلتەرا، بۆ ماوەی نۆ ساڵ لە فەرمانرەوایی مایەوە،

دوا فیلمێک کە لەشانۆیی (هنری پێنجەم) وەرگیرابێت، فیلمێکی ئیتاڵیە کە لە ٢ی دیسێمبەری ٢٠١٩ بەبەرهەم هاتووە بەناو (پاشا)، کە چارەسەرێکی نوێ ی بۆ شانۆگەریەکەی شکسپیر تێدا کراوە، لە سیناریۆو دەرهێنانی (دیفید میشود)ە .

هەروا فیلمێکی تری (هنری پێنجەم) ساڵی١٩٨٩ لەمەملەکەتە یەکگرتووەکان بەرهەم هاتووە، لەدەرهێنان

و نواندنــی (کینیــت برانــا) یــە .


ئــەو شــانۆگەرییە لەســاڵانی ١٩٤٤ تــا ١٩٦٦ ســێ فیلمــی لــێ بەرهــەم هاتــووە:

رەخنەگــران وای بۆدەچــن کەشــانۆگەریەکە هەڵــەی مێژوویــی زۆری تێدایــە، بــەڵام شکســپیر بــەو شــێوەیەی ئــارەزووی کــردووە دەســکاری مێــژوو، رووداوەکانیشــی کــردووە .

(هنــری پێنجــەم) لای شکســپیر پاشــایەکی نموونەیــی بووە لەنێو ئــەو پاشــایانەی لــە شــانۆگەریەکانیدا دروســتی کــردوون، ئــەو هــەردوو هاوکێشــەی شــەرعیەت و هێــز بەیەکــەوە کــۆ دەکاتــەوە.

ئــەو پاشــایە کورســی پاشــایەتی لەهنــری چوارەمــی باوکییــەوە بــۆ مابــۆوە، تێکــەڵ بەخەڵــک و عەوامــی وڵاتەکەی دەبوو، بەهەمــوو چین و توێژەکانییــەوە، بەمەش وای کردبــوو خەڵکــی خۆشــی بــوێ و ببێــت بەخــاوەن جەماوەرێکــی زۆر، جێگــەی رەزامەنــدی گەلەکــەی بــوو، هێرشــی کردە ســەر غازیاو ئــازادی کرد، ئاڵای وڵاتەکەی خــۆی لەچەنــد شــارێکی فەرەنســا هەڵکــرد.

# فیلمی ئۆتیللو
# Othello



ئۆتیللـۆ یەکێکـە لەشـاکارە تراژیدیەکانـی شکسـپیر، چیرۆکـی کیژۆڵەیەکـی شـۆخ و شـەنگی کچـی ئەندامێکـی ئەنجومەنـی پیرانـی فلۆرەنسـا دەگێڕێتـەوە، کەدەکەوێتـە داوی خۆشەویسـتی کـوڕە گەنجێکـی مەغربـی رەش پێسـت بەنـاوی (ئۆتیللـۆ).

چەنـد جارێـک ئـەو دوو لاوە ژوانـی نهێنیـی ئەنجـام دەدەن، تـا لەئاکامـدا هـەر بەنهێنـی دەیخـوازێ، بەبـێ ئـاگاداری باوکـی، بـەڵام دوای ئـەوەی (ئۆتیللۆ) پاکـی خـۆی دەسـەلمێنێ، دەکرێت بەژەنەراڵێک لەسوپاو بۆ ئەنجامدانـی ئەرکێکـی سـەربازی، رەوانـەی قوبـرس دەکرێـت، لـەو سـەفەرەدا ژنەکـەی خۆشـی لەگـەڵ خـۆی دەبـا، ئیـدی تراژیدیاکـە لەوێـوە دەسـت پـێ دەکات.

(یاگۆ) کەرقی لەئۆتیللۆیـە، هەمیشـە خەریکـی پلانگێڕییـە بۆئـەوەی تۆڵـە لـە (ئۆتیللـۆ) بسـێنێتەوە.

بۆیــە لــەو گەشــتەیدا پیلانێکــی بــۆ دادەنێتــەوە کــە لەئەنجامـدا دەبێتـە هـۆی کەتنێکـی گـەورەو دروسـت کردنـی گومـان و دڵ پیسـی لای ئۆتیللـۆ لە(دەزدەمونـە) تـا ئـەو گومانـە دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە ئۆتیللـۆ بەدەسـتەکانی خـۆی (دەزدەمونـە)ی هاوسـەرو خۆشەویسـتی بخنکێنـێ.

بـەڵام دواتـر کـە راسـتیەکانی بـۆ ئاشـکرا دەبێـت و پیلانەکـەی یاگـۆی بۆ دەردەکـەوێ، زۆر پەشـیمان دەبێتـەوە، بۆیـە لەتـاوان خۆشـی دەکوژێـت .

وا پێشـبینی دەکرێت کـە دەقـی تێکسـتە رەسـەنەکە سـاڵی

١٦٠٣ نووسـرابێت و دەڵێـن لەچیرۆکێکـی هـەزارو یـەک شـەوە وەرگیـراوە.

ئۆتیللۆ- زێتـر لـە ٣٠ فیلمـی لەسـەر کـراوە، دەرهێنـەری ئەمریکـی (ئۆرسـۆن ویلـز) سـاڵی ١٩٥٢ کاری دەرهێنانـی بـۆ کـردووە، خەڵاتـی چڵەدارخورمـای زێڕینـی لەفیسـتیڤاڵی (کان)ی سـینەمایی پـێ بەدەسـت هێنـاوە .

تەنیـا لەسـاڵانی ١٩٤٦ تـا سـاڵی ١٩٦٥ شـەش فیلمـی لەسـەر کـراوە، لەوانـە:

سـاڵی ١٩٤٦ یەکـەم فیلمـی لەسـەر بەرهـەم هێنـدراوە، کـە فیلمێکی بەریتانی بوو، لەدەرهێنانی (دافید ماکانی) ئەکتـەری ناسراو(جۆنسـالتیر) رۆڵـی پاڵەوانیەتـی تێدا بینیـووە.

لۆرانـس ئۆلیڤیـە پێـی وایـە ئـەم فیلمـە بینینی نمایشـەکە بـووە، زیاتـر لـەوەی خەسـڵەتی فیلمسـازی هەڵگرێـت، ماوەکـەی تەنیـا ٤٤ خولـەک بـووە.

فیلمـی دووەمـی ئۆتیللـۆ سـاڵی ١٩٥١ بەبەرهـەم هاتـووە، کـە فیلمێکـی ئەمریکیـە، لەدەرهێنانـی (ئۆرسـۆن ویلـز) کـە یەکێکـە لـە سـێ ئـەو سـینەماکارانەی لـە کاری شکسـپیریی دەسـت رۆیشـتوون دوای (لۆرانـس ئۆلیڤیـە) و (جیجـۆری کۆزنسـییف).

ئۆرسـۆن ویلز- سـاڵی ١٩٠٩ لـە دایـک بـووە، هـەر لەمنداڵییـەوە زۆرینـەی شـاکارەکانی شکسـپیریی لـە بـەر کـردووە، هەمیشـە خەونـی بـەوە دەبینـی ئـەو شـاکارانە لەشـانۆ یـا لەسـینەمادا پێشـکەش بـکات.

دوای ئـەوەی سـاڵی ١٩٤٨ ماکبێسـی بـۆ سـینەما دەرهێنـا، سـاڵی ١٩٥١ دوای چوارسـاڵ لەخـۆ ئامـادە کـردن، فیلمـی (ئۆتیللـۆ)ی بەبەرهـەم هێنـا، ئـەو فیلمـە کـە لەدەرهێنـان و نواندنـی خـۆی بـوو، لەفیسـتیڤاڵی (کان) ی سـینەما خەڵاتـی دەرهێنانـی بەرکـەوت.

لـە سـاڵی ١٩٥٥ سـێیەم فیلـم و چـوارەم فیلمـی (ئۆتیللـۆ) ی لەیەکێتـی سـۆڤیەت بەبەرهـەم هـات، فیلمـی (ئۆتیللـۆ) لـە دەرهێنانـی (سـیرجی بۆتکیفتیـش) و فیلمی(ئۆتیللـۆ) لـە دەرهێنانی(فاختنـج تشـابۆکیانی)

(تشـابوکیانی) ئـەم فیلمـەی لـەو بالیـە وەرگرتبـوو، کـە موزیکەکـەی لەلایـەن ئالکـی ماتشـافاریان داندرابـوو.

(بۆتکیفتـش) لەفیلمێکـی ئۆتیللـۆی وەرگێڕانی(بوریـس باسـترناک) و (ئانـا راد ئالوفـا) بـۆ سـینەما دەرهێنابـوو، تێیـدا رۆڵـی سـەرەکی فیلمەکـەی (ئۆتیللـۆ) ی بە(سـیرجی بۆنـدار تشـوک) دابـوو، رۆڵـی (دەزدمونـە)ش بـە (ئیرینـا سکۆبتسـیفا) و رۆڵی (یاگۆ)شـی دابـووە (ئەندریـە بوبـوف).

فیلمەکـە لەفیسـتیڤاڵی(کان) ی سـینەما، خەڵاتـی باشـترین دەرهێنانـی بەدەسـت هێنـا.

ئۆرسـۆن پرژابـووە سـەر سـیمای رۆژئاوایـی ئۆتیللـۆ، فیلمەکەشی لەمەغریب تۆمار کردبوو، پشتی پیرفۆرمانسی (بۆندارتشـوک) و موزیکـی (ئارام خاتشـاردوریان) ی شـێوە رۆژهەڵاتـی بەسـتبوو.

بونـدار تشـوک ـ دەربـارەی ئۆتیللـۆ گوتـی: ئۆتیللـۆ

کەسـایەتیەکی مرۆیـی پێشـکەوتنخوازانەی هەبـوو، ئەمـە راوبۆچوونـی ئەوانەیـە کـە لەکەسـایەتی شکسـپیریان کۆڵیوەتـەوە.

بۆ نموونـە ئەکتـەری ناسراوی ئیتالّی(سالفیینی) ئۆتیللۆی بـەم رۆحیەتـە شۆڕشـگێڕانەییەوە بەرجەسـتە کردبوو، وای بۆ دەچـوو ئۆتیللۆ لەناخیدا رقێکـی زۆری لـەداب و نەریتـە کۆنەپەرسـتیەکان هەبـوو، هەمیشـە هەوڵـی دەدا جیـاوازی رەنـگ و پێسـت نەهێڵـێ، کـە زۆر جـاران ئاسـوودەیی لـێ دەسـەند.

هەروەهـا دەڵـێ: هەنـدێ لەشـانۆکاران لـەرووی فیلمەکـە وەسـتان ودەیانگـوت: ئـەم فیلمـە رووی راسـتەقینەی شکسـپیر دەشـێوێنێ .

(بوندارتشـوک) دەڵێـت: کاتێ(یاگـۆ) دەڵێـت: (دیزدمونـە) بـێ گوناهـە، مـن لەوچرکەیـەدا هیـچ توانایێکـی گوزارشـت بەخشـم بەدەسـتەوە نەمـا.

سـاڵی ١٩٥٨ دەرهێنـەری میسـری حەسـەن رەزا فیلمـی پێنجەمـی ئۆتیللـۆی دەرهێنـا، لەنواندنـی یەحیـا شـاهین، تەحیـا کاریـوکا، مەحمـوود ملیجـی.

ئـەو دەرهێنـەرە بەهەمـان فۆرمـی (ئەندریـە کاتیـس) ی سـۆڤیەتی کاری کـردووە.

سـاڵی ١٩٦٥ ـ شەشـەم فیلـم لەسـەر شـانۆگەری ئۆتیللۆ بەبەرهـەم هـات کـە لەدەرهێنانـی (سـتیوارت بـورج) بـوو.

فیلمەکـە تۆمـار کردنـی نمایشـێکی ئۆتیللـۆ بـوو کـە

لەدەرهێنــان و نواندنــی (لۆرانــس ئۆلیڤیــە بــوو، نمایشــەکەی بــۆ شــانۆی نەتەوەیــی بەریتانــی نمایــش کــرد.

(ئۆلیفیــە) ئۆتیللــۆی وەک کەســایەتیەکی دواکەوتــووی نێــو جیهانیــی شارســتانیەت و زیرەکــی بەرجەســتە کــرد، بەپێچەوانــەی (یۆتکیفتیــش) .

تێڕوانینــی (ئۆلیڤیا)بــۆ تراژیدیــای شکســپیری، تێڕوانینێکــی ڕەگەزپەرســتی بــووە، لەســەلیبیەتیش بــەدەر نەبــوو، بۆیــە کاراکتەرەکــەی ئۆلیڤیــە کاراکتەرێکــی ڕەش پێســت بــوو، هەمــوو ئــەو خەســڵەتانەی تێدابــوو کــە پیــاوە ســپییەکان جەختیــان لەســەر کردۆتــەوە، ئەوەتــا (ئۆتیللــۆ) دەبینــی چــۆن بەســەرین دەزدمۆنــە دەخنکێنــێ.

(ئۆلیڤیــە) ئۆتیللــۆی بەجلــی ڕەشــەوە دەرخســتووە، ئەوانــەش کــە لــەدەورو بەرینــە بەهەمــان شــێوە، ئەوەتــا گەردنــی ئۆتیللــۆ ملوانکەیەکــی ســەلیبی بەگەردنــەوە دیــارە، بــەڵام لەحاڵەتێکــی تــوڕە بووندا ئــەو ملوانکەیــە لەملــی خــۆی دەکاتــەوە فــڕی ی دەداتــە ســەر زەوی.

هــەروا ســاڵی ١٩٩٥ (ئۆلیفــەر بارکــەر) ئۆتیللــۆی بــۆ ســینەما بەرهــەم هێنــاوە، لەنواندنــی (لۆرانــس فیشــبرن).

# فیلمی شەوی دوانزەهەم
# Twelf Night



ئـەم فیلمـە لەیەکـێ لەشـانۆگەرییە کۆمیدیاکانـی شکسـپیر وەرگیـراوە.

شکسـپیر بۆئـەوەی نووسـیووە کـە ١٢ رۆژ دوای ئاهەنگـی سـەری سـاڵ لەهەردوو کۆشـکی شـازادە (ئۆرسـینۆ)و کۆشـکی ئۆلیفیـای خۆشەویسـتی نمایش بکرێت، کەدوای مردنی براکەی سـوێندی خواردبوو تـا حـەوت سـاڵان هیـچ پیاوێک نەبینـی.

لەفیلمەکـەدا گەلێـک رووداوی خـۆ گۆڕینـی ژنـان و پیـاوان دەبینـدرێ، کۆتاییەکـەی بەگەڕانـەوەی ئـەو برایـەی دێـت کـە بەمردوویـان دانابـوو، پاشـان خوازبینـی هەردوکییـان.

فیلمەکـە چیرۆکـی لێـک دوورکەوتنـەوەی خەفەتبـاری ئـەو خوشـک و برایـە دەگێڕێتـەوە.

دواتـر چیرۆکەکـە دەبێتـە چیرۆکێکـی رۆمانسـی، دوای ئـەوەی هـەر یـەک لـەوان تووشـی داوی خۆشەویسـتی دەبن.

ئـەو چیرۆکـە بەکۆمەڵـێ روداوی بەتامـو چێـژ تێدەپـەڕێ، لەکۆتاییدا هەردوکیـان خوشـکو براکە کۆتاییەکی بەختەوەریان دەبێـت بەیەکتـر شـاد دەبنـەوە .

فیلمە بێدەنگەکانی شەوی دوانزەهەم:

١.ئەمریکا ستیوارت بلاکتۆن ١٩١٠

**فیلمە بە دەنگەکان:**

ئـەم شـانۆگەرییە لەسـاڵانی ١٩٥٥ تـا سـاڵی ١٩٦٩ شـەش فیلمـی لـێ دروسـت بـووە، لەوانـە:

فیلمـی یەکـەم: فیلمێکـی سـۆڤیەتیە (شـەوی دوانزەهـەم) دەرهێنانـی (بـان فریـد) سـاڵی ١٩٥٥ بەرهـەم هاتـووە.

(لیـود میـلاو لوشـکو)و (ئەندریـە لاربانـۆف) و ڕۆڵـی تیـا دەبینـن.

فیلمـی دووەم: فیلمێکـی ئەڵمانیـە، دەرهێنانی(نرانـز بیتر) سـاڵی ١٩٦٢ بۆ تەلەفزیۆنـی باڤاریـا بەرهـەم هاتـووە، نواندنـی (بیتـەر ئەندریـە و کارل نوجکر).

فیلمـی سـێیەم: فیلمێکـی ئەڵمانیـە، سـاڵی ١٩٦٣ بەهەمـان ناونیشـانی خـۆی، لەدەرهێنانی(لۆسـەر بیلاج) هـەردوو ئەکتـەر (کریسـتیل بـود نیسـیتن و جیـری وولـف) ڕۆڵـی تیـا دەبینـن.

فیلمـی چـوارەم: کـە لەهەمـان تێکسـت وەرگیـراوەو ناونیشـانی(تەنیا بـۆ هەڵەکـەر) ە، دەرهێنانـی (هانـز بیورجیـر) یەکێـک لەباشـترین ئـەو فیلمانـەن کـە لەشـانۆیی (شـەوی دوازەهـەم) وەرگیـراوە.

لـەم فیلمـەدا دەرهێنـەر هەوڵـی داوە فۆرمێکـی نامۆیـی بڕێخت لـە گوزارشـت کـردن لـە کۆمیدیایەکـی شکسـپیری بـەکار بێنێت.

کۆمیدیاییێکـی مۆسـیقایی هاوکـوف لەگـەڵ دایەلـۆژو گۆرانـی و میلـۆدی جیـاوازی خسـتۆتە نـاو فیلمەکـە.

فیلمـی پێنجـەم: سـاڵی ١٩٦٩ لـە بەریتانیـا کاری لەسـەر کراوە، لەدەرهێنانـی (جـۆن سیشـل) و نواندنـی هـەردوو ئەکتـەری ناسـراو(ئەلیک جینـس و رالـف ریتشاردسـۆن).

فیلمـی شەشـەم: لەدەرهێنانـی دەرهێنـەری جیهانیـی (تریفـۆر نـان)و (هیلینـا بونهـام) و (کارتـر ورتشـارد) ڕۆڵـی سـەرەکییان تێـدا بینیـووە،خەڵاتـی لۆرانـس ئۆلیفیـەی بەدەسـت هێنـاوە.

# فیلمی بازرگانی ڤینیسیا
# The Merchant of Venice



**فیلمە بێدەنگەکانی بازرگانی ڤینیسیا:**

| | | |
|---|---|---|
| ١. ئەمریکا | ستیوارت بلاکتۆن | ١٩٠٨ |
| ٢. ئیتاڵیا | ج. لۆسافیۆ | ١٩١٠ |
| ٣. ئەمریکا | | ١٩١٠ |
| ٤. فرەنسا | هنری دی | ١٩١٣ |
| ٥. ئەمریکا | لیو وبیر | ١٩١٤ |
| ٦. بریتانیا | والترۆست | ١٩١٦ |
| ٧. ئیتالیا / فرەنسا | بیر بیلۆن | ١٩٥٢ |

شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیا ١٢ فیلمی لەسەر کراوە، یەکێ لەوان لەساڵی ٢٠٠٤ بەرهەم هاتووە، لەسیناریۆو دەرهێنانی (مایکل رادفۆر)دە.

رەخنەگرەکان زۆر ستایشی تواناو لێهاتوویی دەرهێنەریان کردووە لەکاتی بەفیلم کردنی شانۆگەریەکە و بەرجەستە کردنی فەلسەفەی شکسپیر لەرووی بەخیلی و بەخشندەیی و تۆڵەسەندنەوەو لێبوردەیی و خۆشەویستی و نەفرەت داری، کە لەدەقە شانۆییەکەدا بەرجەستە بووە.

ڕووداوەکانی فیلمەکە بۆ سەدەی شانزەهەم دەگەڕێتەوە، باس لەگەنجێک دەکات لەشاری ڤینیسیا دەژیت و دەیەوێت سەفەر بکات بۆ وڵاتێکی تر، بەئامانجی خوازبینی کچێکی دەوڵەمەند، بەڵام پارەی سەفەر کردنی پێ نابێت، بۆیە داوای یارمەتی لەهاوڕێیەکی بازرگانی خۆی دەکات، بەڵام ئەو بازرگانە لەو کاتەدا ئەو خارجیەی پێ نابێت، لەبەر

ئـەوەی پارەکانـی خـۆی بەکەلوپـەل داوە.

بۆیـە بازرگانەکـە پەنـا بـۆ (شـایلۆک) ی جولەکـە دەبـات، خـۆش بەختانـە ئـەو ڕازی دەبـێ پارەکـەی بـە قـەرز بداتـێ، بـەڵام بـەو مەرجـەی ئەگـەر تـا سـێ مانگـی تـر پارەکـەی بـۆ نەگەڕانـدەوە، ئـەوە لـە بـری ئـەوە پارەیـە بەشـێک لەگۆشـتی جەسـتەی لـێ دەکاتـەوە.

شـانۆگەریەکە سـاڵی ١٥٩٧ نووسـراوەو سـاڵی ١٩٥٢ (بییـر بیلـۆن) کاری دەرهێنانـی بـۆ کـردووە، ئەکتـەری ناسـراوی فرەنسـی (سـیمۆن) ڕۆڵـی شـایلۆکی تێـدا بینییـووە.

هەمـان شـانۆگەری سـاڵی ٢٠٠٤ لەئیتاڵیـاو لۆکسـمبۆرگ کـراوە بەفیلـم، لەدەرهێنانی(مایـکل ڕادفـۆرد).

شکسـپیر لەتێکسـتەکەدا بـەڕوون و ئاشـکرایی ڕقـی خـۆی بەرامبـەر بەجولەکەکانـدا دەربڕیـووە، ئـەوەی دەرخسـتووە کەچـۆن جولەکـەکان لەڕابـوردوو ئێستاشـدا تینـووی خوێـن مژینـن .

شکسـپیر لەڕێگـەی کەسایەتی(شـایلۆک) ەوە ڕقـی خـۆی بەرامبـەر بەیەهودییەکانـەوە بەرجەسـتە کـردووە، بـەڵام لـەو فیلمـەدا دەرهێنـەر وای نیشـانداوە، کە ئـەوە گوناهی یەهودییەک نیـە، بەڵکـو گوناهـی ئـەو کۆمەڵگایەیـە کـە دەوریانـی داوە، چونکە لەهەمـوو حاڵەتێکا ئـەوان هـەر مرۆڤن و دەکەونە ژێر کاریگەریـی دەوروبـەری خۆیـان.

دەرهێنـەر لەکاراکتـەری (شـایلۆک)دا ڕۆحێکـی مرۆیـی پـێ بەخشـیووە، بەتایبـەت کاتـێ لەلایـەن دەوروبـەری خـۆی

سوکایەتی پێ دەکرێ و کەچی هەر بێدەنگ دەبێت، بەڵام ئەو ڕۆحە تۆڵە سەندنەوەو بەخیلیەی بە کاراکتەرەکەوە دیارە، ڕۆحی تۆڵە سەندنەوەیەکە، لەئەنجامی بێبەش بوونی لەمافە مرۆییەکانی و سوکایەتی پێکردنیەتی وەک مرۆڤ.

بۆیە دەرهێنەر بۆ هەندێ مەرامی تایبەتی هەوڵی داوە، شایلۆک بەفۆرمێکی جیا نیشان بداو تێکستە ڕەسەنەکەی شکسپیری بەلاڕێدا بردووە.

فیلمی (بازرگانی ڤینیسیا) بۆ پێنج خەڵاتی جیاواز پاڵێوراوە، لەوانەش خەڵاتی (شریتی زیوین) لەلایەن سەندیکای ئی(ئال باتشینۆ) چونکە دەرهێنەر گۆڕانکاری لە کاراکتەری شایلۆک کردبوو، ڕەخنە گرەکانیش پێیان وابوو، تائێستا (شایلۆک) بەم ئاستە بەرزە لە شانۆشدا بەرجەستە نەکراوە.

دەرهێنەر (مایکل رادفۆرد) سیناریۆی سینەمایی بۆ دەقەکە نوسیبووە، کەتێیدا ڕەچاوی سیماو خەسڵەتەکانی زێتر لەچوار سەدەی رابووردووی تێدا تۆمار کردووە، وێڕای ئەوەی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دیالۆگ داناوە، بەشێوەیەک کە وێنە لەهەندێ شوێندا جێگەی دیالۆگ بگرێتەوە، لەهەمان کاتیشدا فەزاییکی باشی بۆ فانتازیا و ستاتیکا بەجێ هێشتبوو، تێیدا سنووری تەسکی شانۆی تێپەڕاندبوو.

## هنری چوارەم

بەپێی بیروڕای ڕەخنە گران فیلمی (هنری چوارەم) ی دەرهێنەر (ئۆرسۆن ویلز) کە لەساڵی ١٩٦٥ بەبەرهەم هاتووە، یەکێکە لەباشترین ئەو فیلمانەی لەشانۆگەریەکانی شکسپیر وەرگیراون، کە تێیدا دەرهێنەر کۆمیدیاو سوارچاکی ئاوێزانی یەکتر کردووەو پێنج شانۆگەری شکسپیری لێکتر بەستۆتەوە، ئەمەش فۆرمێکی تازە بووە لەمامەڵە کردن لەگەڵ دەقەکانی شکسپیر بۆ سینەما .

فیلمەکە فۆرمێکی مێژوویی کلاسیکی پێوەیە، باس لەچیرۆکی هنری چوارەمی پاشای فەرەنسا دەکات، کە لەساڵانی ١٥٨٩-١٦١٠ حوکمی فەرەنسای کردووە.

ڕووداوەکانی فیلمەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی پانزەهەم، کاتێ (هنری چوارەم) وڵاتەکەی دووچاری جەنگێکی ناوخۆیی توندو قەرزو قۆڵێکی زۆر کردووە.

ئەم هەلومەرجە وا لەپاشا دەکات، باجێکی زۆر بخاتە سەر کەنیسە، بۆ بەهاوسەنگ ڕاگرتنی هەلومەرجی نالەباری دارایی وڵاتەکەی، ناچاری ئەوە دەبێت بانگی کوڕە گەورەکەی بکات، کە یەکێک بوو لەتوندترین بەرهەڵستکارەکانی بۆ دەسەڵات

گرتنە دەست، بەڵام کاتێ کوڕە گەورەکەی ئەم داوایە ڕەت دەکاتەوە، پاشا ناچاری ئەوە دەبێت ئەو داوایە لە (تۆماس) ی کوڕە بچووکەکەی بکات.

(تۆماس) کەسایەتیەکی لاوازی هەیەو ڕووبەڕووی سوپای (هاری بیرسی) بەرهەڵستکاری پاشا دەبێتەوە.

(هال کان) ی برا گەورەی کە دەزانی باوکی لەچەندین جەنگی لەم شێوەدا هەرەسی هێناوە، داوا لەبرا بچووکەکەی دەکات خۆی لەجەنگ بەدوور بگرێ، بەڵام تۆماس بەگوێ ی ناکا و داوا لە(هاری کی) دە کا خۆیان دوو بەدوو شەڕ لەگەڵ یەکدا بکەن لەجیاتی سوپای هەردوو لا، خۆشبەختانە پاشای بچووک دوژمنەکەی خۆی لەگۆڕەپانی شەڕدا دەکوژێ.

دواتر بەهۆی بەردەوام بوون لەشەڕو شۆڕەکانی دەکوژرێ و پاشای جێ نشین دەبیتە پاشا.

هەروا فیلمی هنری چوارەم ـ لەدەرهێنانی دەرهێنەری ئوسترالی (دیفید میشود) دوای بەشداری کردنی لەفیستیڤاڵی ڤینیسیای سینەمایی لە ٢٠١٨، لەساڵی ٢٠١٩ تۆڕی (نتفلیکس) فیلمەکەی نمایش کرد.

لەو فیلمەدا ئەکتەری ئەمریکی (تیموتی تشالامیت) ڕۆڵی هنری پێنجەم و ئەکتەری ئوسترالی (بن مندلسۆن) ڕۆڵی هنری چوارەمی بینی (ڕۆبرت باتینسۆن) یش ڕۆڵی پاشای جێ نشینی تێدا بینی.

لەفیلمەکمەدا دەرهێنەر سەردەمی هەردوو پاشا هنری چوارەم و هنری پێنجەمی لێک بەستۆتەوە،

# ماکبێس

# Macbeth



لەوەتـەی شكسـپیر سـاڵی ١٦٠٦ ماكبێسـی نووسـیووە، لـەو كاتـەوە تـا ئێسـتا بەزنجیـرە چەندیـن سـەركەوتنی گـەورەی بەدەسـت هێنـاوە، چ لەسـەر تەختـەی شـانۆ چ لـە سـینەمادا.

شـانۆگەری (ماكبیس) لەسـاڵی ١٩٨٣ تاوەكو ئێسـتا زێتـر لـە ٣٥ فیلمـی سینەمایی لـێ وەرگیـراوە، جگـە لـەوەی فیلمەكە بۆتـە سـەرچاوەی بایەخـداری پیشەسـازكارانی سـینەما لەبەریتانیـا، ئەمریـكا، ئیتاڵیـا، ئەڵمانیـا، كەنـەدا، ژاپـۆن .

ماكبێـس كورتریـن تراژیدیـای شكسـپیرە، بـاس لەپێشـەوای ئۆسـكوتلەندی (ماكبێس) دەكات كـە پاشـاكەی خـۆی دەكوژێت بـۆ ئـەوەی ئـەو خـۆی لەسـەر كورسـی پاشـایەتی ئۆسـكوتلەندا دانیشـێ، دوای ئـەوەی سـاحیرەكان سـێ كـەڕەت ئـاگاداری دە كەنـەوە كـە ئـەو دەبێتـە پاشـای ئۆسـكوتلەندا.

لەسـاڵانی نێوان ١٩٤٦ تـا ١٩٧١ ئـەو تراژیدیایە حـەوت كەڕەت فیلمـی لـێ دروسـت كراوە:

یەكـەم فیلـم: سـاڵی ١٩٤٦ بەبەرهـەم هاتـووە، لەدەرهێنانـی (تومـاس بلایـر) بەرهـەم هێنـان و سـیناریۆو وێنەگرتن و مۆنتاژو نواندنی(دافید برادلـی)

دووەم فیلـم: سـاڵی ١٩٤٨ لەلایـەن دەرهێنـەری ئوسـترالی (ئۆرسـۆن ویلـز) بەفۆرمێكی نوێ بەڕەشوسـپی كاری سـیناریۆو دەرهێنـان و نواندنـی بـۆ كـراوە.

دیمەنـی زۆری شـەڕو ئەسـپ سـواری و حیلـەی ئەسـپ وشـەڕە شـیر لەژێـر كاریگـەری موزیـك نیشـان داوە، (ویلـز) خۆشـی رۆڵـی پاڵەوانیەتـی (پاشـای ئۆسـكۆتلەندا) ی لەفیلمەكەدا

بینیووە، ئەکتەری ناسراو(جانیت نولان) یش رۆڵی ماکبێسی بینیووە.

بەڵام فیلمەکە لەرووی رەخنەو بینەرەوە شکستی هێنا، کەچی لەو وڵاتانەی ئینگلیزی نین سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، بەتایبەت لەفەرەنسا، کەپێیان وابوو ئەمریکی و بەریتانیەکان لەرووی رەخنەوە، سەرکەوتوو نەبوونە لەرووی هەڵسەنگاندنی فیلمەکە.

سێیەم فیلم: فیلمێکی ئەمریکی بوو بەناوی(ماکبیس) ساڵی ١٩٥٠ بەبەرهەم هاتووە، لەدەرهێنانی (کاترین ستیفنولهم) و نواندنی (بوب جونز) .

فیلمی چوارەم: فیلمی ئەمریکی (ماکبێس) بوو، ساڵی ١٩٥٤ لەدەرهێنان و نواندنی(ماریۆ ئیڤانی)

فیلمی پێنجەم ـ فیلمێکی ژاپۆنی بوو(کورسی خوێناوی) ساڵی ١٩٥٧ لەدەرهێنانی(کیرۆساوا) کە پاپەند بوونی نەبوو بەناوو کات و شوێن و روداوەکانی تێکستە رەسەنەکە، دەرهێنەر وای کردبوو فیلمێکی ژاپۆنی لێوە بەرهەم بێنێ .

دەرهێنەر کارێکی وای کرد کەیەکێک لە گرنگترین تراژیدیاکانی شکسپیر بەرز رابگرێ، تەنانەت هەندێ لەرەخنەگرو مێژوو نووسان فیلمەکەیان خستە دەرەوەی بازنەی شاکارەکانی شکسپیر.

سینەماکاری ناسراو (شادی عەبدولسەلام) دەربارەی ئەو بەرهەمە دەڵێت:

ئێمە لەو بەرهەمەدا رووبەرووی بەرهەمێکی گەورەو

رەسـەن دەبینـەوە، فۆرمێـک لەبونیـات و ریتـم و ئەکشـن، کاراکتـەری بەهێـز، دیمەنـی سـەرنج راکێـش و موزیـک و جلوبەرگـی وروژێنـەر، ئـەو ماکبێسـە ژاپۆنیـە تـەواو جیایـە لەماکبێسـی ئەوروپیـەکان و رۆژئاواییـەکان.

شەشـەم فیلـم: فیلمـی (ماکبیـس) ی بەریتانـی بـوو، دەرهێنانی(جـۆرج شـافر) نواندنی(ماریـۆ ئیفانـس) سـاڵی ١٩٦٠ بەبەرهـەم هاتـووە، بەرهەمێکـی تەلەفزیۆنـی بـوو،

ئەکتـەری نلسـراوی ئۆسـکۆتلەندی (شـون کۆنـری) سـاڵی ١٩٦١ چانسـی رۆڵ بینینـی ماکبێسـی هەبـووە، لەفیلمێکـدا لەدەرهێنانی(بـول ئالمونـد).

ئەگەرچی(شـون کونـری) تەمەنـی سـی سـاڵی تەمەنـی تـەواو نەکردبـوو، بـەڵام سـەرکەوتنێکی باشـی بەدەسـت هێنـا.

جگـە لەویـش دەرهێنـەری گـەورە (رۆمـان بیلنسـکی) سـاڵی ١٩٧١ ویسـتی رکابـەری لەگـەڵ دەرهێنـەر (ئالمۆنـد) بـکات کـە سـەرکەوتنێکی گـەورەی لەفیلمـی (ماکبێـس) بەدەسـت هێنابـوو، ئەزموونێکـی نوێـی لەفیلمـی ماکبیـس نیشـان داو فیلمێکـی مێژوویـی هاوبەشـی ئەمریکـی ـ بەریتانـی ئەنجـام داو لەئەنجامدا سـەرکەوتنی بـەدی هێنـا.

فیلمەکە سـاڵی ١٩٧٢ لەدەرەوەی پێشـبڕکێ ی فیسـتیڤاڵی(کان) نمایش کـراوە، خەڵاتـی باشـترین فیلمـی پێ بەخشـراوە لەلایـەن ئەنجومەنـی نیشـتمانی بـۆ پێداچوونـەوە، ئەگەرچـی لەهەنـدێ ناوەنـد رەخنـەی زۆری لـێ گیـرا، بەهـۆی کۆمەڵـی دیمەنـی رووت و دیمەنـی تونـدو تیـژی لـە فیلمەکـەدا.

(جۆن فینش) رۆڵی ماکبیسی بینیووە، وێنەی فیلمەکە لەچەند دورگەیەکی بەریتانیا گیراوە، لەکەشو هەوایەکی سەختدا.

دەرهێنەری ناسراوی ئوسترالی (جاستن کیرزل)یش نمایشی فیلمی ماکبێسی کرد، لە فیلمەکەدا کە لەئۆسکوتلەندا وێنەی گرتبوو، باشترین ئەو شوێنانەی بۆ وێنەگرتن تەرخان کردبوو، کە جوانیەکی بەفیلمەکە دابوو، فیلمەکە دوای ئەوەی لەفیستیڤاڵی (کان) نمایش کرا، خەڵاتێکی گەورەی بەدەست هێنا.

(کیرزل) بۆبەرهەم هێنانی فیلمەکەی پشتی بەدوو سیناریۆ نووسی بەناوبانگ بەستبوو، کە پسپۆری شانۆیی بوون بەر لەسینەما، ئەمە وای کردبوو فیلمەکە سیماو بۆنو بەرامێکی شانۆیی پێوە بێت، بەتایبەت لەدایەلۆگە بەهێزەکانی.

فیلمەکە باس لەپێشەواییکی ئۆسکوتلەندی دەکات، کە بەپشتگیری و هاندانی (لیدی ماکبێس) کودەتاییکی بەسەر پاشاکەی خۆیدا دەکات، بۆ ئەوەی خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست، ئیدی روداوەکانی فیلمەکە بەدوو ئاراستە گوزەر دەکات کە ئامانجەکانی بریتین لە: دەسەڵات وکورسیی.

دەرهێنەر تاراددەیەکی زۆر پارێزگاری لەدەقە رەسەنەکەو کەسایەتیەکانی کردووە، لە فیلمەکەدا دیمەنی شەڕو شۆڕی گەورە هەیە، کە تێکڕای ئامانجەکانی دەسەڵات گرتنە بەسەر کورسی پاشایەتی ئۆسکوتلەندا.

بینەر هەر زوو ئاشنا بەئەدای بەهێزی ئەکتەری ناسراو(مایکل فاسبندر) دەبێت کە رۆڵی(ماکبێس) وئەکتەری

ناسراوی فەرەنسی (ماریا کوتیارد) لەرۆڵی (لیدی ماکبێس) دا کەئاواتی ئەوەیە ببێت بەژنی پاشا، بۆیە بەهەموو شێوەیەک هانی مێردەکەی دەدا بەهەر شێوەیەک بێت دەستی بگاتە کورسی پاشایەتی.

هەروا(ئادەم ئەرکاباو)ی بەڕێوەبەری وێنەگرتن، فیلمەکەی لێواو لێو کردووە لەدیمەنی کاریگەرو ئەکشنی کامێرا، دیمەنەکانی تەژی کردووە لەرەنگی جۆراوجۆر بەشێوەیەک کەهەر رەنگێک لەهەر دیمەنێکدا هێمای خۆی ببەخشێ و خوێندنەوەی خۆی بۆ بکرێت .

دەرهێنەری ناسراوی ژاپۆنی(ئەکیرا کیرۆ ساوا) فیلمی (کورسی خوێناوی) لەماکبێس وەرگرتووە، بەڵام بەسەردەمی دەرەبەگەکانی ژاپۆن دەیبەستێتەوە، ئەو سامۆرایەی لەفیلمەکە دایە خواستی ئەوە دەکات لەسەر لاشەی کەسانی تر دەستی بگاتە دەسەڵات، ژنەکەی هانی دەدات، بۆ ئەوەی ئەو خەونەی بێتە دی و ببێتە هاوسەری پاشا.

ساڵی ١٩٩٧ دەرهێنەر(جایسۆن کوسری) دوای تێپەڕبوونی ٢٦ ساڵ بەسەر بەرجەستە کردنی رۆڵی (ماکبێس) لەلایەن شۆن کونری.

ئەمجارە کوڕەکەی هەمان رۆڵی بینی، لەدەرهێنانی (جیرمی فریستۆن) بەڵام ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێنا کەباوکی تۆماری کردبوو، بەڵام توانی خەڵاتی فیستیڤاڵی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ سینەماو تەلەفزیۆن بەدەست بێنێت.

ساڵی ٢٠٠٦ دەرهێنەری ئوسترالی (جیفری رایت) فیلمی

(ماکبێسی هاوچاخ)ی بەدیدێکی ئوسترالی بەبەرهەم هێناو فیلمەکە بۆ ٦ خەڵاتی پەیمانگای فیلمی ئوسترالی پاڵێورا، لەوانە خەڵاتی باشترین دەنگ، باشترین موزیک، باشترین جلو بەرگ و دیکۆر.

دەرهێنەر لەو فیلمەدا ٢٣٢ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنا، بەڵام فیلمەکە لەوڵاتانی دیکە لەو ئاستە دا نەبوو، وەک لەئوسترالیا تۆماری کرد.

لەساڵی ٢٠١٠ جاستین کۆرزیل فیلمی ماکبێسی لەتێکستێکی رەسەنی شکسپیر بۆ سینەما دەرهێنا، چەند سیناریۆ نووسێک بەشدارییان لەنووسینی سیناریۆکە کرد، لەوانە: جاکوب کۆسکۆف، مایکل لیزلی، تود لویسو، لەسیناریۆکەدا ماکبێس بەشێک لەقۆناغی منداڵی تێدا بەرجەستە کراوە.

فیلمەکە لەفیستیڤاڵی بەریتانیا بۆسینەما بۆ ٦ خەڵات پاڵێوراوە، لەوانە خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن و باشترین ئەکتەری پیاوو باشترین دەرهێنەر.

دەرهێنەری میسری (ئەیمەن مستەفا) ساڵی ١٩١٤ فیلمی ماکبێسی دەرهێناوە، لەنواندنی سۆزان بەکر.

ساڵی٢٠١٥ دەرهێنەر(جۆستن کورزیل) لەفەڕەنسا، فیلمێکی لەشانۆگەری(ماکبێس) بۆ سینەما دەرهێناوە، کە ئەکتەرانی وەک (ماریون کوتیار، مایکل فاسبندر، دیڤید سیولیس، رۆڵی تیا دەبینن.

فیلمەکە لەفیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی نمایش کراو بۆ ماوەی دە خولەک لەلایەن بینەرانەوە چەپڵە باران کرا.

## ریتچاردی سێیەم

ریتچاردی سێیەم (١٤٥٢ــ ١٤٨٥) کوڕی پاشا ریتچارد یۆرک و برای بچووکی پاشا ئەدواردی چوارەمە.

کاتی خۆی تاجی پاشایەتی لە (ئەدواردی پێنجەم)ی برازای سەندۆتەوەو لەگەڵ ریتچاردی برای لەتاوەری لەندەن زیندانی کردووە، هەر لەوێشەوە لە ناوی بردوون.

لەسەردەمی ئەودا شەڕی دوو بنەماڵە بەردەوامی هەبووە، ئەو دوا هێشووی دەسەڵات داریەتی بنەماڵەی (یۆرک) بووە، لەئەنجامدا (هنری تیدۆر) بەسەریدا زاڵ بووە و بەناوی پاشا هنری حەوتەم دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.

ریتچاردی سێیەم لەساڵانی(١٤٨٣ــ ١٤٨٥) بۆ ماوەی دوو ساڵان حوکمڕانی ئینگلتەرای کردووە، لەشەڕی (کێڵگەی بۆسورس) کوژراوە،

زۆر لەبەریتانیەکان پێیان وایە شکسپیر ستەمێکی زۆری لەو پاشایە کردووە، کاتێ خەسڵەتە مرۆیی و

چاکسازییەکانی شاردۆتەوەو وێنەیەکی ناشیرینی ئەو پاشایەی تۆمار کردووە، بۆیە بینەران ڕێگەیان نەدا نمایشێکی ریتچاردی سێیەم لەسەر گۆڕەکەی پێشکەش بکرێت.

لەرووی مێژووییە بەتەواو کەری سێ بەشەکەی شانۆگەری (هنری شەشەم) هەژمار دەکرێت، کە باس لەملمڵانێی دوورو درێژی نێوان هەدوو بنەماڵەی (لانسکتەر) و(یورک) دەکات کەلەسەردەمی هنری شەشەمەوە دەستی پێکردووە و بەکوشتنی ریتچاردی سێیەم کۆتایی دێت، کاتێ هنری حەوتەمی بنەماڵەی (لانکستەر) دەسەڵات دەگرێتە ئەستۆ.

ئەم پاشایە هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی بنەماڵەی (یۆرک) ئەنجام دەدات و بەمە کۆتایی بەو ململانێ دوورو درێژە دێنیت و کردیانی بەیەک بنەماڵە.

لەهەشتاکاندا دەرهێنەری شیلی (رۆول رویز) فیلمی ریتشاردی سێیەم- ی شکسپیری نمایش کرد، لەهەمان کاتیشدا (لال بشیلۆش) هەمان شانۆگەری کردە فیلم، بەڵام هەر یەکەو بە تێڕوانینی خۆی، هەردوو فیلم بوونە جێگەی ڕەزامەندی هەوادارانی سینەما.

هەر یەکەو لەو دوو دەرهێنەرە بەشێوەیەک هەڵسوو کەوتییان لەگەڵ مۆنۆلۆژەکان و دیالۆگەکاندا کردووە، بەڵام زۆربەی بیروڕاکان وابوون کە (رویز) بەفۆرمێکی ئەزموونگەر لەئەدا و دیکۆمێنت و ستاتیکا بونیاتێکی

وروژێنـەری بـۆ فیلمەکـەدا دارشـتووە .

لۆرانس ئۆلیڤیـەش سـاڵی ١٩٥٥ فیلمی(ریتچـاردی سـێەم) ی بەبەرهـەم هێنـا، کـە فیلمێکـی بەریتانـی بـوو (لۆرانـس) جگە لەدەرهێنان، رۆڵی پاڵەوانیەتیشی لەفیلمەکەدا بینیووە .

لۆرانس ـ کـە ریتشـاردی سـێیەمی هەڵبـژارد دوای هنـری پێنجـەم بـەو ئامانجـە بـوو کـە ئـەو دوو شـانۆگەرییە گوزارشت لەبۆچوونی مێژوویی شکسپیر دەکات لەمێژووی هاوچاخـی ئینگلتـەرادا.

سـاڵی ١٩٩٥ فیلمـی (ریتچـاردی سـێیەم) لەدەرهێنانـی (ریتشـارد لۆنکریـن) و پاڵەوانیەتـی (ئەیـان مایکلیـن، ئەنیـت بینینـگ، کریسـتوفر وبویـن) بەرهـەم هاتـووە.

فیلمەکە بۆ خەڵاتی ئۆسکار پاڵیوراوە.

## فیلمی ریتچاردی دووەم

ریتچـاردی دووەم (١٣٦٧ ـ ١٤٠٠) هەشـتەم پاشـای ئینگلتـەرا بـووە، دەسـەڵاتی حوکمڕانـی ئـەو پاشـایە، لـە ١٣٧٧تـا روخاندنـی لـە ١٣٩٩ بـەردەوام بـووە.

ریتشـارد کـوڕی ئەمیـر ئـەدواردی رەش، لەسـەردەمی ئـەدواردی سـێیەمی پاشـای ئینگلتـەرا لـە دایـک بـووە، لـە تەمەنـی چوار سـاڵیدا بوو بەجێگری (ئەدوارد ئەنگۆلم) ی بـرا گـەورەی .

دواتـر دوای مردنـی باوکـی سـاڵی ١٣٧٦ لەتەمەنـی دە سـاڵیدا بـوو بەپاشـای ئینگلتـەرا.

شکسـپیر لەرێگـەی ئـەو زنجیـرە دەسـەڵاتدارانەی ئینگلتـەرا، زۆرێـک لەمێـژووی ئـەو وڵاتـەی کـردووە بەنمایشـی شـانۆیی سـەرنج راکێـش .

دواتـر هەمـان ئـەو مێـژووەی ئینگلتـەرا لەناوەڕاسـتی سـەدەی سـێزدەهەم، تـا لەدایکبوونـی ئەلیزابیسـی سـێیەم لەسـەدەی شـانزەهەمدا، کراوەتـە کاری سـینەمایی.

سـاڵی ١٩٥٤ فیلمێکـی ئەمریکـی دەربـارەی ریتچـاردی

دووەم بەرهــەم هاتــووە، لەدەرهێنــان و نواندنــی (ماریــۆ ئیفانــس) .

بێگومانهــە لُبژاردنــی شــانۆگەری (ریتچــاردی دووەم) لەلایــەن دەرهێنــەر (ماریــۆ ئیفانــس) پەیوەنــدی بەمێــژووی هاوچاخیشــەوە هەیــە، هــەر بــۆ نموونــە چیرۆکــی کوشــتنی پاشــا(ریتچاردی دووەم) و بەجــێ هێشــتنی دەســەڵات بــۆ بنەماڵەیەک کە پێی وایە شتێ نیە ناوی ئاشتی بێت جگە لەبەکارهێنانــی هێــز نەبێــت، ئەمــە وێنەیەکــە لەعەقلانیەتــی ســەدەکانی ناوەڕاســت .

ساڵی ١٩٥٤ فیلمێکی تر هەر دەربارەی پاشا ریتچاردی دووەم لەلایەن دەرهێنەر(جون فاریل) بەرهەم هاتووە.

# لیر پاشا
# KING LER



لیرپاشا لەشانۆگەرییە تراژیدیەکانی شکسپیرە، لەساڵی ١٦٠٥ نووسراوەو لە ١٦٠٨ بڵاوکراوەتەوە، ساڵی ١٦٠٦بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆ نمایش کراوە.

ڕووداوەکانی لیر پاشا لەبەریتانیای کۆن ڕوویان داوە، کاتێ لیر پاشای بەساڵاچوو، بڕیار دەدات سەرو سامانی خۆی دابەشی سەر هەرسێ کچی (کوردیلیا، ریگان، گۆنریل) بکات.

بە شێوەیەک کەزۆرترین میرات بداتە (کۆردیلیا) کچە بچووکەکەی، چونکە خۆشەویستیەکی تایبەتی هەبوو بۆی، کچە گەورەی ژنی پیاوێکی ئەلبانەی بوو (ریگان)ی کچی ناوەندی، ژنی کۆرنۆل بوو، بەڵام (کۆردیلیا)ی کچی بچووکی، هێشتا هاوسەر گیری نەکردبوو.

پاشای فەرەنسا داوای خوازبینی کردبوو، لەگەڵ کوڕە گەنجێکی تر کە هەموویان لەو کاتەدا لە کۆشکی پاشا دابوون.

لیرپاشا تەمەنی هەشتا ساڵی تێپەڕاندبوو، گەیشتبووە ئەو بڕوایە کە دەبێت دەسەڵات بۆ کچەکانی بە جێ بێڵێ و دەست لەدەسەڵات هەڵگرێ.

بەم پێیە بەر لەرۆیشتنی داوای لەکچەکانی کرد، هەریەک لەوان گوزارشت لەخۆشەویستی خۆی بکات بەرامبەر بەباوکی.

کچی گەورەیان گوتی: من ناتوانم گوزارشت لەخۆشەویستی خۆم بکەم بۆ تۆ باوکە گیان، تۆ بینایی چاوی منی.

پاشا زۆر بەختەوەر بوو بەقسەکانی، بۆیە بڕیاری دا سێیەکی مەملەکی پێ ببەخشێ.
(ریجان) ی کچی ناوەندی، لەخوشکی گەورەی مەکرباز تر بوو گوتی:
باوکە هەموو موڵک و سامانی دنیا ناگاتە خۆشەویستی تۆ، چۆن دەتوانم باسی خۆشەویستی خۆمت بۆ بکەم کە لەبن نایێ.
پاشا زۆر بەختەوەر دەبێ و بڕیار دەدا ئەویش سێیەکی دووەمی مەملەکەتی پێ ببەخشێ.
بەڵام (کۆردیلیا)ی کچی بچووکی کە دەیزانی خوشکەکانی درۆ لەگەڵ باوکیاندا دەکەن، بڕیاری دا بەراستگۆیی هەستی خۆی بۆ باوکی دەربڕێ و گوتی: باوکە من تەنها وەک باوکێک تۆم خۆش دەوێ !.
پاشا لەو قسەیەی کچە بچووکەکەی نیگەران بوو، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی لەکچە بچووکەکەی نەدەکرد، کە لەهەموو کچەکانی خۆشتری دەویست، زۆر بە توڕەییەوە بڕیاری دا لە هەموو دەسەڵات و میراتی خۆی بێبەشی بکاتو بەشی ئەویش دابەشی سەر بەشی دوو کچەکەی تر بکات.
بۆیە پاشا بڕیاری دا تاجی پاشایەتی خۆی بەکچی گەورەو کچی ناوەندی ببەخشێت، بۆ خۆشی هەر مانگێک لای کچێکی بمێنێتەوە، سەد پاسەوانی ئەسپ سواریشی لە گەڵدا بمێنێتەوە.
لەوکاتەدا پاشای فەرەنسا دەستی دەگرێ و لەگەڵ خۆی

دەیبیات بۆ فەرەنسا، لەکۆتایی فیلمەکەدا درۆی هەردوو کچی گەورەو ناوەندی دەردەکەویت و دەزانێت کەتەنیا کچە بچووکەکەی لەگەڵیدا ڕاستگۆ بوو.

بیتەر برۆک ساڵی ١٩٧١ (لیر پاشا)ی بۆ سینەما دەرهێناوە.

خۆ ئەگەرچی بیتەر برۆک لەبواری شانۆدا ناسراوە، بەڵام چالاکییەکانی لەبواری سینەمادا لە شانۆ کەمتر نیە، زۆر کەسیش ئەوە نازانێت کە بیتەر بەر لەشانۆدا هەوڵی ئەوەی داوە بە سینەما دەست پێ بکات و ئارەزووی ئەوەی هەبووە ببێت بەدەرهێنەرێکی سینەمایی.

ئەو خۆی دەڵێت: من لەنێوان شانۆو سینەمادا پارچە پارچە کراوم، ئەو چۆن لەشانۆدا هەمیشە هەوڵی بونیاتنانەوەی شکسپیری داوە، بەهەمان شێوەش لە سینەمادا.

هەر لیر پاشا لە فیلمێکی هاوبەشی ئەمریکی بەریتانی لەلایەن (ریتشارد ئایر) دەرهێنەر ساڵی ٢٠١٨ بە بەرهەم هاتووە.

زۆرینەی ئەکتەرە ناودارەکانی جیهان ئاواتی ئەوە دەخوازن ڕۆژێک لەرۆژان رۆڵی لیرپاشا لە سینەمادا بەرجەستە بکەن، چونکە ئەو کاراکتەرە لەهەموو جیهاندا پێگەی خۆی هەیە، بەڵام نواندنی ئەو رۆڵە لابورێکە بۆ هەموو ئەکتەرێک و تاقیکردنەوەیەکە بۆ ناسینی وزەو دەسەڵاتی هونەرییان.

ئەوەتا ئەکتەری ناسراوی جیهانیی(باتشینۆ) بۆ ١٣ کەڕەت رۆڵی لیرپاشای لەسینەماو شانۆدا بینییووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ هێشتا تینوویەتی نەشکاوە لەهەق دان بەو کاراکتەرە مەزنە.

هـەردوو ئەکتـەری گـەورە (لۆرانـس ئۆلیفیـە) و(باتشـینۆ) بەئەکتـەری شکسـپیریی ناسـراون، هەردوکیـان ژمـارەی پێوانەییـان لەنواندنـدا بینییـووە، بـۆ بەرجەسـتە کردنـی کاراکتەرەکانـی شکسـپیر، لۆرانـس ئۆلیفیـە خەڵاتـی ئۆسـکاری لـە بینینـی پاڵەوانیەتـی هنـری پێنجـەم دا بینیـووە، هەروەهـا خەڵاتـی شـێری زێڕیـن و خەڵاتـی باشـترین ئەکتـەر لـە فیلمـی هاملێـت دا .

لەدیمانەیەکـدا لەگـەڵ گۆڤـاری (بـاری ماتـش)ی فەرەنسـی (ئـال باتشـینۆ) ی گـەورە ئەکتـەری شکسـپیری دوای بینینـی ڕۆڵـی لیـر پاشـاگوتی: مـن لەشـەقامەوە لەخێزانێکـی هـەژار و نـەدار هاتوومەتـە ناوەنـدی هونەریـی، شکسـپیرو برێخـت ژیانـی منیـان ڕزگار کـرد، پێـم وایـە دەبێـت سـینەما تـەواو کـەر بێـت بـۆ گەیاندنـی داهێنانەکانـی شکسـپیر، بەتایبـەت لەبەرجەسـتە کردنـی لایەنـە مرۆییـەکان.

باتشـینۆ ئەشـقی کاراکتەرەکانـی شکسـپیرەو جگـە لەلیـر پاشـا، زۆر بـەدوای ریتشـارد دا وێڵـە، بۆیـە لەفیلمێـکا خـۆی سـیناریۆکەی بەهـاوکاری (فریدریـک کیمبـال) نووسـی و کاری لەسـەر کـرد.

دوا کاریشـی لەسـاڵی ٢٠١٩ وەسـتان بوو بەرامبەر بەکامیرای دەرهێنـەر (مایکل راد فۆرد) بۆ تۆمـار کردنی (لیر پاشـا) کـە یەکێک بـوو لەئاواتەکانی (باتشـینۆ).

# فیلمی شکسپیری ئاشق
# Shakespeare in love



فیلمی(شکسـپیری ئاشـق) یەکێکـە لەبەرهەمـە مەزنەکانـی شکسـپیرو لەلایـەن دەرهێنـەری ناسـراوی بەریتانی(جـۆن مادیـن) کاری دەرهێنانـی سـینەمایی بـۆ کـراوە، نواندنـی (جوینیـت بالتـرۆ- جۆزیـف فیتـس).

ئـەم فیلمـە بـۆ یەکەمجـار لەکۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٩٨ لەویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا نمایـش کـراوە، پاشـان سـاڵی ١٩٩٩ لەبەرلیـن و (١٣) جـار بـۆ خەڵاتـی ئۆسـکار پاڵێـوراوەو ٧ خەڵاتـی ئۆسـکاری بەدەسـت هێنـاوە

پەیمانـگای فیلمـی بەریتانـی و بەدروشـمی (شکسـپیر لـە سـینەمادا) و بەبۆنـەی تێپەڕبوونـی ٤٠٠ سـاڵ بەسـەر ماڵئاوایـی شکسـپیر و بەبەشـداری ١٠٠ وڵاتـی جیهانـی ئاهەنگێکـی سـاز کـرد، کـە تێیـدا ١٨ لەنایابتریـن ئـەو فیلمـە سـینەماییانەی تێـدا نمایـش کـرا کـە لەدیارتریـن شـانۆگەرییەکانی شکسـپیر وەرگیـراون.

بـەم بۆنەیـەوە (دیڤیـد کامیـرۆن) سـەرەک وەزیرانـی فەرەنسـا، وتارێکـی نووسـی بەنـاوی (شکسـپیر هـەر لەنێومانـدا دەژیـت) تێیـدا دەڵێـت: ئێمـە یـادی گەورەتریـن نووسـەری شـانۆکاری مێـژووی مرۆڤایەتی(شکسـپیر) دەکەینـەوە، کـەوەک بلیمەتێـک بەشـکۆمەندی دەوەسـتێت و سـەیری جیهانێکـی تەنگەبـەر دەکات.

کاریگەرییەکانـی شکسـپیر لەزمانـی ئێمـەی تێپەڕانـدووە، بەیەکـە یەکـەی کارەکانـی، گـرێ ی شـانۆگەریەکانی و کاراکتەرەکانـی، کەتاوەکـو ئێسـتاکەش سـەرچاوەی جـۆش

و خرۆشـی کولتـوورو فەرهـەنگـی ئێمـەی مرۆڤـە، لەهەمـوو جیهانـدا .

کاتێ نیلسۆن ماندێلا لەدورگـەی (روبن) زیندانـی کرابـوو، زۆر دووپاتـی دایەلۆژێکـی شـانۆگەری (یۆلیـۆس قەیســەر) ی دەکـردەوە کـە دەڵـێ: ترسـنۆکەکان رۆژێ چەندیـن جـار دەمـرن و دەژییـنـەوە، بـەڵام قارەمانـەکان بـۆ تەنیـا جارێـک نەبێـت، تامـی مـردن ناکـەن).

# فیلمی گەردەلوول
# The Tempest



برۆسـبیرۆـ دەربـارەی فیلمـی (گەردەلـوول) دەڵـێ: کاتـێ فیلمـی گەردەلـوول لەفیسـتیڤاڵی ڤینیسـیای سینەمایی سـاڵی ١٩٩١ نمایـش کـرا، وەک بەرهەمێکـی سـینەمایی کـەم وێنـە دەرکـەوت، چونکـە یەکێـک بـوو لـەو فیلمانـەی زێتـر لـە هـەر فیلمێکـی دیکـەی شکسـپیر زمانێکـی جوانـی سـینەمای هەبـوو، سـەر لەنـوێ (جرینـاوای) دەرهێنـەر سـەلماندی کـە یەکێکـە لەبلیمەتتریـن دەرهێنـەرە جیهانییـەکان و هەرگیـز کێشـەو ئاریشـای ئابـووری لەبەریتانیـاو لەهیـچ شـوێنێکی دیکـەی دنیـادا ڕێگـە لەتوانسـت و داهێنانـی گـەورە ناگرێـت.

ڕەخنەگـری سـینەمایی (سـەمیر فەریـد) لەکتێبەکـەی خۆیـدا شکسـپیرو سـینەما دەڵێـت:

ڕاسـتە کـە شکسـپیر درامانـووس بـوو، بـەڵام بەزمانـی سـینەما بیـری کردۆتـەوە، هـەروا (جرینـاوای) دەرهێنـەری فیلمـی گەردەلوولیـش دەڵێـت: ئـەو زمانـە بینیـن و گـوێ بیسـتیەی شکسـپیر پێیانـەوە بیـری دەکـردەوە، لەکاتـی نووسـینی شـانۆیی گەردەلـوول، وای کـرد هەمـوو ئـەو خەونانـەی شکسـپیر لەسـەردەمی خۆیـدا لەسـەر شـانۆ بێنێتـە دی، بـەڵام لەسـەردەمی نـوێ دا و لەسـەر پـەردەی سـینەمادا بەهەمـوو ئـەو تەکنیـک و تەکنەلۆژیایـەی هەیـە زۆر لەوەنـدەی زیاتـری بـەدی هێنـا کـە شکسـپیر لەسـەر شـانۆدا بـەدی هێنـا، بەتایبـەت لەفیلمـی گەردەلـوول لەلەنـدەن و پاریـس و ئەمسـتردام و تۆکیـۆ.

کاتێکیـش باسـی تێکسـتە شـانۆییەکەو فیلمـە سـینەماییەکە

دەکات دەڵێت: ئـەو فیلمـەی (بیتەرجرینـا) تەنهـا بەرجەسـتە کردنـی خەیاڵـی شکسـپیر نەبـووە، بەدەنـگ و وێنـەوە، بەڵکو جوانتریـن وێنەیەکـی ئەفراندنـی داهێنـاوە، واتـە داهێنانێکـی لەسـەر داهێنانێکـدا کـردووە.

سـیناریۆی گەردەلـوول لەدورگەیەکـی دابـڕاودا دەسـت پێـدەکات، لەدەریـای ناوەڕاسـت دا، دەبینیـن چـۆن (بروسـبیرو) ی بەسـاڵاچوو توانـی بەسـیحر گەردەلوولێـک هەڵـکات بـۆ نغرۆکردنـی کەشـتی دوژمنـان، بـۆ ئـەوەی ناچاربـن بێنـەلای وتۆڵـەی رابـووردووی خۆیانـی لـێ بکەنـەوە، هەروەهـا لەنێـوان ئەوانیشـدا (جوانزولـو لامیـن) ی راوێـژکاری (ونلـز) یشـیان لەگـەڵ دایـە، کـە کاتـی خـۆی بەکتێـب بەخشـینێک یارمەتـی برۆسـبیرۆی داوە، لەگـەڵ (فیردینالـد)ی کـوڕی (ونلـز) داوای خوازبینـی ئـەو کچـەی لـێ دەکات، کـە بەمنداڵـی کەتبـووە ئـەو دورگەیـە.

کاتـێ لایەنگرانـی (وتـز) لەدورگەکـەدا ون دەبـن و دەگەنـە لایـان، لیبوکەکـەی (ترینکولـو) پاشـاو خزمەتـکاری سـەرخۆش، پیلانـی کوشـتنی (برۆسـبیرۆ) دادەنێـن، ئارییـل پیلانەکـە بە(برۆسـبیرۆ) رادەگەیەنـێ و لەئەنجامـدا پیلانەکـە پووچـەڵ دەبێتـەوە.

دواتـر خوازبینـی (میرانـدا)و (فردینانـد) گوزارشـت لەلێبوردەیـی دەکات، چونکـە (میرانـدا) کچـی (ونلـز) بـوو کـە دوژمنـی راسـتەقینەی (برۆسـبیرۆ) بـوو، کاتـی خـۆی لەگـەڵ (ئەنتۆنیـۆ) پیلانیـان بـۆ (برۆسـبیرۆ) دانابـوو.

شکسـبیر (میرانـدای) وەک هێمایـەک بـۆ هیـوا ناسـاندووە و بـەردەوام بوونـی ژیـان دانابـوو کـە گوزارشـت لـە بـێ گوناهـی و پاکیزەیـی بـکات.

(فردینانـد) یەکـەم پیـاو بـوو کـە (میرانـدا) چـاوی پـێ کەوتبـێ، ئـەو کۆمەڵـە کەسـەش کـە شـەپۆلەکانی دەریـا فـرێ ی دابوونـە دورگەکـە، یەکـەم پۆلـە بنیـادەم بـوون بیانبینـی.

کاتـێ (میرانـدا) چـاوی پێیـان دەکەوێـت، دوچـاری سـەر سـوڕمان دەبێـت و دەڵێـت:

ئای لەو هەموو جوانییە !

ئـای لـەو بوونـەوەرە مەزنانـەی لێـرە دەیانبینـم ئەوانـە چیـن؟

ئای لەو دنیایە کە بوونەوەرێکی وای هێناوەتە بەرهەم.

شکسـپیر بـەوە لێبوردەیـی گـەورە نیشـان دەدات، کـە حاکمێکـی لەدەسـەڵات لادراو دەبـوورێ (ولسـون نایـت) لەکتێبەکـەی خۆیـدا (گەردەلوولـی شکسـپیری) سـاڵی ١٩٤٠ دەڵێـت:

بەراسـتی ئـەو شـانۆگەریەی شکسـپیر نهێنییەکـی تەمـو مژاوییـە، ئـەو ژیـان نیـە، بـەڵام لەژیـان دەچێـت.

(نایـت) پێـی وایـە شـانۆگەری (گەردەلـوول) بەسـۆفییەت و گەردەلوولەکەشـی هێمایـە،

هەروەهـا (ئارسـەر کۆیلـەر) لەچاپـی کمبیردجـی سـاڵی ١٩٣٤ی گەرەلـوول دەەڵێـت:

هەمــوو کــردە شــانۆییەکان، لەوانــەش گێڕانــەوەی ستەمکارییەکانی رابووردوو بەتێرو تەسـەلی، خراپەکارەکان و ئەوانــەش خراپەیــان لەگــەڵ کــراوە، هــەر هەموویــان بەیەکــەوە کــۆ دەکاتــەوە، تۆڵــە ســەندنەوە بــۆ لێبوردەیــی دەگۆڕێــت.

شکســپیر هەمــوو ئەوانــە لەمــاوەی کەمتــر لەســێ کاژێــر نیشــان دەدات، (جبــرا ئیبراهیــم جبــرا)ش لەکتێبــە وەرگێڕدراوەکــەی خۆیــدا دەڵێــت: هەریەکــێ دواییــن شــانۆگەرییەکانی شکســپیر بخوێنێتــەوە، درک بــەوە دەکات، ئەوەی شکسپیر لەدوایینەکانی تەمەنی دا لەشـانۆگەریەکانیدا جەختــی لەســەر کردۆتــەوە، پرســی لێبوردەییــە، پێــی وابــووە هەڵــەو گوناهــەکان، هەڵــەی نەوەیــەک بــووە، ئەوەتــا لەشـانۆگەری (گەردەلـوول) نەکەسێک دەمرێت، نــە پیلانێک ســەر دەگــرێ، هەتــا (کالبیــان) یــش نامــرێ، بــەڵام ئارییــل ئــازادی خــۆی لــە (برۆســبیرۆ) بــە دەســت دێنێــت .

گەرەلــوول ــ دواییــن بەرهەمــی شکســپیر بــوو، کــە لەتەمەنــی ٤٧ ســاڵی نووســیبووی، دوای ئــەو شــانۆگەرییە، گەڕایــەوە زێــدی باوکــو باپیرانــی و بەیەکجــاری دەســتی لەنووســینی شــانۆگەری هەڵگــرت، دواتــر دوای پێنــج ســاڵان کۆچــی دوایــی کــرد.

زۆر لەهەوادارانــی شکســپیر پێیــان وایــە، شکســپیر لــە گەرەلــوول دا بــاس لەخــودی خــۆی دەکات، ئــەوەی لــەو قۆناغــەی تەمەنیــدا بیــری لــێ دەکاتــەوە، ئــەو بەزمانــی

(برۆسـبیرۆ) لەخـۆی دەدوێـت، ئـەو سـیحرەی (بورسـبیرۆ) بــە کاری دەهێنــێ، (میرانــدا) بەزانســت نــاوی دەبــا.

(ولســون نایــت) یــش پێــی وایــە گەرەلــوول لەهــەر شـانۆگەرییەکی دیکـەی شکسـپیر لەژیـان دەچێـت، دورگەکـە بەجیهــان دەچوێنــێ، کــە لەهەمووڵایەکــدا بەئــاو تەنــدراوە، (برۆسـبیرۆ) لە(هابیـل) دەچێـت، بـوو بەقوربانـی بـۆ (قابیـل) ی بـرای، ئەگـەر (کالبیـان) هێمـای شـەڕ بێـت، ئـەوە ئارییـل هێمــای خێــرە، کــە بــەدوای ئــازادی دا دەگەڕێــت، ئەگــەر واقیعەکــە بوونــی کچێــک و باوکێــک بێــت لەدورگەیەکــدا، ئـەوە گەردەلوولەکـە خەیاڵێکـە مـرۆڤ دەهەژێنـێ بـۆ گـەڕان بــەدوای خــۆ دۆزینــەوەدا

بلیمەتــی درامــی شکســپر لــەوە دایــە کــە بــژاردەی ســێ یەکــە کلاســیکییەکەی (شــوێن و ســەردەم و بابەتــە) لــەم نمایشــەدا.

کاتێ(جرینــاوای) ئــەم شــانۆگەریەکەی کــرد بەفیلــم، پارێزگارییەکــی تــەواوی لەدەقــە ڕەســەنەکە کــرد، بــەڵام وای کـرد (برۆسـبیرۆ) شـانۆگەریەک بنووسـێتەوە، بەنـاوی (گەردەلـوول) و هەمـوو ئـەو هەڵانـەی تێـدا چـاک بکاتـەوە کــە بەرامبــەری کــراون.

(جرینــاوای) دەڵێــت: ئێمــە شــانۆگەرییەکەمان کــردووە بەســودێکی ماڵئاوایــی شکســپیر.

کاتــێ خــودی شکســپیر باســی (کالبیــان) دەکات دەڵێــت: ئـەو دڕندەیەکـە لەدڕندەکانـی دورگـە، بـەڵام بەچـوار قـاچ و

زمانێکـەوە.

زۆرن ئەو فیلمانەی لەو شانۆگەرییەدا کاری سینەماییان لەسـەر کـراوە، سـاڵی ٢٠١٠ فیلمـی گەردەلـوول لەلایـەن دەرهێنـەری ئەمریکـی (جولـی تایمـور) بەرهـەم هێنـدرا، کاتـی خـۆی سـاڵی ١٩٩٩هەمـان دەرهێنـەر بەشـێوەی شانۆگەری ئەو بەرهەمەی وەک شانۆ لەنیۆیۆرک نمایش کـردووە، فیلمەکـە لەنواندنـی (ئەنتۆنـی هۆبکنـز، جیسـیکا لانسخ)ە،

فیلمەکـە بـۆ یەکەمجـار لەفیستیڤاڵی(ڤینیسـیا) نمایـش کـراوە .

هـەر (جولـی) دەرهێنـەر سـاڵی ٢٠١٤ فیلمێکـی دیکـەی لەشانۆگەری (خەونێک لەنیوەشـەوی هاوین)ی بۆ سینەما دەرهێنـاوە.

# فیلمی راهێنانی پلنگ
# The taming of the shrew

فیلمی(راهێنانی پلنگ) یەکەم فیلمی بەدەنگی شکسپیرە، کە ساڵی ١٩٢٩ بەرهەم هاتووە، یەکێکە لەبەرەواجترین شانۆگەرییەکانی شکسپیر، بابەتەکەی بابەتێکی زیندووە، کاراکتەری سروشتین، کە بەتێپەڕ بوونی زەمەن کاڵ نابنەوە، پەیوەست نین بەشوێن و کات.

فیلمە بێدەنگەکانی راهێنانی پلنگ:

| | | |
|---|---|---|
| ١. ئەمریکا | دافید وارک جریفید | ١٩٠٨ |
| ٢. ئیتاڵیا | | ١٩٠٨ |
| ٣. فرەنسا | هنری دی | ١٩١١ |
| ٤. بەریتانیا | ف.ر. بینسۆن | ١٩١١ |
| ٥. ئیتاڵیا | ئەریجۆ فریستا | ١٩١٣ |

ئەگەر ئارەزووت کرد لەگەڵ شکسپیردا پێبکەنی، ئەوە فیلمی (راهێنانی پلنگ) ببینە، فیلمەکە باس لەکاسرینی ئۆرۆستقراتی و شەڕانگێز دەکات، کە بێجگە لەزمانی هاوار هاوارو لێدان .

شکاندنی دەورو بەری خۆی نەبێت هیچ زمانێکی تر نازانێت.

ئـەو ژنـە شـەڕانگێزە هاوسـەرگیری لەگـەڵ بازرگانێکـی دەوڵەمەنـد کـردووە، دەیـەوێ پلانێـک دابنـێ بـۆ ئـەوەی ژنەکـە رابێنـێ، هەنـدێ جـار بەنەرمـی و هەنـدێ جاریـش بەرەقـی، بـۆ ئـەوەی واز لـەو شـەڕانگێزیە بێنێـت..

ئـەم فیلمـە ئەمریکیـە لەلایـەن (سـام تایلـۆر) کاری دەرهێنانـی بـۆ کـراوە، هـەردوو ئەکتـەری نـاودار (دوگلاس فیربانکس) و(مـاری بیکفـۆرد) رۆڵـی سـەرەکی تێدا دەبینـن.

بەڵام فیلمی دووەم: فیلمێکی ئیسـپانی ـ فرەنسـی هاوبەش بـوو بەناوی(راهێنانـی پلنـگ) لـە سـاڵی ١٩٥٥ لەلایـەن دەرهێنـەری ئیسـپانی (ئەنتۆنیـۆ رۆمـان) کاری دەرهێنانـی بۆ کـراوە، نواندنـی (ئەلبرتـو سـولاس) و(کارمـن سـیئیللا) .

فیلمـی سـێیەم: فیلمـی سـۆڤییەتی (راهێنانـی پلنـگ) بـوو لەدەرهێنانـی (سـیرجی کولوسـوف) هـەردوو سـینەماکاری ناسـراو(ئەندریە بوبـوف) و(لیـود میـلا کاسـاتکینا) بـوون.

هـەر سـێ ئـەو فیلمانـە پابەنـد بوونـی تەواویـان بەدەقـە رەسـەنەکەوە بـووە، بەتایبـەت لـەرووی کات و شـوێن دا.

فیلمـی چوارەمـی ئەمریکـی (راهێنانـی پلنـگ) لەلایـەن دەرهێنـەری ئیتاڵی(فرانکـۆ زیفرللـی) بـوو، سـاڵی ١٩٦٦ بەبەرهـەم هاتـووە، هـەردوو ئەکتـەری نـاودار (یتشـارد بیرتـون) و (ئەلیزابیـس تایلـور) رۆڵـی پاڵەوانیەتیـان تێـدا بینیـووە.

وەک رەخنەگـرە سـینەماییەکان ئاماژەیـان پـێ کـردووە، ئـەم فیلمـە باشـترین ئـەو فیلمانـەن کـە لـەو شـانۆگەریەی

شکسـپیرەوە وەرگیرابـن .

فیلمـی پێنجـەم کـە لـەو شـانۆگەریەی شکسـپیر وەرگیرابێت فیلمێکی ئەمریکی رۆمانسیە بەناوی (١٠ لەو شتانەی لە تۆدا رقم لێیانە) ساڵی ١٩٩٩ بەرهەم هاتووە، لەنواندنی (هیت لیدجر، جولیا ستایلس،جۆزیف جۆردون) لەدەرهێنانـی (گیل جۆنگر)

فیلمەکـە یەکـم کاری دەرهێنانـی ئـەو دەرهێنەرەیـە، روداوەکانـی خسـتۆتە نێـو قوتابخانەیەکـی سـانەوی ئەمریکـی، سـیناریۆو دیالۆگـی لەلایـەن: کاریـن ماکـولا، کیرسـتین سـمیس) ئامـادە کـراوە.

## حیکایەتی زستان
## The winters tale

ئەم شانۆگەرییە ساڵی ١٦٢٣ بڵاوبۆتەوە، بەدوا شانۆگەری رۆمانسی شکسپیر دەژمێردرێت، رەخنەگرەکان دەڵێن سێ بەشی یەکەمی شانۆگەریەکە، پڕە لەدرامای دەروونیی، بەڵام دوو بەشەکەی تری کۆمێدیایە، کۆتاییەکەشی بەبەختەوەری دێت.

شانۆگەریەکە ٩ فیلمی لێ بەرهەم هاتووە، ٧ فیلمی بەدەنگ و ٢ فیلمی بێدەنگ،یەکێکییان لەدەرهێنانی (دون تایلۆر) ساڵی ١٩٦٣ بۆ تەلەفزیۆنی بەریتانی ئامادە کراوە، لەنواندنی (روبرت شو)

دووەمیان فیلمی (حیکایەتی زستان) بوو ساڵی ١٩٦٦ لەدەرهێنانی (فرانک دنلوب) نواندنی (لۆرانس هارفی)

لەو ماوەیەشدا فیلمێکی دیکەی شانۆگەری چیرۆکی زستان و لەزنجیرەی فیلمەکانی (هانگر جیمز) لەبەریتانیا لە ٥٢٠ هۆڵی سینەما نمایش کرا، جگە لە نمایش کردنی لە لە ١٠٠ خانەی سینەمای تر لەئەوروپاو کەنەدا و ئەمریکا، ماوەی فیلمەک سێ کاتژمێر بوو.

فیلمەکە لەدەرهێنانی (کینیس برانا) یە.

ساڵی ٢٠١٤ فیلمێکی دیکەی (چیرۆکی زستان) لەئەمریکا بەرهەم هێندراوە، لەدەرهێنانی (ئەکیفا جۆلدسمان) و نواندنی(کولین فاریا، جیسیکا براون، راسل کرۆ،جنیڤر کونلی)

## هاوسەرە خۆش بەزمەکانی وندسور
## The Merry Wives of Windsor

بـۆ یەکەمجـار ئـەم شـانۆگەریە کۆمێدیـەی شکسـپیر سـاڵی ١٦٠٢ نمایـش کـراوە، بـەڵام وا پێشـبینی کـراوە، سـاڵی ١٥٩٧ نوسـرابێت.

ئـەم تێکسـتە بێجگـە لـەکاری شـانۆیی چەندیـن کاری ئۆپیرایـی لەسـەر کـراوە، لـەو ماوەیـەدا ئۆپیـرای بەرلیـن ئـەم شـانۆییەی لەشـێوەی ئۆپیـرا پێشـکەش کـرد، لەلایـەن ئـاواز دانـەری ناسـراوی ئەڵمانی(ئۆتـۆ نیکـۆلای)

تـا ئیسـتاش چەندیـن فیلمـی بێ دەنـگ و بـە دەنگـی لـێ بەرهـەم هاتـووە.

**فیلمە بێ دەنگەکان:**

١. ئەمریـکا سـاڵی ١٩١٠ فیلمێکـی بـێ دەنگـی بەبەرهـەم هێنـاوە .

| | | |
|---|---|---|
| ٢.فرەنسا | هنری دی فونتانیز | ١٩١١ |
| ٣.ئەڵمانیا | | ٩١١٨ |

**فیلمە بە دەنگەکان:**

| | | |
|---|---|---|
| ١.ئەڵمانیا | کاری هۆفمان | ١٩٣٥ |
| ٢.ئەڵمانیا | جۆرج ولدسون | ١٩٥٤ |

**فیلمە بە دەنگەکان:**

سێ فیلمی بەدەنگی لێ دروست کراوە، هەر سێ فیلم لە ئەڵمانیا بەبەرهەم هاتوون، لەوانە دوویان لە(ئۆپیرای ئۆتۆنیکۆلای) سێیەمیان فیلمی دوو هاوسەرە خۆش بەزمەکانی وندرسۆن بوو، کە ساڵی ١٩٣٥ لەلایەن (کارل هۆفمان) کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.

ئەو فیلمە یەکەم فیلمی بەدەنگی شکسپیر بوو کە بەزمانی ئینگلیزی نەبوو.

## فیلمی هەمەجۆر:

جگە لەفیلمە ناسراوەکان، چەندین فیلمی تری هەمەجۆر لەشانۆگەرییەکانی شکسپیر وەرگیراون لەوانە:

فیلمی دوو بەڕێز لە فیرۆنا وندرسۆن: ئەم شانۆگەرییە تەنیا یەک فیلمی ئەڵمانی لێ دروست کراوە، لەدەرهێنانی(هانز دیتر شوارز)ساڵی ١٩٦٤ بۆ تەلەفزیۆنی بافاریا کاری لەسەر کراوە، نواندنی (هانز فریدریش و توربریت هانسنیج)

**هەوڵی ئاشقان بەباچوو:**

فیلمێکی بەریتانی لێ بەرهەم هاتووە، لەساڵی ١٩٦٥ لەدەرهێنانی (روجر جینکیز، نواندنی ریتشارد باسکۆ، باربارا لی هونت).

**وەک ئارەزوو دەکەیت —As You Like It**

ساڵی ١٩٣٦ فیلمێکی ئیتاڵی لەشانۆیی (وەک ئارەزوو دەکەی) دروست کراوە، کە (بول زیتر) کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، لەنواندنی (لۆرانس ئۆلیڤیە) و (ئەلیزلبیس بیرجنز)

ئـەم رۆڵـە یەکـەم رۆڵـی شکسـپیری بـوو کـە (لۆرانـس ئۆلیڤیـە) لەسـینەمادا بیگێڕێـت.

ـــ سـاڵی ٢٠٠٦ فیلمێکـی دیکـەی دەرهێنـەر (کینیس برانـا) بەهەمـان ناونیشـان، لەئیتاڵیـا بەرهـەم هاتـووە.


چیرۆکـی ئـەم فیلمـە چیرۆکێکـی پـڕ لەپـەژارەی سـەرنج راکێـش بـاس دەکات، بەلێـک دوور کەوتنـەوەی خوشـک و برایـەک، بەفۆرمێکـی رۆمانسـی، شکسـبیر لـە سـاڵانی ١٦٠٠ ئـەم تێکسـتەی نوسـیووە، کاتـی هـەر یـەک لـەو دوو خوشـک و برایـە، دەکەونـە دنیـای خۆشەویسـتی خۆیـان، شکسـبیر روداوەکانـی خسـتۆتە بەرگێکـی کۆمێدیایەکـی سـادەی لادێییانـە، کـە کۆتاییەکـەی بـە ئەنجامێکـی خـۆش کۆتایی دێ، بۆ هەردوو خوشک و براکە.

**فیلمی (پیادەی شەوان)**

دوو فیلمـی لـێ بەرهـەم هاتـووە، یەکەمیـان فیلمێکـی ئیتاڵی(پیـادەی شـەوان) دەرهێنانـی (مارکـۆ ئەلیتـەر) سـاڵی ١٩٤٢.

**فیلمـی دووەمیـان:** فیلمێکـی ئەڵمانیـە، لـە دەرهێنانی(بـول فیرهوفـن) سـاڵی ١٩٦٣.

# ئەنتۆنیو وکلیۆباترا
# Antony and Cleopatra



ئەم بەرهەمەی شکسپیر (ئەنتۆنیۆو کلیۆباترا) شێوازێکی تراژیدی هەیە، ساڵی ١٦٢٤ بۆ یەکەم جار لەلایەن شکسپیرەوە نووسراوە، بونیاتی فیلمەکەو روداوەکانی لەسەر پرسی خۆشەویستیەکی گەورە دروست کراوە، لەنێوان (مارک ئەنتۆنیۆ و کلیۆ باترا) لەسەردەمی جەنگی (بارسییان)

لەو فیلمەدا (ئۆگستۆ قەیسەر) رۆڵێکی شەڕخوازی دەبینێت، کە یەکێکە لەلایەنگرانی ئەنتۆنیۆو لەئایندەدا دەبێتە یەکەم ئیمپراتۆری رۆما.

رۆڵی کلیۆباترا لەم فیلمەدا یەکێکە لەباشترین رۆڵەکانی ئافرەت لەبەرهەمەکانی شکسپیردا، چیرۆکی یەکێک لەخۆشەویستیە هەرە ناودارەکان دەژمێردرێت لەمێژوودا. کە لەکۆتاییدا دەبێتە ئەفسانەیەکی نەمر.

ئەو کاراکتەرە رۆڵی کلیۆباترای حەوتەم دەبینێت، کە دوا بنەماڵەی مەقدۆنیە، لەتەمەنی هەژدە ساڵییەوە، بۆ ماوەی بیست ساڵ دەسەڵاتی میسری گرتۆتە دەست، لەساڵانی ٣٠ ـ ٥١ پ.م

هاوسەر گیری لەگەڵ (بتلیمۆسی سێنزەهەم) ی برای کردووە، بەڵام لەماوەیەکی کورت کێشە دەکەوتە نێوانیان، بۆیە کلیۆباترا رادەکاتە سوریا، لەوێ سوپایەکی گەورەی دژی مێردەکەی پێکەوە ناوە، بۆ گەڕانەوەی دەسەڵات، ئەوەبوو بەخۆی و سوپا گەورەکەی گەڕانەوە میسر، دوای ئەوە خۆشەویستی ئەنتۆنیۆو کلیۆ باترا دەست

پـێ دەکات و سـێ منالّیـان دەکەوێتـە نێوانیـان.

(هێر ماکس) کـە دوا هێشـووی بنەماڵـەی فیرعەونەکانـە، هەوڵــی ئــەوە دەدات هەردوکیــان لەنــاو بەرێــت، بــەڵام پیلانەکــەی هــەرەس دێنێــت و فرمــان دەدا لەگۆڕەپانێکـدا بیســووتێنن، بــەڵام لەکاتــی جــێ بەجــێ کردنــی فرمانەکــە، بەکەسـێکی لەیەکچووی خۆی دەیگۆڕێ، کاتێ(ئۆکتافیـۆس) ی ئیمپراتــۆری رۆمــا ئەمــە دەزانێــت، پەیامێکــی ئاراســتە دەکات کــەواز لەخۆشەویســتی کلیۆباتــرا بێنێــت ئەگەرنــا دوژمنــداری دەکا.

لەدەرفەتێـکا (ئەنتۆنیـۆس) پیلانێـک دادەنێتـەوەو هەواڵـی ئــەوە دەگەیەنێتــە (ئەنتۆنیــۆس) کــە (کلیۆباتــرا) خــۆی کشــتووە، بۆیــە ئەنتۆنیــۆس لەتــاوان خــۆی دەکــوژێ.

تــا ئێســتا چەندیــن بەرهەمــی ســینەمایی لەســەر ئــەو تراژیدیایــەی شکســپیر کــراوە، لەوانــە:

ســاڵی ١٩٠٨ فیلمــی (ئەنتۆنیــۆو کلیــۆ باتــرا) بەرهــەم هاتــووە، یەکــەم بەرهەمــی ســینەمایی بــووە دەربــارەی کلیــۆ باتــرا، لەنواندنــی (فلــۆراس لۆرانــس، کــە رۆڵــی کلیۆباتــرای بینــی.

فیلمــی (کلیۆباتــرا) شــاژنی میســر، ســاڵی ١٩١٢ بەرهــەم هاتــووە، بــاس لەژیانــی کلیۆباتــرا دەکات، لەنواندنــی هیلیــن غاردنــەر.

فیلمــی کلیۆباتــرا ـ ســاڵی ١٩٣٤ بەرهــەم هاتــووە، لەدەرهێنانــی (سیســیل دیمیــل) خاوەنــی خەڵاتــی ئۆســکارە،

لەنواندنــی (کلۆدیــت کلولبرد،واریــن ویلیــام)

فیلمــی (کلیــۆ باتــرا) ســاڵی ١٩٦٣ لەئەمریــکا بەرهــەم هاتــووە، لەدەرهێنانی(جۆزیــف مانکیفیتــس) نواندنــی( ئەلیزابیــس تایلۆر،ریتشــارد برتــۆن)

بــۆ پێنــج خەڵاتــی ئۆســکار پاڵێــوراوە، چــوار خەڵاتــی ئۆســکاری بەدەســت هێنــاوە.

فیلمی(کلیــۆ باتــرا ســاڵی ١٩١٧ بەرهــەم هاتــووە، لەدەرهێنانی(جــۆردن ئــەدواردز) و نواندنــی (تیــدا بــارا) لەرۆڵی کلیۆ باترا، فریتز لیبر ـ رۆڵی قەیسەر، سورستۆن ـ رۆڵــی ـ رۆڵــی ئەنتۆنیــۆ،

ساڵی ١٩٧٤ فیلمی (ئەنتۆنیۆو کلیۆ باترا) لەبەرهەمهێنانی کۆمپانیای شکسپیری پادشایی لە لەندەن بەرهەم هاتووە، لەپاڵەوانیەتی(جانیت سۆزمان لەرۆڵی کلیۆباترا، باتریک ستیوارت ـ لە رۆڵی قەیسەر، ریتشارد جۆنسۆن) .

# هنری هەشتەم
# The Private Life of Henry VIII



شکسپیر لەو بەرهەمەدا راستەوخۆ باسی سەردەمێکی پێش خۆی دەکات و دەچێتە نێو کۆشکی پاشایەتی (هنری هەشتەم (١٤٩١ ــ ١٥٤٧) پاشای ئینگلتەرا کە کوڕی سێیەمی هنری حەوتەم بووە، باس لەلێک جیا بوونەوەی پاشاو هاوسەرەکەی و ژن هێنانی نوێ ی پاشان یاخی بوونی لەگەڵ دەسەڵات دارانی ئایینی، کە هاوبەشی حوکم رانیەتی ئەو بوونە لە ئینگلتەرا، روداوەکان بەهەڵبژاردنی ئەلیزابیسی شاژن کۆتایی دێت،

هنری هەشتەم زۆر ئارەزووی ئەوە دەکات کوڕێکی ببێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببێتە شازادە، بۆیە ئەوەندە ئارەزووی لەدایک بوونی کچی نەبووە، لەتەمەنی پاشایەتیشدا شەش ژنی هێناوە، تەنها بەو ئاواتەی خوا کوڕێکی پێ ببەخشێت، لەو پێناوەشدا، لەدوو لەژنەکانی جیا بۆتەوە، دووی تری لە سێدارە داوە بە تومەتی داوێن پیسی، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا تووشی نەخۆشی قەڵەو بوون هاتووە و ژیانی لێ شێواندووە.

ئەو فیلمانەی لەو شانۆگەریە وەرگیراون:

ساڵی ١٩١١ لەبەریتانیا تەنیا یەک فیلمی بێدەنگی لێ بەرهەم هاتووە لەلایەن (لویس بارکر) جگە لەچەند فیلمێکی بەدەنگ، لەوانە:

فیلمی(ژیانی تایبەتی هنری هەشتەم) کە فیلمێکی مێژوویی کۆمێدییە، ساڵی ١٩٣٣ لە ئەمریکا بەرهەم هاتووە، ماوەکەی ٩٧ خولەکە، لەدەرهێنانی ئەلکسەندەر

کوردە، نواندنی (تشارلز لوتون) کە خەڵاتی ئۆسکاری بۆ باشترین ئەکتەری پیاو بەدەست هێناوە.

لەساڵی ١٩٦٩ لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فیلمێکی لێ بەرهەم هاتووە لەدەرهێنانی(چارلس جارۆ) کەماوەکەی ١٤٥ خولەک بووە، سیناریۆی (بریدجیت بۆلاند) نواندنی (ریتشارد برتۆن، ئایرن بابلس)

ئەم فیلمە خەڵاتی ئۆسکاری بۆ باشترین جلو بەرگ بۆ دیزاین کار (مارگرێت فۆرسی) بە دەست هێناوە.

ساڵی ١٩٧٣ فیلمێکی تر لەدەرهێنانی (واریس حسین) بەرهەم هاتووە بەناونیشانی (هنری هەشتەم و شەش ژنەکانی) تێیدا ئەو دیمەنەی هنری پاشا نیشان دەدا لەسەر پێخەفی مردن و یادەورییەکانی رابووردووی بیر دێتەوە).

فیلمەکە لەنواندنی (کیس میشیل، دونالد بینسیس، شارلوت رامبلینج)

## فیلمی ژاوە ژاوێکی زۆری بێ ئەنجام

فیلمێکـــی کۆمیـــدی، رۆمانســـی بەریتانـــی/ ئەمریکـــی یـــە، ساڵی ١٩٩٣ بەرهـەم هاتـووە، لەدەرهێنـان و نواندنی(کینیس برانــاغ) لەشــانۆگەریەکی شکســپیر وەرگیــراوە بەهەمــان ناونیشــان، ســیناریۆی فیلمەکــە بــاس لــەوە دەکات کــە (کلۆدیــۆ) و (هیــرۆ) هەفتەیەکیــان مــاوە بــۆ ئەنجامدانــی پرۆسـەی هاوسـەرگیریی، بەڵام (دون جون) ی شـەڕخواس بەتەڵــە نانەوەیــەک (هێــرۆ) بەداوێــن پیــس و بــێ وەفــا دەردەخــات، بــۆ ئــەوەی پرۆســەی هاوســەرگیرییەکەی هــەرەس پــێ بێنێــت .

ئەکتــەرە بەشــداربووەکانی ئــەم فیلمــە بریتیــن لــە: دینــزل واشــنتۆن، ئیمــا تۆمســون، کیــت بیکنیســل، مایــکل کیتــۆن، باتریــک دویــل، کینیــس برانــا.

ئــەم شــانۆگەرییە لەســاڵی ١٥٩٨ـ ١٥٩٩نووســراوە، بــەڵام لەســاڵی ١٦٢٣ بــڵاو دەبێتــەوە.

جگـە لـەو فیلمـە، دوو فیلمـی تریشـی لـێ دروسـت کـراوە: یەکەمیــان ســاڵی ١٩٥٦ فیلمێکــی ســۆڤیەتیە لەدەرهێنانــی (لیونیــد زامکۆفیــش).

دووەمیـــان: فیلمێکـــی ئەڵمانیـــە لەدەرهێنانی(مارتیـــن هیلبـرج) سـاڵی ١٩٦٣ لەنواندنی(رۆلـف لودفیـج) (کریسـتیل بودنبســـتن)

هــەر تەنهــا لــە دە ســاڵی رابــووردوودا زێتــر لــە ١٠ فیلمـی ئەنجامـی نـوێ لەشـانۆگەرییەکانی شکسـپیر کـراون بەفیلـم، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت، کـە شکسـپیر تـا ئێسـتاش لەبەخششـەکانی خـۆی بەردەوامـە و ئـەو نووسـەرێکە بـۆ هەمـوو سـەردەمە کـۆن و نوێـکان و بەرهەمەکانـی تـا ئێستاش چەندین داهێنانـی نـوێ ی لێوە هەڵدەهێنجێندرێن، بۆ سینەکاران و شانۆکاران و موزیک ژەنان، کە ئۆپیراو بالـێ و چەندیـن شـانۆگەری گۆرانییـان لـێ ی دروسـت کـردووە .

ئـەو فیلمۆگرافیایـەی شـانۆگەرییەکانی شکسـپیر لەسـینەمادا کـە چەندیـن سـاڵی خایانـدووە ٨١ فیلمـی بەدەنگـی دەسـت نیشـان کـردووە، کـە لەسـاڵی ١٩٢٩ تـا ساڵی ١٩٧٩(٧٨) دەگرێتەوە، فیلم لە ٢٣ شانۆگەری بەرهـەم هاتـووە، دیارترینیـان فیلمـی بەریتانـی (سـەردەمی پاشـاکان) دەرهێنانــی بیتــەر دیــوس ســاڵی ١٩٦٠، فیلمــی شــەڕی دووگـوڵ ــ دەرهێنانی مایکل هایـز ـ روبیـن میدلـی ـ ١٩٦٤، فیلمــی ئەسـپانی (فۆلسـتاف) دەرهێنانــی ئۆرسـۆن ویلــز، ١٩٦٥ کـە پشـت بەچەنـد سـەرچاوەیەک بەسـتراوە لەوانـە: لەوانـە: کتێبـی شکسـپیرو فیلـم نووسـینی (رۆجـر مانفیـل ١٩٧٢) کتێبـی شکسـبیرو سـینەما (بیتـەر مۆریـس١٩٧٢)

شكسپيرو سينه‌ما ــ ئه‌و كتێبه دانسقه‌يه كه ره‌خنه‌گرى ناسـراوى ميسرى(عيسـام زه‌كه‌ريـا) بـه بۆنـه‌ى ٤٠٠ ه ميـن سـاڵيادى شكسـپيرى مـه‌زن بـڵاوى كردۆتـه‌وه، تێيـدا ئامـاژه‌ى به‌هه‌مـوو ئـه‌و به‌رهه‌مـه سـينه‌ماييانه كـردووه كـه له‌شـاكاره‌كانى شكسـپيره‌وه وه‌رگيـراون، به‌تايبـه‌ت ئـه‌و به‌رهه‌مانـه‌ى له‌سـه‌ده‌ى بيسـته‌مدا به‌رهـه‌م هاتـوون، له‌وانه‌ش شـانۆيى (هاملێت) ١٩٩٦ له‌ده‌رهێنانـى كيميس برانا،هه‌روه‌ها فيلمـى رۆميـۆ جولێـت -١٩٩٦ له‌ده‌رهێنانـى ده‌رهێنـه‌رى ناسـراوى ئوسـترالى (بـاز لۆرمـان) سـه‌ركه‌وتنێكى گـه‌وره‌ى به‌ده‌سـت هێنـا، به‌تايبـه‌ت لاى گه‌نجـه‌كان.

هه‌روه‌هـا ده‌رهێنه‌رانـى ژن(سـاره فرانكـۆم و مارگرێـت ويليامـز) هاملێتيـان به‌ديدێكـى ژنانـه ده‌رهێنـاوه و ماكسـين بێـك ـ رۆڵـى هاملێتـى بينيـووه، هه‌روه‌هـا فيلمى(ليـر پاشـا) كـه ئه‌كتـه‌رى ناودار(ئه‌نتۆنـى هۆبكنـز) رۆڵـى ليـر پاشـاى تێـدا بينيـووه.

هه‌روه‌هـا نووسـه‌رى ناسـراو(جولى سـاندرز) له‌كتێبه‌كـه‌ى دا (ئامـاده‌كارى و وه‌رگرتـن) ده‌ڵـێ مـاوه‌ى چـوار سـه‌ده‌ى رابـووردوودا، ژماره‌يه‌كـى زۆر له‌به‌رهه‌مه‌كانـى شكسـپير بـۆ سـينه‌ما ئامـاده‌كارى لـێ كـراوه، بـه‌ڵام هه‌نـدێ لـه‌و به‌رهه‌مانـه سـه‌ركه‌وتنيان به‌ده‌سـت نه‌هێنـاوه، به‌هـۆى زێـده رۆيـى له‌نوانـدن و شـێوازى گوتـار، يـان هه‌نـدێ له‌فيلمـه بێده‌نگـه‌كان نه‌يانتوانيـووه ئامانجـه‌كان بپێكێـن،واى كـردووه به‌رهه‌مـه‌كان لۆژيكـى نه‌بـن، زه‌كه‌ريـاى ره‌خنه‌گـر

لــەم بارەیــەوە نموونــەی هێناوەتــەوە، وەک نواندنــی (هیربـرت تـری) لەفیلمـی (جـون پاشـا) سـاڵی١٨٩٩ئەکتەری ناســراوی بەریتانی(ئەیـان مکلین)کــە تەمەنــی ٧٦ ســاڵەو رۆڵــی ریتشــاردی ســێیەمی دیــوە، لەگەشــتێکدا لەگــەڵ هەوادارەکانــی هەمـوو ئـەو شـوێنانەی نیشـانی هەوادارانـی خۆیــدا کــە فیلمەکــەی تێــدا وێنــە گیــراوە، لەدیمانەیەکــدا دەڵێـت: خـۆ لێدان لەبەرهەمانـی شکسـپیر کارێکـی ئاسـان نیــە، کــەس ناتوانێـت نکۆڵـی لەهەقیقەتێکـی وا بـکات، ئینجـا ئــەو کەســانە چ ئەکتــەر بــن چ دەرهێنــەر، چ دیزاینــکاری دیکۆر، مـن داوا لەهـەر یەکێک دەکەم شکسـپیر بخوێننەوە، بــۆ ئــەوەی شکســپیر بناســن ئەگەرچــی ئەمەشــیان هــەر ئاســان نیــە، رەنگــە گونجــاو نەبێـت داوا لەمناڵێـک بکەیـن شکســپیر بخوێنتــەوە، ئەمــە وەک ئــەوە وایــە ئۆپیرایەکــی مۆزارتـی نیشـان بدەیـن و داوای لـێ بکەیـن تـێ بـگا.

# یۆلیۆس قەیسەر
# Julius Caesar



یۆلیۆس قەیسەر پێشەواییێکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بووە، بەدوا دکتاتۆی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما ناونراوە، لەسەردەمی ئەودا ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەحاڵەتێکی بەردوامی بەرفرەوان بوون و بەهێز بوونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت دا بووە.

ڕۆژی ١٣/ ١٢/ ی ١٠٠ پ. م. کە ڕۆژی لە دایک بوونیەتی، ڕۆژی وەرچەرخانێکی نویێ بووە لەمێژووی ڕۆماندا، چونکە هەر لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا رووبەرووی کۆمەڵی جەنگی گەورە بۆتەوە.

بنەماڵەی یۆلیۆس بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند نەبوونە، کاتێ تەمەنی شانزە ساڵان بوو باوکی ماڵئاوایی لە دنیادا کرد، بۆیە زێتر لەجاران لە دایکی نزیک بۆوە، هەلو مەرجی وڵاتەکەی لە سەردەمی ئەودا زۆر ئاڵۆز بوو، هەوڵی دا یارمەتی نەجیب زادەکان بدات، چونکە(کۆرنیلیا) ی هاوسەری یەکێک بوو لەوان.

ئەمە (سولا) ی دکتاتۆری نیگەران کرد و بڕیاری دا دەبێت قەیسەر لە ژنەکەی جیا بێتەوە و دەستیش بەسەر سەرو ماڵیدا دابگرێت، بەڵام قەیسەر خۆی رزگار کرد بەر لەدەستگیر کردنی.

بەڵام دوای مردنی ئیمپراتۆر قەیسەر گەڕایەوە وڵاتەکەی دا و دەستی کرد بەکاری سیاسی و دەستیشی کرد بەخوێندنی فەلسەفە و رۆژ لە دوای رۆژ دەرکەوتنی زیاتر دەبوو، تا وای لێهات سوپایەکی مکۆم دامەزرێنێ و ڕۆما بکات بەئیمپراتۆریەتێکی گەورە.

بۆلیۆس قەیسەر بۆتە سەرچاوەی بەرهەمەکانی شکسپیر کە ساڵی ٤٤پ.م لەسەر دەستی یەکێک لەجێگرەکانی کوژراو سەربوردەی (یۆلیۆس قەیسەر) بوو بەگەورەترین سەربوردەی خیانەتکاری مێژوو.

بەڵام دواتر دوای هەوڵدانی بۆ کۆ کردنەوەی دوژمنە کۆنەکانی ڕۆمانیا دووچاری نارەزایی گەلەکەی بۆوە و لەپیلانێکی بەکۆمەڵدا روخاندیان،

ئەو ساتەوەختەی یولیوس قەیسەر تێیدا تیرۆرکرا، بەسەختترین و دژوارترین ساتدا دەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتی دا، کاریگەری ئەو ساتە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو کەسانەی قەیسەرییان بەو دڵ رەقیە تیرۆر کرد، لەنزیکترین ئەو کەسانە بوون کە جێگەی متمانەی یۆلیۆس قەیسەر بوون و خیانەتیان لێکرد، دەستیان لەگەڵ دەستی دوژمنەکانی قەیسەر تێکەڵکرد و پلانیان بۆ کوشتنی دارێشت.

لە پیلانەکەدا بڕیاریان دا، هەریەکە و بەجیا چەقۆیەک لە قەیسەر بدات و هەموو بە یەکەوە بیکوژن.

ئەگەرچی لەساتی تیرۆرکردنەکەیدا قەیسەر ٢٣ چەقۆی لێدرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بەدەستەوە نەداو هەر لەسەر پێیەکانی خۆی وەستا و شەڕی لەگەڵ دەکردن، تا ئەوکاتەی (یبروتوس)ی هاوڕێی تەمەنی و گیانی بەگیانی خۆی بینی، قەیسەر لەو ساتەدا بەلاشەیەکی پڕ لەبرین و خوێناوی بەرەو لای (بروتوس) ی هاوڕێی چوو، بەو ئومێدەی ببێتە فریادڕەسی و لەو دۆخە سەخت و تەنگەتاوەدا ڕزگاری بکات، هەربۆیە بەدڵێکی پڕ لەئومێدەوە دەستی لەسەر شانی دانا و بەچاوێکی پڕ لە تکا و ئارامییەوە سەیری هاوڕێکەی دەکرد، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانی نەدەکرد ڕوویدا و(بروتوس) ی هاوڕێشی وەک ئەوانی تر چەقۆیەکی دەرهێنا و لە قەیسەری دا.

دوای بینینی ئەم دیمەنە (یولیوس قەیسەر) گوتی: ئەی (بروتوس) تەنانەت تۆش خیانەتت لێکردم، کەواتە ئێستا بەراستی قەیسەر شایەستەی مردنە .

ئیدی لەم ساتەدا قەیسەر رادەست بوونی خۆی ڕاگەیاند و کەوتە سەرزەوی.

چونکە هیچ چەقۆیەک لەهەموو ئەو چەقۆیانەی بەر قەیسەر کەوتن بەقەد چەقۆکەی (بروتوس) ی هاوڕێی ئازاری پێنەگەیاند، چونکە ئەو چەقۆیە تەنها بەرجەستەی نەکەوت بەڵکو بەر کەسایەتی و ئیرادەو ئومێدەکانیشی .

شانۆگەریەکەی شکسپیر (یۆلیۆس قەیسەر) بوو بەسەرچاوە بۆ ئەنجامدانی چەندین فیلمی بێ دەنگ و بە دەنگ.

**فیلمە بێدەنگەکان:**

| | | |
|---|---|---|
| ١. فرەنسا | جۆرج میلیس | ١٩٠٧ |
| ٢ .ئەمریکا | سیجموند لیبینی | ١٩٠٨ |
| ٣. ئیتالیا | جیوفانی باسترۆنی | ١٩٠٩ |
| ٤.بریتانیا | ف. ر. بینسۆن | ١٩١١ |
| ٥. ئیتاڵیا | ئەنریکۆ جازۆنی | ١٩١٤ |

**فیلمە بە دەنگەکان:**

لەگەڵ پەیدا وونی سینەما زۆر لەکەسایەتیە مێژووییەکان سەربوردەو ژیانی تایبەتیان کراوە بەسەرچاوە بۆ بەرهەمهێنانی چەندین فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی، یەکێک لەوانیش (یۆلیۆس قەیسەر) ە کەسەرچاوەی شانۆگەریەکی ناوداری شکسپیرە و تێیدا باس لەقۆرخ کردنی دەسەڵات و بە لارێدا بردنی دەسەڵاتە

بە شێوەیەکی چەوت و ئەو ئەنجامە نەرێنیانەی لەو سۆنگەیەوە دێنە ئارا، بەڵام فەلسەفەی هەرە دیارو بەرچاوی شکسپیر لەوە زیاتر خیانەتە. کە زۆر جاران لە لایەن کەسانی هەرە نزیک لە خۆت دروست دەبن. بۆیە ئێشو ئازاری ئەنجامەکانی ئەو خیانەتانە ئەوەندە بەسۆیە کە مرۆڤ مردنی پێ باشتر دەبێت لەژیاندا، وەک ئەو خیانەتە گەورەیەی رووبەرووی یۆلیۆس قەیسەر دەبێتەوە، بەگوێرەی کاراکتەری یۆلیۆس قەیسەر تا ئێستا ئەم فیلمە بە دەنگانەی لە سەر ئەنجام دراوە:

| | | |
|---|---|---|
| ١. ئەمریکا | دافید برادلی | ١٩٥٠ |
| ٢. بریتانیا | بارسیان | ١٩٥١ |
| ٣. ئەمریکا | جۆزیف مینکیفیتش | ١٩٥٢ |
| ٤. بریتانیا | بیتر برۆک | ١٩٥٩ |
| ٥. بریتانیا | جۆن فیرنون | ١٩٥٦ |
| ٦. بریتانیا | ستیوارس بورج | ١٩٧٠ |
| ٧. ئەمریکا | ئولی ئەدیل | ٢٠٠٣ |

ئەم فیلمەی دوایی کە لەدەرهێنانی(ئولی ئەدیل ) و ئامادە کردنی بیتەر برۆک و کریچ وارنەر ) ە لەنواندنی جیریمی سیستۆ(لەرۆڵی یۆلیۆس قەیسەر) (دریتشارد هاریس ـ رۆڵی ئەو پیاوە بەهێزەی قەیسەر خۆشی ناوێ) (کریستۆفر والکن ــ کاتۆی بچووک کە لە کۆمارییەکان بوو لەئەنجومەنی پیران و لەگۆڕەپانی شەڕدا رووبەرووی قەیسەر بۆوە)ـ ڤالیریا رۆڵی (کابۆرنیا ـ هاوسەری قەیسەر )، بامیلا بۆین ــ دایکی قەیسەر دەبینێت.

## کۆمێدیای هەڵەکان
## The Comedy of Errors

کۆمێدیای هەڵەکان چەندین فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی لێ بەرهەم هاتووە، لەرەسەندا شانۆگەریەکی کورتی شکسپیرە، لە سالآنی (١٥٩٢ـ ١٥٩٤) نووسراوە، باس لە سەربوردەی دوو برای جمک دەکات، کە هەموو شتێکیان لێکتر دەچێت، ئەو دوو جمکە روو بە رووی چەندین هەڵەی خەڵکی دەبنەوە لەئەنجامی زۆری لەیەک چوونیان و ئەو ئازارانەی تووشی دەبن .

**فیلمەکان:**

ساڵی ١٩٦٤ فیلمێکی ئەڵمانی لێ بەرهەم هاتووە، لەدەرهێنانی (هانز دیتر) بەهەمان شێوە بۆ تەلەفزیۆنی باڤاریا بەرهەم هاتووە، نواندنی (ئەریک شومان، کلاوس شتاوت)

ساڵی ١٩٨٣ دەرهێنەر (جیمس سیلان جۆنز) فیلمی کۆمێدیای هەڵەکانی بۆ تەلەفزیۆن بە بەرهەمهێناوە، لە نواندنی سیریل کوزاک،تشارلز جرای،نیکولای شاغرین .

ساڵی ١٩٨٧ فیلمی تەلەفزیۆنی لێ بەرهەم هاتووە بەهەمان ناونیشانی خۆی، لەدەرهێنانی ( رۆبرت وۆرد رووف) نواندنی (کارلا بومس، ئەسیل ئیکچلی )

ساڵی ٢٠١٥ دەرهێنەر (بلانچ میکلنتیرا) فیلمی کۆمیدیای هەڵەکانی بە بەرهەمهێناوە، لە نواندنی (سیمۆن هاریسیۆن، ماتسیونیدهام).

# فیلمە سەرکەوتوەکان و
# فیلمە شکست خواردووەکانی شکسپیر



وەک ئاماژەمــان پێــدا، شــانۆگەرییەکانی شکســپیر کــە فیلمــی بێدەنگیــان لــێ دروســت بــووە، لەقۆناغــی فیلمــی بێدەنگــدا زێتــر لــە ٥٠٠ فیلــم دەبێــت، دواتریــش هــەر ئــەو شــانۆگەرییانەی شکســپیر، بوونەتــە ســەرچاوە بــۆ چەندیــن کاری هونەریــی دیکــەی هەمــە ڕەنگــی، لەوانــە فیلمەکانــی وینســترن، خەیاڵــی زانســتی، فیلمــی چەتەگەریــی و ســامۆرای.

هەروەهــا بوونەتــە ســروش بــۆ داهێنانــی چەندیــن ئۆپیــراو پارچــە موزیــک و فیلمــی ڕۆمانســی و کۆمێــدی و فیلمــی ترســناک، بــەڵام ئایــا هەمــوو ئــەو کارانــەی لــە فیلمەکانــی شکســپیر وەرگیــراون، لــە ئاســتی پێویســت دابوونــە؟ یــان توانیویانــە ســەرکەوتن بەدەســت بێنــن؟

فیلمــی هنــری پێنجــەم، کــە ســاڵی ١٩٤٤ بەرهــەم هاتــووە، لۆرانــس ئۆلیڤیــە ـ ڕۆڵــی پاڵەوانیەتــی تێــدا بینیــووە و ئەزموونــی پەنجــا ســاڵی هونــەری خــۆی تێــدا بەرجەســتە کــردووە، بــۆ ئــەوەی ئــەو شــانۆگەرییە بکات بەوێنەیەکــی زینــدوو، هاوکــوف بێــت لەگــەڵ ســەردەمدا.

لۆرانــس لــەو فیلمــەدا توانــی ســەرکەوتنێکی بــاش بەدەســت بێنێــت.

بــەڵام لەهەمــان کاتیشــدا زۆر لــەو فیلمانــەی لەشــاکارەکانی شکســپیرەوە وەرگیراون شکســتییان هێناوە، بەتایبەت لەســەدەی بیســت و یەکەمــدا، کــە زۆربەیــان بــەلای گوتــارو ئامــۆژگاری دەخولانــەوە و نەیــان توانییــوە چارەســەری گونجــاوی درامــی بــۆ ئــەو فیلمانــە دابنێــن، بۆیــە شکســتیان هێنــاوە.

هەر بۆ نموونە (هربرت تری) ساڵی ١٨٩٩ رۆڵی (لیر پاشا) ی بینیووە، دووچاری شکستێکی گەورە بوو، بە قسەی (هربرت تری)خۆی، هەروا هربرت ـ بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ دەرهێنەری ناسراوی ئەمریکی (جریفت) رۆڵی (ماکبیس ) بینی، دیسان هەر روو بە ڕووی شکستێکی گەورە بۆوە.

بەڵام ساڵی ١٩٠٨ جریفت ـ سنووری شکست هێنانی لەشاکارەکانی شکسپیر شکاند، کاتێ فیلمی The Taming of the Shrewی لەنواندنی (فلۆرانس لۆرانس) پێشکەش کرد، ئەم فیلمە خۆی لەدیالۆگی دریژ بەدوور کردوو، هەموو پشت بەستنێکی خستە سەر ڕووداوەکان و ناساندنی کاراکتەرەکان.

هەروا دەرهێنەرو وەبەرهێنەرەکان نابێت مەزەندەی ئەوە بکەن هەندێ لەو بەرهەمانەی شکسپیر کە لەسەر شانۆ سەرکەوتن بەدەست دێنن، هەمان سەرکەوتنیش لەسینەمادا بەدی بێت، چونکە هەر یەک لەوان تایبەتمەندی خۆیان هەیە .

ساڵی ١٩١٣ (جۆناستۆن فۆربس) کەیەکێک بوو لەو ئەکتەرانەی گەورەترین سەرکەوتنیان لە رۆڵی بەرجەستە کردنی (هاملێت ) دا بینی لەشانۆدا، هەمان رۆڵی لەفیلمێکی بێدەنگ دا بینی، بەڵام دووچاری شکستێکی گەورە بوو، چونکە ئەو دەنگ و ئیلقاو توانا جەستەییەی لە سینەمادا بۆ فەراهەم نەبوو، بۆیە شکستی هێنا.

زۆر لەرەخنەگران پێیان وایە فیلمی بێدەنگ ستەمێکی زۆری لەبەرهەمە شانۆییەکانی شکسپیر کردووە.

بەڵام دەرهێنەری ناسراوی ژاپۆنی ( ئەکیرا کیرۆساوا) لە فیلمی Throne of Blood Thron of Blood کە لەساڵی ١٩٥٧ پێشکەش کرد، لەشانۆیی (ماکبێس) وەرگیرابوو، توانی زۆر لەو کێشەو ئاریشانە راماڵێ و بایەخ بەرووداوەکان بداو کەسایەتیەکان تێر بکات و ئامادەباشییەکی هونەریی جوان بۆ فیلمەکە بکات و سەرکەوتن بە دەست بێنێت .

هەروا (ئەکیرا) جارێکی تریش ئەزموونی خۆی لەگەڵ بەرهەمە شکسپیرییەکان دووبارە کردەوەو لەشانۆگەری (لیر پاشا) فیلمی Ran ی پێشکەش کردو تێیدا چیرۆکی ئەو پاشا ژاپۆنیەی بەرجەستە کرد، کە ویستی سەروەت و سامانکەی خۆی بەسەر نەوەکانیدا دابەش بکات، کەچی لەئاکامدا رووبەرووی چارەنووسێکی تاڵ بۆوە.

فیلمی ( رۆمیۆ جولیت ) کە یەکێکە لەبەرهەمە هەرە دیارو بەرچاوەکانی شکسپیر و لەشانۆدا سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کردووە، بەڵام کاتێ دەرهێنەر (لیزلی هوارد) ساڵی ١٩٣٦ ئەو بەرهەمەی کردە فیلم، نەیتوانی ئەو سەرکەوتنە تۆمار بکات کە چاوەڕوانی دەکرد، چونکە ئەکتەرێکی تەمەن ٤٢ ساڵی بۆ رۆمیۆ دانا و نەیتوانی تەمەنێک هەڵبژێری کە لەگەڵ ئەو کاراکتەرە بگونجێ.

بەڵام (فرانک زیفرللی) ساڵی ١٩٦٨رۆمیۆو جولێتی

به‌شـێوه‌یه‌کی تـر پێشـکه‌ش کـرد، چونکـه هه‌مـان سـتایلی لۆرانس ئۆلیڤیـه‌ی به‌رجه‌سـته کـردو دوو ئه‌کتـه‌ری گه‌نجـی لێوه‌شـاوه‌ی بۆ رۆمیـۆ و جولێت هه‌ڵبژارد(لیۆنـارد واینتیـج ـئۆلیڤیا هوسـی) به‌شـێوه‌ک فیلمه‌کـه‌ی داهێنـا کـه هـه‌م رۆحـی ره‌سـه‌نی ده‌قه‌کـه‌ی شکسـپیر به‌رجه‌سـته بـکات، هـه‌م وێنایـه‌ک له‌سـینه‌مای سـاڵانی شه‌سـته‌کانی تێدا ره‌نگ بداتـه‌وه.

زۆر له‌ره‌خنـه گرانیـش پێیـان وایـه یه‌کێـک لـه‌و فیلمـه سـه‌رکه‌وتوانه‌ی له‌به‌رهه‌مه‌کانـی شکسـپیر وه‌رگیـراون، Chimes At Midnightی ده‌رهێنـه‌ر ئۆرسـۆن ویلـز بـووه، کـه سـاڵی ١٩٦٥ بـه به‌رهـه‌م هاتـووه، کـه سـوارچاکی و کۆمێدیـای ئاوێزانـی یه‌کتـر کـردووه‌و زۆر له‌ره‌خنه گـره‌کان بـه یه‌کێـک له‌باشـترین فیلمه‌کانـی شکسـپیری ده‌زانـن.

تـا ئێسـتاکه‌ش به‌فیلـم کردنـی شـانۆگه‌رییه‌کانی شکسـپیر له‌لایـه‌ن چه‌ندیـن ده‌رهێنـه‌رو به‌رهـه‌م هێنه‌رانـی دنیـا به‌رده‌وامـه، هـه‌ر یه‌کـه‌و لـه‌وان به‌فۆرمێـک کار له‌سـه‌ر ئـه‌و فیلمانـه ده‌کـه‌ن، بـه‌ڵام بـه گشـتی فیلمـه‌کان له‌بـه‌ره‌و پێشـه‌وه‌چوون دان و به‌رهه‌مه‌کانیـش له‌زێـده بـوون دان .

## شکسپیر 68 خەڵاتی ئۆسکار بەدەست دێنێت

هەمیشــە توێــژەرە ئەکادیمییــەکان دەپرســن ئاخــۆ ئــەو سـیحرە چیـە وای کـردووە تـا ئێسـتا زێتـر لـە ٢٠ فیلمـی شکسـپیر ٦٨ خەلاتـی ئەکادیمیـای ئەمریکـی بۆهونـەرو زانســت ( ئۆســکار) لەســینەمادا بەدەســت بینیــت، رەنگــە لەرابووردوودا، خـەلات تەنها پێوەرێک نەبووە بۆ داهێنان، بـەلام لـە سـەدەی بیسـتەمدا خـەلات بـوو بەهێمایـەک بـۆ ئەفرانــدن لەبــواری زانســت و هونــەردا، ئەگەرنــا جــاران گــەورە داهێنەرانــی وەک ســۆفۆکلیس، مایــکل ئەنجیلــۆ، بتهۆڤــن، هیــچ خەڵاتێکییــان وەرنەگرتــووە، گرنگتریــن ئــەو فیلمانــەی شکســپیر کەخەڵاتــی ئۆســکارییان بەدەســت هێنــاوە، لەوانــە فیلمــی:

**١. خەونی نیوەشەوی هاوین**

دەرهێنانی ماکس رینهارت ١٩٣٥

پاڵێــوراو بــۆ: خەڵاتــی باشــترین فیلــم، باشــترین وێنەگرتن(هــال مــۆر) باشــترین مۆنتاژ(رالــف داوســون)

خەڵاتەکان:

خەڵاتی باشترین وێنەگرتن
باشترین مۆنتاژ

**٢. رۆمیۆو جولیت: دەرهێنانی ـ جوین کیوکر ١٩٣٦**

پاڵێوراو بۆ: باشترین فیلم
باشترین ئەکتەری ئافرەت(نورما شیرر)
باشترین ئەکتەری پیاو: بازل راسبورن)
باشـترین دیکـۆر: سـیدرک جیبونـز، فریدریـک هـۆب، ئەدویـن ب. ویلـز

**٣. فیلمی ( دەبم یان نابم ) کە لە ( هاملیت ) وەرگیراوە، ١٩٤٢**

دەرهێنانی ئەرنست لوبیش .
پاڵێوراو بۆ: باشترین موزیک (ورنر هیلمان)

**٤. هنری پێنجەم ـ ١٩٤٦**

دەرهێنانی ـ لۆرانس ئولیفیە، پاڵیوراو بۆ: باشترین فیلم
باشترین ئەکتەر: لۆرانس ئۆلیفیە
باشترین دیکۆر: بول شیڤەر ــ کارمن دیلۆن
باشترین موزیک: ولیەم والتون
خەڵاتی تایبەتی بۆ: لۆرانس ئۆلیڤیە

**٥. ژیانی ئاوێتە ـ لە (ئۆتیللۆ) وەرگیراوە**

دەرهێنانی ـ جورج کیوکر .
پاڵێوراو بۆ: باشترین دەرهێنان
باشترین ئەکتەر (رۆنالدکولمان)
باشترین سیناریۆ: روس جۆرجۆن،جارسۆن کانین
باشترین موزیک: میکلۆش رۆزا

خەڵاتەکان: باشترین ئەکتەر، باشترین موزیک
**٦. هاملیت ـ دەرهێنانی لۆرانس ئۆلیفیە . ١٩٤٨**
پاڵێوراو بۆ: باشترین فیلم
باشترین ئەکتەر ـ لۆرانس ئۆلیڤیە
باشترین دیکۆر: ڕۆجرک .فۆرس /کارمن دیلۆن
باشترین ئەکتەری ئافرەت: جین سیمۆنز
باشترین دەرهێنان: لۆرانس ئۆلیڤیە
باشترین موزیک: ولیەم والتون
باشترین جلوبەرگ: ڕۆجز .ک .فۆرس
خەڵاتـەکان: باشـترین فیلـم، باشـترین ئەکتـەر، باشـترین دیکـۆر، باشـترین جلـو بـەرگ.
**٧. یۆلیۆس قەیسەر ـ دەرهێنانی جۆزیلف مینکیفتیش ١٩٥٣**
پاڵێورا: باشترین فیلم
باشترین ئەکتەر: مارلۆن براندۆ
باشترین وێنەگرتن: جۆزیف ڕۆتینبرج
باشترین موزیک: میکلۆش ڕۆزا
باشـترین دیکـۆر: سـیدریک جیبونـر/ ئـەدوارد کارفاجنـۆ / ئەدویـن .ب. ویلز.هـوج هویـت
خەڵاتەکان: باشترین دیکۆر
باشترین دیکۆر
**٨. ماچم کە ـ لەشانۆیی (ڕاهێنانی دڕندەیەک) هاتووە**
دەرهێنانی: (جۆرج سیدنی)
پاڵێوراو بۆ: باشترین موزیک (ئەندریە برفین ـ سول شاپلن)

**٩. (چیرۆکی گەڕەکی رۆژ ئاوا) لەرۆمیۆ جولیت ـ وەرگیراوە ـ ١٩٦١**

دەرهێنانی رۆبرت وایز - جیرۆم رۆبنز

پالێوراو بۆ: باشترین فیلم، باشترین دەرهێنان

باشترین ئەکتەری پیاو: ریتا مرینۆ

باشترین ئەکتەری ئافرەت: جۆرج شاکیرز

باشترین وێنەگرتن: دانییال . د.فاب

باشترین دیکۆر: بوریس لیڤین ـ فیکتۆر جانجلین

باشترین دەنگ: فرد هاینز ـ جۆردن زئای . ساویر

باشترین مۆنتاژ: تومان ستانفورد

باشترین جلوبەرگ: ئایرین شاراف

باشترین موزیک: سول شاپلن،جۆنی جرین،سیدرامین، ئاوین کوستال

باشترین سیناریۆ: ئارنست لیمان

خەڵاتەکان: هەموو ئەو خەڵاتانەی بردەوە کە بۆی پاڵیورابوو، تەنیا خەڵاتی باشترین سیناریۆ نەبێت.

**١٠. ئۆتیللۆ ـ دەرهێنانی لۆرانس ئۆلیفیە.١٩٦٥**

پاڵێوراو بۆ:

باشترین ئەکتەری پیاو ـ لۆرانس ئۆلیڤیە

باشترین ئەکتەری ئافرەت ـ جۆریس ریدمان

**١١. راهێنانی دڕندە ـ فرانکۆ زیفرللی ١٩٦٧**

پاڵاوتن بۆ: باشترین دیکۆر:

ریترۆ مۆناردینۆ ــ جون دیکۆریە ــ ئالفین ویب ــ

جۆزیبیماریانی ــ داریۆ سیمۆنۆ ــلویجی گیرفاس .
باشترین جلو بەرگ: ئایرن شاراف ـ دانیللو دوناتی
باشترین دەرهێنان
**١٣. دەبم یان نابم لە ( هاملێت ) ەوە وەرگیراوە**
دەرهێنانی میل بروکس: ١٩٨٣
پاڵێوراو بۆ: باشترین ئەکتەر: شارلز دورتینج
١٤.وەرگرتنی قازانج لە (لیر پاشا) وەرگیراوە، دەرهێنانی (ئەکیرا کۆساوا ) ١٩٨٥
پاڵێوراو بۆ: باشترین دەرهێنان
باشترین وێنە گرتن: تاکو ساتیۆ، ماسا هارۆ یودا، ئەسکازۆ ناکای.
باشترین دیکۆر: یۆشیرۆ موراتکی، شینویۆ مۆراکی
باشترین جلو بەرگ: ئایکی وادا
خەڵات: باشترین جلو بەرگ
**١٥. ئۆتیللۆ دەرهێنانی فرانکۆ زیفریللی ١٩٨٦**
پاڵاوتن بۆ:باشترین جلو بەرگ ـ ئانا ئانی
ماوریزیۆ میلیونوتی .
**١٦. هنری پێنجەم ــ دەرهێنانی کینیس براتا.**
پاڵیوراو بۆ: باشترین دەرهێنان، باشترین ئەکتەر: کینیس برانا.
باشترین جلوبەرگ: فیلیس دالتۆن
خەڵات: باشترین جلوبەرگ
**١٧. هاملێت ـ دەرهێنانی فرانکۆ زیفرللی ١٩٩٠**

پاڵێوراو بۆ: باشترین دیکۆر: دانتی فیریتی ـ فرانشیسکا لو شافغیۆ

باشترین جلوبەرگ: ماوروزیۆ میلونوتی

**١٨. ریتشاردی سێیەم ـ دەرهێنانی: (ریتشارد لونکارنی) ١٩٩٥**

پاڵێوراو بۆ: باشترین دیکۆر:تونی بۆرۆ

باشترین جلو بەرگ: شونا هاروود

**١٩. هاملێت ـ دەرهێنانی کینیس برانا ١٩٩٧**

پاڵیوراو بۆ: باشترین سیناریۆ: کینیس برانا

باشترین موزیک: باتریک دویل

باشترین دیکۆر: تیم هارڤی

باشترین جلو بەرگ: ئەلکس برنی

**٢٠. رۆمیۆ جولێت: دەرهێنانی ( باز لۆرمان)١٩٩٧**

پاڵێوراو بۆ: باشترین دیکۆر:کاترین مارتین ـ برجیت بروخ

## شکسپیر لەمێزگردێکی سینەماکارە جیهانییەکاندا

وێڕای تێپەڕبوونی نیوسەدە بەسەر ماڵئاوایی شکسپیر، بەڵام سینەمای جیهانیی ناوە ناوە دەگەڕێتەوە سەر شانۆگەرییەکانی شکسپیر و شانۆگەرییە تراژیدی و کۆمێدیەکانی دەکات بە بەرهەمی سینەمایی و بەچەندین فۆرمی جیا جیا لەیەکتر پێشکەشی دەکاتەوە.

بۆیە گۆڤاری (Cineaste) ی سینەمای ئەمریکی، لەدوا ژمارەی خۆیدا، چەند پرسیارێکی ئاراستەی چەند گەورە دەرهێنەرێکی جیهانیی کردووە، لەوانەی بەرهەمە شانۆییەکانی شکسپیریان کردووە بەفیلمی سینەمایی لەوانە:

(بیتەر برۆک) کە ساڵی ١٩٧١ فیلمی لیر پاشای دەرهێناوە.

(بیتەر هۆل) کە فیلمی(خەونێک لەنیوەشەوی هاوین ١٩٦٨و (ریتشارد لیونکرین) فیلمی ریتشاردی سێیەم ١٩٩٥.

(باز لوهرمان) دەرهێنەری ڕۆمیۆو جولێت ١٩٩٦،

(ئولیفر بارکر) دەرهێنەری ئۆتیللۆ ١٩٩.(رۆمان بۆلانسکی) دەرهێنەری ماکبیس ١٩٧١ (فرانکۆ زیفرللی) دەرهێنەری فیلمی(راهێنانی پلنگ ١٩٦٧، رۆمیۆو جولیت ١٩٦٧،هاملیت ١٩٩٥

(تریفورنان) دەرهێنەری فیلمی(شەوی دوانزەهەمین١٩٩٦)

پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ دەکرێ لەو فیلمانەدا دەق کورت بکرێتەوە، یا دەسکاری تێدا بکرێت؟

**بیتەر هۆل:**

دەقەکانی شکسپیر لەرەسەندا بۆ شانۆ نووسراون، بەخەیاڵ بردنی نێوان ئەکتەرو بینەرە، ئەو نیشانەیە ئامانجی سەرەکییە، من خودی خۆم زۆر مەیلی بینینی شکسپیر ناکەم لەشاشە، وەک چۆن مەیلی بینینی ئۆپیراش ناکەم لە دەرەوەی شانۆ.

بەڵێ ئەگەر بتەوێ کار لەسەر شکسپیر بکەیت بۆ سینەما، دەبێت کورتی کەیتەوە، دەسکاری بکەیت، بەڵام تۆ ناتوانی ئەوە لەگەڵ مۆزارت یا ڤاگنەردا بکەیت، بۆیە من پێم وایە باشترین ئەو فیلمانەی لەبەرهەمەکانی شکسپیر وەرگیراون، لەشکسپیر دوور دەکەونەوە، وەک کارتە گەشتو گوزارییەکان لەتابلۆ رەسەنەکاندا .

**ریتشارد لونکرین:**

ئەگەر بتەوێت فیلمێک لەشانۆگەریەکی شکسپیر وەک خۆی بۆ بینەرێکی هاوچاخ بەبەرهەم بێنی، چێژی لێ وەرناگرێ، چونکە شکسپیر ٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا ریتشاردی سێیەمی

نووسـیووە، ئـەو کاتـە خەڵکـی لەوشـە ڕاهاتبـوون، نرخـی وشـەیان دەزانـی، ئەوەنـدە بایەخیـان بـە چـاو نـەدەدا، شـتێ نەبـوو بـۆ ڕازاندنـەوەی دیمـەن، وەک تەلەفزیـۆن و سـینەما، تەنیـا وشـە بـاڵا دەسـت و جێگـەی بایـەخ بـوو.

لەگێڕانـەوەی سـەربوردەی ریتشـاردی سـێیەم دا، هەمـوو شـتێکمان هەیـە، لەکارتێکردنـە تایبەتـەکان و موزیـک و ڕەگەزەکانـی دیکـەی کارتێکـردن، بـەڵام شکسـپیر بـە وشـەو زمـان.

بۆیـە لـەکاری سینەماییدا بـۆت هەیـە دەسکاری دەق بکەیت، نەریتەکانی شکسـپیریش هـەر وابـوو کـە دەتوانـی دیمەنێک یا دایەلۆژێـک بگوازیتـەوە بـۆ شـوێنێکی تـر، هەمیشـە شکسـپیر خـۆی ئـەو شـێوازەی بـەکار دەهێنـا.

**باز لوهرمان:**

فەلسـەفەی ئێمـە لەگواسـتنەوەی ڕۆمیـۆ و جولێت بۆ سـینەما ئەوەبـوو کـە نهێنی گێڕانەوەی سـەربوردە بەگۆرانی ڕۆمانسـی ئاشـکرا بکەیـن، لـەو سـتراتیژەیەتەدا خۆمـان دوور خەینـەوە، لـە لابردنـی وشـەی ئـەو گۆرانیانـە، بەڵکـو پاراسـتنیان بەبۆنـو بەرامـی خۆیانمانـەوە پـێ باشـتر بـووە، بـەڵام ئـازادی خۆمـان وەرگـرت لەبونیاتنانـەوەی دەقەکـە، پێمـان وابـوو گرنـگ پاراسـتنی ئامانجـە بنەڕەتیەکانـی شکسـپیر بێـت، هەمیشـە بـۆ ڕەواندنەوەی بێزار بوونی بینەر و چێژ پێ بەخشینی شکسپیر هەمـوو ئامرازەکانـی خـۆی بـەکار دەهێنـا، هـەر لەکۆمێدیـای سـووک، هەتـا جـەرگ بڕیـن تریـن تراژیدیـا، بەکارهێنانـی

ئـەو گۆرانیـە میللییانـەی خەڵـک حەزیـان لـێ دەکات، ئێمـەش بەهەمـان شـێوە لەسـینەمادا هەمـوو ئامرازێکمـان بەکارهێنـاوە بـۆ سـەرنج راکێشـانی بینـەر.

## تریفۆرنان:

لەکاتـی دەرهێنانـی فیلمـی شـەوی دوانزەهەمیـن - زۆر شـتم کـردووە کـە رەنگـە هەسـتی هەنـدێ لـە هەوادارانـی شکسـپیر برینـدار بکـەم، پێشـەکییەکی بەراییـم (بریلـۆج) نووسـیووە، چونکـە بینـەر پێویسـتی بەبەرچـاو روونـی هەیـە.

چەنـد گۆڕانـکاری تریشـم کـردووە، هەوڵـم دا پەیوەسـت بەدەقەکـە بـم، بـەڵام لەئەنجامـدا تـا ٦٥٪. ئـەوەم بـۆ کـرا.

بۆیـە مـن لـەرووی پابەنـد بـوون بەدەقـەوە دەتوانـم خـۆم بەسـەرکەوتوو بزانـم، بەبەراورد لەگەڵ ئەوانـی تـر کـە ناتوانن سـەدا نیـوەش پابەنـدی دەق بـن.

## ئۆلیفەر بارکر:

مـن سـتراتیژیەتێکی دیـاری کـراوم نیـە بـۆ لابردنـی دەق یـا لانەبردنـی، ئەمـە بەپێـی تێڕوانینـی خـۆم دەگۆڕێـت لەکاتـی کارکردنـدا، لەفیلمـی (ئۆتیللـۆ) ئـارەزووم بـوو فیلمەکـە ریتمێکی خێـرای هەبێـت، کـە لەگـەڵ بینـەری ئێسـتادا هاوکـوف بێـت، ئەگـەر دەقەکـەم وەک خـۆی بکردایـە، پێویسـت بـوو فیلمەکـە بکـەم بەچـوار کاژێـر، بۆیـە لابـردن و دەسـکاری کـردن دەبێتـە کارێکـی حەتمـی، هەتـا نمایـش کردنـی شـانۆگەریەکانیش وەک خۆیـان بـۆ شکسـپیر خـۆی بـاش نابێـت، مـن دڵنیـام ئەگـەر

خۆشـی ئێسـتا مابوایـە، شـانۆگەرییەکانی وەک خـۆی نمایـش نەدەکـردەوە، ئەگـەر گۆڕانکارییانـی تێـدا نەکردایـە، بەتایبـەت لەسـینەمادا .

بۆیـە لەفیلمـی ئۆتیللۆ هەمـوو هەوڵـم بۆ بـە زینـدوو ڕاگرتنـی ڕۆحـی فیلمەکـە بـوو نـەک دەق.

**رومان بۆلانسکی:**

بێگومان لەهەندێ حاڵەتدا کورت کردنەوەو دەسکاری دەبێتە کارێکـی پێویسـت، بەهـۆی درێـژی دەقەکـە، شـانۆگەریەکان بۆ ئـەوە نووسـراون کـە تۆ لەسـەر تەختـەی شـانۆ بیانبینـی، لەسـەر شـانۆش ناتوانـی هەمـوو ئـەوە نمایـش کەیـت کـە دەتـەوێ بیدرکێنـی، بـەڵام سـینەما دەتوانـێ بـە چەندیـن شـێوە ئـەوە بەرجەسـتە بـکات، لەگێڕانـەوەی ڕابـووردوودا دەتوانـی فـلاش بـاگ لـە سـینەمادا بـەکار بێنـی،

ئێمـە لەگـەڵ دەقی(ماکبێس) هەمـوو ئازادییەکمـان بەخۆمـان دا، هەوڵمانـدا دەقەکـە ڕوونتـر بکەینـەوە، خەڵکـی ئاسـانتر تێـی بـگات، لەهەمـان کاتـدا پارێـزگاری لەسـتاتیکا شـیعرییەکەی بکەیـن

**فرانکۆ زیفریللی:**

هـەر دەقێـک کـە هەوڵـی ئـەوەی بـۆ بدرێـت بخرێتـە چوارچێـوەی داهێنانێکـی تـر، وەک ڕۆمـان یـان شـانۆگەری، بـەرەو ناوەندێکـی بەرفرەوانتـر وەک سـینەما، دەبێـت یاسـاو ڕێسـاکانی ئـەو ناوەنـدە نوێیـەی قەبـوڵ بێت، وەک ئـەو فیلمـە و زمانـی وێنـە و شـتی تـر.

بۆیـە ئامـادە کردنـی دەق دەبێتـە شـتێکی پێویسـت و کـەس ناتوانـێ خـۆی لـێ هەڵبوێـرێ، رزگار بـوون لـەو دیالۆگانـەی بینـەر تێیـان ناگات، پێویسـتە لاببرێن، یا رێگـە چارەیەکیان بۆ بدۆزرێتـەوە، یـان دروسـت کردنـی هەنـدێ گـرێ ی لاوەکـی، رەنگـە لەشـانۆدا گرنـگ بووبێ، بـەڵام بۆ فیلـم دەسـت نـادەن.

**بیتەر برۆک:**

ئایـا ئـەو ئەکتەرانـەی لەفیلمێکـدا کـە دەقەکـەی لـە شـانۆگەریەکی شکسـپیر وەرگیرابێت،هەمـان ئـەو ئەکتـەرە بن کـە بەشـێوەیەکی کلاسـیکی نمایـش بکـەن؟

بیتـەر برۆک: بەڵـێ ..ئەکتـەری بـاش ئەوەیـە نواندنێک بکات بەقـەد ئەوەندەی کارەکە پێویستیەتی.

**ریتشارد لونکرین:**

بەڵـێ هـەر ئەکتەرێـک دەکـرێ کارێکـی شکسـپیری بـکات، بـەڵام رەنگـە راهێنانـی ئەکادیمـی هەنـدێ جـار ببێتـە کۆسـپ لەبـری ئـەوەی سـەرچاوەی یارمەتـی دانـی ئەکتـەر بێـت.

**باز لوهرمان:**

بەئەمانتـەوە دەڵێـم، ئەگـەر وا پێویسـت بێت ئەکتـەر ببێتـەوە بەئەکتەرێکی سـەردەمی ئەلیزابیسـی و ئێستا لەبەردەمی ئێمەدا بـەو فۆرمـە نوانـدن بـکات، بەهەمـان دەنـگ و پێرفۆرمانـس، ئـەوە دووچـاری سـەرسـوڕمانمان دەکات لەپێرفۆرمانسـی کلاسـیکی دا.

**تریفۆرنان:**

خۆشـبەختانە مـن دە رۆژم لەبـەردەم دابـوو بـۆ پرۆڤـە کـردن

بەئەکتەرەکان، بەر لەدەست پێکردنی وێنە گرتنی فیلمی شەوی دوانزەهەمین .

زۆربەی ئەکتەرەکانم ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان هەبوو لەنواندنی کلاسیکی، بەتایبەت لە کارەکانی شکسپیردا، بەتەنیا (میل سمیس)ی ئەکتەری کۆمێدی نەبێت کەشارەزاییەکی ئەوتۆی لەم بوارەدا نەبوو، بەڵام زۆر هەستیار بوو، ئارەزووی زۆری لەتەتەڵە کردنی دەقەکە هەبوو، زۆر بەگرنگییەوە سەرنجەکانی منی وەردەگرت دەربارەی ئیلقا، هەروەها هیلینا کارتەری ئەکتەریش، بەشێوەیەکی باش خۆی ئامادە کردبوو.

کاتێ وەک دەرهێنەر کۆمەڵێ ئەکتەر بۆ نواندن کۆ دەکەیتەوە،بێگومان هەریەکەو سەرنجی خۆی هەیەو کۆمەڵێ سەرنجت لا گەڵاڵە دەبێت، لەئەنجامی ئەوەدا دەتوانێت شیکردنەوەیەکی تێرو تەسەڵ لەسەر دەق بکەیت.

**ئۆلیفەر بارکر:**

بێگومان ئێمە هەر دەقێک بژار دەکەین، دەبێت لەرووی زمانەوە هەست بەئارامی بکەین، پرۆڤە کردن لەگەڵ هەندێ دەرهێنەر هیچ ئەنجامێکی نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم باشە مامەڵە لە گەڵ ئەکتەرە ناودارو گەورەکاندا بکەم، لەوانەی کە توانای بەرجەستە کردنی کاراکتەرەکانیان هەیە لەشاشەدا، چونکە هەندێ جار هەندێ ئەکتەر مەترسی لەسەر فیلمدا دروست دەکەن.

**رۆمان بۆلانسکی:**

پێم وایە هەر ئەکتەرێک دەتوانێ رۆڵی کاراکتەری شکسپیری ببینێ، بەڵام من کاتێ باس لە ئەزموونی تایبەتی خۆم دەکەم دەڵێم: من کارم لەگەڵ ئەکتەری ئینگلیزی کردووە، لەبەریتانیا زۆرینەی ئەکتەران توانای نواندنی کاراکتەری شکسپیرییان هەیەو کاریان لەسەر دەقەکانی شکسپیر کردووە، ئەو ئەکتەرانەی من لەفیلمی ماکبیس دا کارم لەگەڵ کردوون، ئەزموونی باشییان هەبووە لەکاراکتەری شکسپیریی، بەڵام من پێم وایە هەر ئەکتەرێکی بەتوانا دەتوانێت رۆڵی کاراکتەرە شکسپیرییەکان ببینێ .

**فرانکۆ زیفرللی:**

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەرهێنەر بتوانێت کارێکی جوان و توانستێکی باش نیشان بدات، من لەفیلمەکانمدا کارم لەگەڵ چەندین ئەکتەری جیا جیا کردووە، لەفیلمی (رۆمیۆ جولێت) ئەو ئەکتەرانە ئەوەیان پێش کەش کردم کە خواستی من بوو، گەنج و پاکیزەیی، بەرجەستە کردنی سۆز، لەرووی دیالۆگەوە، گرنگیدان بەیەکە یەکەی دیالۆگەکان، بەهۆی هیلاک بوونی راهێنەرانی دەنگ و ئەکتەرەکان خۆیان.

کارم لەگەڵ دیارترین ئەکتەرە خاوەن ئەزموونەکانی وەک (ریتشارد بیرتۆن) کردووە، بۆیە هەر کارێک کێشەی تایبەتی خۆی و چارەسەری تایبەتی خۆی هەیە.

پرسیار: باش رای ئێوە چیە لەرووی پێشکەش کردنی دەقە شیعرییەکانی شکسپیر بۆ سینەما ؟

ئایا جیاوازی دەبێت لەگەڵ ئەوەی لەسینەمادا پێشکەش دەکرێت ؟ ئایا دەکرێ پارێزگاری لە تایبەتمەندییەتی شیعری، یا مۆسیقایی دەق بکرێت ؟

یاخود پێت وایە گرنگترین شت ئەوەیە ئەکتەرەکانت پێرفۆرمانسێکی سروشتی بکەن، بینەری سینەما لێیان رازی بێت، کە رەنگە هەندێکییان ئەو ئاشنایەتیەیان لەگەڵ شانۆدا نەبێت.

**بیتەر برۆک:**

نە ئەمەو نە ئەوی تریان، ئەگەر خودی ئەکتەر هەستێکی باشی هەبێت و لەرۆح و بیرۆکەی بەرهەمەکەوە نزیک بێت، لەگەڵ هەر وشەو دیالۆگێکدا، ئەوە بێگومان ئەنجامەکەی ریتمی موزیکیی خۆی دەپارێزێت.

**بیتەر هۆڵ:**

یەکێ لەو کێشانەی پەیوەستە بەدەقەکانی شکسپیر لەسینەمادا ئەوەیە، کە شکسپیر کاتی خۆی ئەو دەقانەی بۆ ئەوە نووسیووە کە لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش بکرێن.

ئەکتەر لەسەر شانۆدا بەئارەزووی خۆی گەرم دەبێت و دەنگ هەڵدێنێ، بەپێی هەڵچوونی پێویست.

پرسی دەنگ بەشێکی گرنگی ئەزموونی شکسپیرە، بەڵام ئەم دەنگ هەڵبڕینە بۆ سینەما شتێکی ترە، بۆیە نیوەی بوارە دینامیکیەکە لای شکسپیر دەنگەکەیە .

بەڵام بەگوێرەی تایبەتمەندی موزیک لەدەق دا، پێم وایە ئەوە شتێکی جەوهەری نیە و لەسەر دەرهێنەر دەمێنێتەوە.

پێم وانیە تۆ بەشیعر یا مۆسیقا قسە بکەیت، گرنگ ئەوەیە ئەکتەر بەهەستێکی ناسک، خەیاڵێکی جوان قسە بکات، ئەگەر نەیتوانی، ئەوە بێ دەسەڵاتی ئەکتەر نیشان دەدات.

پرسیار: من وا هەست دەکەم دەتەوێ بڵێیت دەبێت پێرفۆرمانسی سینەما پێرفۆرمانسێکی راستەقینەو راستگۆیانە بێت، پێرفۆرمانسی شکسپیریش نا راستەقینەییە، ئایا ئەمە راستە؟.

**باز لوهرمان:**

ئەو خەسڵەتەیە دەقەکانی شکسپیر جیا دەکاتەوە لەوانی تر، ریتم و هەستی مۆسیقاییە.

لەراستیدا ئەکتەر زۆر شت فێر دەبێت لەوەی ئەنجامی دەداو لەوەی دەیڵێت و لەریتمیش، بۆیە من پێم وایە دەبێت تا ئەو شوێنەی لە دەسەڵات دا هەیە ئەو ریتمە بپارێزرێت.

**تریفۆر نان:**

پێم وایە کامێرا هەمیشە پێویستی بەئەکتەرێکە دوور بێت لەپێرفۆرمانسی شانۆیی، یاهەر فۆرمێکی دیکەی تایبەتی، ئەو بەر لەهەموو شتێ پێویستی بەراستگۆییە لەپێرفۆرمانسدا، کامێرا بەدەوری رووداوی راستەقینەدا دەسورێتەوە، بۆیە ئەوەی لەبەردەم کامێرا دەگوترێت دەبێت بەشێوەیەک بێت کە بینەر هەست نەکات نووسراوە.

زمانی سینەما لەو کاتەدا دەبێت زمانێکی ئاسایی بێت،

بۆیـە دەبێت زمانـی دەقەکـە بـۆ کامێـرا ڕێـک خرابێت.

دەمەوێت بینەر وا هەسـت بکات ئەوەی لەشاشـە دەگوترێت حاڵەتێکـی ڕاسـتەقینەیە، مـن بەئەکتەرەکانـم گوتـووە، کاتـێ نوانـدن دەکـەن ئەگـەر هەسـت بـەوە بکـەم ئێـوە دەتانـەوێ قسـەی نووسـەرێکی گـەورەی وەک شکسـپیر بڵێنـەوە، مـن ئـەو دیمەنـەم نـاوێ و دەبـێ سـەر لـە نـوێ بـۆم دووبـارە بکەنـەوە.

**ئۆلیفەر بارکر:**

هـەر دەقێکـی شکسـپیر دەرفەتێکـی داهێنانـە بـۆ ئەکتـەر، هەمیشـە دەق ڕوانینـی قوڵـی تیایـە، خەیاڵـی ناسـک لەکەسـایەتیەکان، دەق کەناڵێکـی وروژێنـەرە بـۆ سـۆز.

زمانی شکسـپیر لەزمانێکی ئاسـایی خەڵکی دەچێت، سینەما دەتوانـێ ئـەو زمانـە سـادەیە لەخۆی سـادەتر بکات.

لەسـینەمادا دەرهێنـەر دەتوانـێ جیهانێکـی دیکـە دروسـت بکات، کـە تێیدا کەسـایەتیەکانی ئاسـایی بن، وێڕای پاراسـتنی ڕۆح و سـتاتیکای ڕووداوو کەسـایەتیەکانی.

**ڕۆمان بۆلانسکی:**

بێگومـان تـۆ ناتوانی تەکنیکی شـانۆیی لەسـینەمادا بەکاربێنی، ئینجـا بـۆ دەقێکـی شکسـپیر بێـت یـا هـەر یەکێکـی تـر، چونکـە لەسـینەمادا هەنـدێ جـار دیالۆگـی شـانۆیی بینـەر هەراسـان دەکات.

**فرانکۆ زیفیریللی:**

بـەلای مـن گرنـگ ئەوەیـە ڕێـز لەحەساسـیەتی مۆسـیقایی بگیرێـت لـە دەق دا.

بیتـر هـۆل: وای بـۆ دەچـم جیـاوازی شکسـپیر لەشاشـەدا ئەوەیـە کـە تـۆ بتوانیـت نزیکتـر بیتـەوە، زۆرتـر ببینـی، بینـەر پێویسـتی بەشکسـپیرێک نیـە لەسـینەمادا وەک ئـەوەی شـانۆ داوای لـێ دەکات .

## ریتشارد لونکرین:

مـن رام لەگـەڵ ئەوانـە دایـە کـە دەڵێـن: ئەگـەر شکسـپیر ئەمڕۆکـە زینـدوو بوایـە، کاری بۆ سـینەماو تەلەفزیـۆن دەکـرد، ئـەو پیـاوی کات بـوو، هەرگیـز دژی کاری بازرگانـی نەبـوو لەهونـەردا، ئـەو خـۆی زۆر لەکارەکانـی لەسـەر خواسـتی بەڕێوەبـەری شـانۆ نووسـیووە، بۆیـە ئارەزووی سـەرکەوتنی بازرگانـی وای لێکـرد، پەنـا بـۆ هەمـوو فۆرمێـک بەرێـت کەبینـەر خواسـتیەتی، لەوانـە بەکارهێنانـی یـاری ئاگریـن، تـۆپ هاوێشـتن، ئامرازەکانـی فێـڵ لەگـەڵ کـردن، هـەر شـتێکی تـر کـە سـەرنجی بینـەری راکێشـابوایە، وەک ئـەو سـینەماکارە هاوچاخانـەی ئەمـڕۆ کـە هەمـوو تەکنیکێکـی پێویسـت بـەکار دێنـن بـۆ کارەکانیـان.

شـانۆگەریەکانی شکسـپیر لەبەردەسـت هەمـوو نەوەکاندایـە، ئێمـە کارمـان لەدەقـی (ریتشـاردی سـێیەم) کـردووە، هـەر دەرهێنەرێکـی تـر دەتوانـێ لەهەمـان کاتدا کار لـە هەمـان دەق دا بـکات، بـەڵام بەشـێوەیەکی جیـاواز لەبەرهەمەکـەی ئێمـە، کـە رەنگـە جوانتـرو باشـتر بێـت، ئـەو بەرهەمەکـەی خـۆی بـۆ سـەرجەم مرۆڤایەتـی نووسـیووە، زێتـر لەچوارسـەد سـاڵە لەشـانۆو سـینەمادا کاری لەسـەر دەکرێـت، لەداهاتووشـدا

نەوەکانی دوای ئێمەش کار لەسەر شکسپیر دەکەن، بێ ئەوەی سنوورێک هەبێت بۆ کۆتایی هاتنی شکسپیر.

**باز لوهرمان:**

من لەشانۆو سینەما هەردوکییان کارم کردووە، هەستم کردووە کەدەسکاری کردنی دەق پێویستی بەئاگایی هەیە، دەکرێ دەسکاری بکرێ بەقەد پێویستی و بەشێوەیەکی هاوسەنگ، لەهەردوو هونەردا.

**ڕۆمان بولانسکی:**

بێ شک سینەما توانستێکی بێ سنووری هەیە، سەردەم وای کردووە کە شکسپیر هەر تەنها لە سنووری شانۆ نەبەستریتەوە، خۆ ئەگەر شکسپیر خۆی مابوایە، ئێستا بەشێوەیەکی دیکە کارەکانی خۆی دەنووسی، وەک ئەو موزیک ژەنەی کە لەهەر سەردەمێکا بەپێی ئامێرە بەردەستەکانی سەردەم موزیک بەبەرهەم دێنێت، شکسپیر زۆر هەستیارانە لەخواستی جەماوەرەکەی خۆی تێدەگەیشت، بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ هاتبوایەو ئەو ئامادەکارییە جوانانەی بۆ سینەما دیبوایە لەشانۆگەریەکانی، ئەوە دڵنیام زۆر ئاسوودە دەبوو.

**فرانکۆ زیفریللی:**

پێویستە کامێرا لەخزمەتی دەق دابێت، هەمیشە کامێرا وشەکانی دەق بەهێزتر دەکات لە خۆیان، ئێمە لە (هاملێت) دا مۆنۆلۆژێکمان وێنە گرت، وەک دیالۆگی پیاوێک گەڵ خودی خۆیدا، یا لەگەڵ دەوروبەر یا شێوەیەکی تر بڵێین گەڵ هەموو جیهان، کامێرا بۆ بەرجەستە کردنی ئەو دیمەنە

ڕۆڵێکی کاریگەری بینی،

دەتوانم بڵێم من بەش بەحاڵی خۆم هاوبەشیەکی ئەکتیفم کردووە بۆ بەزیندووراگرتنی کولتووری شکسپیر لەڕێگەی سینەماوە، کە ببێتە جێگەی بایەخی جەماوەرێکی زۆر، ئێستاش بیر لەپرۆژەی تریش دەکەمەوە.

**ڕۆمان بۆلانسکی:**

بەڕاستی من زەحمەتیەکی زۆرم لەگەڵ فیلمی (ماکبیس) بینی، چونکە بۆتۆ زۆر سەختە بتوانیت فیلمێکی وا زەبەللاح بەرهەم بێنی، پشتگیرییەکی دارایی ئەوتۆشت لەبەر دەست دانەبێت، من بەتەمای دەرهێنانی فیلمێکی دیکەی شکسپیرم، بەڵام بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی پێشترم .

**ریتچارت لۆنکرین:**

ناوە ناوە کاری نوێ لەسینەمادا دەربارەی شاکارەکانی شکسپیر دەبینین، خۆی پیشەسازی سینەما لایەنی ماددی بە گرنگ دەزانێ، بۆیە ئەگەر ئەو فیلمانەی شکسپیر سەرکەوتن بەدەست بێنێت، وەک (ڕۆمیۆو جولێت) ئەوە هانی سینەماکارانی دیکەش دەدات بۆ دروست کردنی فیلمی شکسپیریی.

ریتشاردی سێیەم، ئەو دەسکەوتەی بەدی نەهێنا کە چاوەڕوانیمان دەکرد، بەڵام زەرەریشمان نەکرد، چونکە لەرووی هونەرییەوە هەموو دنیا لێی رازی بوو.

ئێستاش بیر لە دەرهێنانی(بازرگانی ڤینیسیا) دەکەمەوە، هیوادارم بتوانم تێیدا سەرکەوم.

## سەرچاوەکان:

١. گۆڤاری (النزوی) ی میسری (مسرحیات شکسبیر فی السینما) نوسینی ـ سمیر فرید، ژمارە ٦٦ لە ١٩٩٧/٧/١

٢. گۆڤاری (العرب) ١/مایۆ/٢٠١٤

مسرحیات شکسبیر فی السینما / نووسینی : ع.نجدی / دار الکتب ١٩٩٦ـ

٣. سایتی ئای، ئێم،دی.دی. / شکسبیر و سینەما / ٢٠١٩/٧/٢

٤. کتێبی (مسرحیات شکسبیر فی السینما) نوسینی (سمیر فرید) الموسوعە الصغیرە ـ قاهیرە ١٠٠

٥. شکسبیر کاتب سینما ـ د. سمیر فرید. تقدیم نهاد صلیحە

٥.حوار عن شکسبیر فی السینما /١٤ـ ٨/ ٢٠١٤ سایتی (عین علی السینما)

٦.شکسبیر والسینما ـ محمود الغیتانی .

٧.رجل لکل الفنون ـ یا .عصام زکریا ـ القاهرە ـ ١٩١٨

# زنجیرە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی
# وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
# بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٠٧ | گەڕان بە دوای جوانییەکان لە ڕووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا | عەتا قەرەداخی | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ٢٢٤ |
| ٩٠٨ | بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن | ملازم خدر عەبدوڵڵا دەباغ | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ٢٢٤ |
| ٩٠٩ | هەڵوێست و دەسکەوتەکان | سیروان عوسمان | وتار و دیمانەو وتەکانی سەرۆك بارزانی | ٤٠٠٠ | ٣٦٨ |
| ٩١٠ | ئەنفالی سپی لە کوردستاندا | بڕیار گابار | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ١٧٦ |
| ٩١١ | شانۆناسی | نیهاد جامی | لێکۆڵینەوە | ٣٠٠٠ | ٢٥٦ |
| ٩١٢ | لۆجیکی زمانی شیعر | د. محمد بکر | فەلسەفەی زمان | ٢٠٠٠ | ١٢٠ |
| ٩١٣ | ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا | ناڵە حەسەن | لێکۆڵینەوەی فیکری | ٤٠٠٠ | ٢٤٨ |

# زنجیرە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠٢١

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩١٤ | دونیای ئەفسانە | محەمەد سلێمان عەباس | لێکۆڵینەوە | ٣٠٠٠ | ٢٣٢ |
| ٩١٥ | فەرهەنگی فرەواتاکان لە زمانی کوردیدا | محەمەدساڵح پێندرۆیی | فەرهەنگ | ٣٠٠٠ | ١٥٢ |
| ٩١٦ | کورتە باسێك دەربارەی سایکۆلۆژیای گشتی | سەردار ئەسعەد | دەروونزانی | ٢٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٩١٧ | نامە وەك بەدواداچوونی بیروڕا | عەلی مستەفا | نامەی ئەدەبی | ٢٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٩١٨ | شکسپیر لەسینەمادا | حەیدەر عەبدولڕەحمان | سینەما | ٣٠٠٠ | ١٦٨ |